# -بەشی دووەم-

# لەگەڵ دوژمنی خۆی مرۆڤ دەبێ هەوڵی ئاشتی بدات

نووسینی

لاسە بودتز

ئازاد مەولود

من دەمەوێ بە گێڕانەوەی مەسەلەی ( ردوان بولوت) دەست پێ بکەم.

لە رۆژی ٢٧ی ئەیلول/ سێپتەمبەر ساڵی ١٩٩٦ کۆمەڵێ لە پارێزەران سەردانی زیندانی (غازی عینتاب) یان لە شاری دیاربەکری خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیا کرد، تا لە بارو زروفی مردنی ١١ بەندکراو بکۆڵنەوە کە لە رۆژی ٢٤ی ئەیلول/ سێپتەمبەری هەمان ساڵدا مردبوون. بە پێی راپۆرتی پارێزەرەکان، زیندانییەکان گوتوویانە:

(ردوان بولوت) کە نوێنەری یەکێ لە قاوشەکانی زیندان بوو، لە لایەن سەرەکی پاسەوانەکان بانگ کرا. یەکێ لە پاسەوانەکان، وێدەچوو پلەی لیفتنانتی _ ملازم _هەبێ، بە کوتکەداری بیسبۆل کەوتە لێدانی ( ردوان ) لە کاتێکدا بەندیەکانی دی ناچار کران تەماشای دیمەنەکە بکەن. پێنج دار لەم دارانە لە لێدانی ( ردوان) شکان، بەلاّم وا دیار بوو ئەو ئەفسەرە دڵی تەواو دانەکەوتبوو، بۆیە سەری ( ردوان ) ی دایە بەر شەق و پێلەقە تا لە ئەنجامدا چەند پارچەیەك لە لەشی داماڵرا. پاشتر لەبەر چاوی بەرێوەبەرەکان و بیرۆکراتەکان و فەرمانبەرە گەورەکان[1] دەستیان کردە لێدانی بەندیەکانی تر.

هاوڕێیانمان (ردوان بولوت، مەمەد ئەسلان، جەمال جام، ئیسکان ئوسال ) لەبەر چاوی ئێمە کوژران. پاسەوانەکان ئەم هاوڕێیانەیان بۆ سەرکردە عەسکەرەکان دەستنیشان کردبوو.

چوارده کەس لە ئێمە کە برینمان زۆر گران نەبوو، بە سواری جێبێك دوورخراینەوە. بەردەوام لە ناو جێبەکەش هەر لێیان دەداین. نەمان دەزانی بۆ کوێمان دەبەن، و هیچیشیان نەداینێ بیخۆینەوە. (خەیری گوموس) ی هاورێمان لە ناو جێبەکە بە زنجیر کوژرا .

[1] بۆ ئەم رستەیە لە دەقی راپۆرتەکە بە ئینگلیزی نووسراوە directors, bureaucrats and magistrates

# دوو نەتەوەکەی تورکیا

ئەو راپۆرتەی لە سەرەوە ئەم ڤیچەمان لێ وەرگرتووە، بە پیتـی وورد نووسـراوە و لە چەندەها لاپەڕە پێك هاتووە. بەڵام لەوانەیە ئەم سەربردە کورتە بۆ ئەم جارە بەس بێت.

مـرۆڤ دەتوانـێ بڵـێ هـەموو ئـەو زیندانیانـەی لەسـەرەوە ناویـان هـات، ئــەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان *PKK* بوون، بەوە تاوانبار کرابوون کە گوایە رێگای تیرۆریان گرتۆتـە بـەر لەشـەڕی دژ بـە تورکـەکان، لـە پێنـاو هێنانـەدی هـەل و مـەرجی ژیـانێکی مرۆڤانە بۆ کوردەکان.

زێتر لـە ٦٠ ملیـۆن کـەس لـە تورکیـا دەژیـن. لـەو ٦٠ ملیۆنـە لەوانەیـە زێـتر لـە ١٥ ملیۆنیان کورد بن. ئەمانە بە ئەنقەست بەسـەر هـەموو ناوچـەکانی وولآتەکـەدا پـەرت کراون. بەڵام جێگا و شوێنی سروشتی خۆیان خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیایە.

ملیۆنـەهایان شانبەشــانی تورکـەکان دەژیــن. بــەلای زۆر کەســەوە _ هەرچــەندە کوردیشن _ شتێك نیە لە ئارادا کە ناوی مەسەلەی کورد بـێ. ئـەو جـۆرە کەسـانە بـەوە رازین وەك دانیشتوانی تورکیا حسێب بکرێن، بە تایبەت لە دوای ئەو وەرچەرخانـەی ( کەمال ئەتاتۆرك ) لە ساڵی ١٩٢٣ ئەنجامیدا کە هـەموو خـەڵکی لەیـەك ریـز دانـا، ئەمـە خۆی لە خۆیدا بۆچوونێکی جوانە، لە کاتێکدا پێدرێژی تورکـەکان ئـەوەندە زۆر رۆیـی تا گەیشتە ئەو رادەیەی بە کوردەکان بڵێن:

(تورکە چیاییەکان).

بەلاّم ئەو گۆڕانکاریە مێژووییە و ئەو هەلّوێستە سیاسیەی ناو تورکیا لە سالآنی ١٩٢٠ ەوە هەرگیز لەو راستیە ناگۆڕێ کە کەمە نەتەوایەتیەکی گەورەی کورد لە تورکیا هەیە ئەو کەمە نەتەوایەتیە هەمیشە ئاواتی ئەوە بووە سەربەخۆیی خۆی و مافە کەلتوریەکانی وەك نەتەوەیەکی یەکگرتوو وەرگرێ، لەو مافانەش ئاخاوتن و نووسین بە زمانی کوردی خۆیان کە بە پێچەوانەی زمانی تورکی سەر بە خێزانی زمانە ئەوروپیەکانە.

دەستووری تورکی ئەوە رەت دەکاتەوە لە تورك بەولاوە نەتەوەیەکی تر لە تورکیا هەبێ، حکومەت و سەرۆکە یەك بە دوای یەکەکانی تورکیا لە جیاتی ئەوەی دان بە بوونی ئەو کەمە نەتەوایەتیە بێنن کە نکولّی لیّ ناکرێ، هەموو خواست و ویستێکی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی کوردیان سەرکوت کردۆتەوە، تەنانەت هێزی سوپاییشیان لیّ بەکارهێناوە. ئەمە بێگومان بۆتە هۆی سەرهەلّدانی بزووتنەوەی چەکدار کە ئەوەتا لە سالّی ١٩٨٤ ەوە بۆتە شەڕێك پڕ بە مانی ووشە.

چارەنووسی (ردوان بولوت) یەکێکە لە ئەنجامەکانی ئەو شەڕە. هەر یەکێکی وەك من ئاسا کە ناوە ناوە سەردانی ناوچەکەی کردبێ، دەتوانێ بلّێ ئەم مردنە بە هیچ شێوەیەك بە لای (ردوان) شتێکی کت و پڕ و چاوەڕوان نەکراو نەبوو. ئەو زۆر هۆشیاری ئەو مەترسیانە بوو کە لە ڕێگایدا بوون. باش دەیزانی چی چاوەڕوانی دەکا ئەگەر لە لایەن سەربازە تورکەکانەوە بگیرێ.

ژمارەی ریزەکانی ناوەوەی پێشمەرگەکانی *PKK* زێتر لە ٨٠٠٠ کەس دەبن. بەلاّم لەگەل هەندێش ئەوەندە بە هێزن دەتوانن بەشێکی زۆر لەو مەکینە عەسکەریە ٥٠٠٠٠٠ کەسیەی تورکیا خەریك بکەن، بە تایبەت لەو کاتانەی *PKK*

تەڤـەی رانـەگرتبێ. لـە راسـتیدا *PKK* هـەر لـەم سـاڵانەی دواییـدا دوو جـاران تەڤـەی راگرتـووە، کـەچی دەسـەڵاتدارانی تـورك نـە هیـچ کاردانەوەیـەکیان بەرامبـەر ئەمـە هـەبووە و نـە ئـەم هەلانەیشـیان قۆزتۆتـەوە تـاوەکو چارەسـەرێك لـە میـانی گفتوگۆ تاقی بکەنەوە. دەتوانین بڵێین کەوا بە لای کەم نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ سەربازی تورك لـە خـوارووی رۆژهـەڵاتی تورکیـا جێگـیر کـراون و هەندێکیشـیان جارجـارە رەوانـەی باکووری عیراق دەکرێن، کە *PKK* بنکەکانی خۆی لێ دامەزراندووە.

# پێنج هەرێمە کوردییەکە

وەکو لەوە پێش باسکرا، زێتر لە ١٥ ملیۆن کورد لە تورکیا هەیە، تەواوی دانیشتوانی تورکیا لە دەوروبەری ٦٠ ملیۆن کەسە. لە ئیرانیش، کوردەکان بێ بەزەییانە مامەلە دەکرین، نزیکەی _ تەنها _ ٨ ملیۆن کورد هەیە، لەویش دانیشتوانی وولاتەکە بە گشتی خۆی لە ٦٠ ملیۆن کەس دەدات.

لەو ٢٠ ملیۆن کەسەی دانیشتوانی عیراق لەوانەیە ٤ – ٥ ملیۆنیان کورد بن. دوو ملیۆنیش لەو ١٤ ملیۆنەی سوریا کوردن. لە قەفقاز ئەگەر هەموویان خرکەینەوە سەر یەك ٤٠٠٠٠٠ کوردی تر هەن، بەلام یەکجار زۆر پەرت و بلاون چونکە لە کاتی خۆیدا کوردەکان ناچاری دەرپەراندن کراون، بەر لە هەمووشیانەوە ئەو کوردانەی دەیانویست ناسنامەی خۆیان بپاریزن. هەروەها دەتوانین بلیین هەر نەبی دەوروبەری ٥٠٠٠٠ کورد لە لوبنان و ئەردەن و فەلەستین هەیە. ژمارەیەکی زۆریش چ بە ریگای هەلاتنی سەیر سەیر و چ بە ریگای یاسایی گەیشتوونەتە ئەوروپا.

ئەلمانەکان نزیکەی نیو ملیۆن کوردیان لایە. فەرەنسا و هۆلەندا هەریەکەی ٥٠٠٠٠ یان لییە.

نزیکەی ٢٠٠٠٠ کورد لە هەریەکی لە ولاتانی ئینگلتەرا و سوید و نەمسا و ئەمەریکا هەن. نزیکەی ١٠٠٠٠ لە هەریەکی لە ئوسترالیا و کەنەدا هەیە. بەلجیکا و دانمارك هەریەکەیان نزیکەی ١٢٠٠٠ کوردیان لییە. هەندێ کەس لە کوردەکانی دانمارك رایان وایە ژمارەکەیان لەمە پترە. هەروەها کورد لە نزیکەی زۆربەی وولاتانی تری

ئەورووپاش هەن. بەلأم ئەوەی بە تایبەت لەم بارەیەوە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نزیکەی ٨٥- ٩٠٪ لەو ژمارانەی لەوەپێش باسکران کوردی تورکیان.

کاتێك کە سەربوردە بێ کۆتاییەکانی هەر یەکێك لەم خێزانانە دەگێڕینەوە کە لێك ترازاون و هەرگیز جارێکی تر دەرفەتی ئەوەیان نیە یەکدیگر ببنەوە، بۆمان دەردەکەوێ کەوا چۆن هەموویان بێ هەلأوێرد هەر یەکەو چیرۆکی دراماتیکی - هەندێ جاریش - خوێناوی خۆیان هەیە. هۆی ئەمەش ئەوەیە ئەو کەسانە وەکو ئەندامێکی نەتەوەی راستەقینە و ئینکار نەکراوی خۆیان ناژمێردرێن لە لایەن ئەو وولأتانەی پەنایان بۆ دەبەن، بەڵکو دەخرێنە لیستەی مهاجیرەکانی ئەو وولأتەی لێیەوە هاتوون. بۆ نموونە کوردێك کە لە تورکیاوە هەلأتووە _ عادەتەن لەبەر هۆی بەجێ _ وەکو تورکێك ناونووس دەکرێ نەك وەکو کوردێك. ئەو کوردانەی لە ئێرانەوە دێن وەك ئێرانی دادەنرێن نەك وەك کورد....ئیتر بەم جۆرە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەو ژمارانەی لەسەرەوە باسمان کردن. سەد لە سەد راست نین.

ئەگەر وای دانێین ئەو ناوچانەی بە شێوەیەکی سەرەکی کوردیان لێ دەژی _ ئەو ناوچانەی لە وولأتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و قەفقاز کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن _ وەکو یەك دەولەتی گەورەی کوردی گردبکرێنەوە، ئەوا جوگرافیای هەرە گرنگترین ناوچەی رۆژهەلأتی ناوەڕاست بە تەواوی دەگۆڕێ. سنوورە سیاسی و ستراتیژیەکان لە رەگەوە دەگۆڕێن، مەسەلەی رێگای گەیشتنە سەرچاوە فراوانەکانی پیترۆل پڕ بە مانای راستی ووشە دەکەونە بەر مەترسی تەڤینەوە.

ئەمەیە هۆی راستەقینەی ئەوەی کە ( ردوان) ی هاورێمان هەتا تەواو بوو بە کوتکەداری بیسبۆل لێیدرا.

# خەون و ئاواتی کوردەکان

ئەگەر لە روانگەیەکی سیاسی فراوانترەوە سەیر بکەین، دەبینین لیرەدا مەبەست ئەوەیە کوردەکان هەر بە لیکترازاوی بمیننەوە و ریگا نەدری یەکدیگر بن. هەر بۆیەشە ئەمرۆ کوردەکان مافی بریاری سەربەخۆیان نیە. هەر بۆیەشە وادەکەن ئاستی گوزەرانیان هەر بە نزمی بمینیتەوە. هەر بۆیەشە کوردەکان هەلدین و مل لەبەر ریگای دوور و دریژ دەنین، یاخود وەکو ریبواریکی کویر بزر دەبن تا لە پریک بۆ نموونە لە ناوەندی دەریای رۆژهەلات[٢] سەر هەلدەدەن. هەر بۆیەشە بە دووری مەزانە سەوزەفرۆشەکەی سەر سوچی شەقامەکە کورد بی.

ئنجا ئەم کوردانە سەرەرای ئەم هەموو دەردەسەری و مالویرانیە، زۆر بە لوتف و خزمدۆستن، چونکە هەردەم لەوە دەترسن دەست بە رویانەوە بنری و قبول نەکرین. بۆیە دەبینی کاری خۆیان زۆر لە پیویست پوختەتر ئەنجام دەدەن.

(ردوان) دەیزانی پەنابەری هەیە. بەلام ئەو ریگای پەنابەری نەگرتەبەر، چونکە وەکو زۆران کوردی تر گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە دەبی هەندیك لە ناو وولات بمیننەوە و لە پیناوی ئازادی خەبات بکەن، کە بە بروای تەواویان، تاکە ریگای نەتەوەی کوردە بۆ گەیشتنە سەربەخۆیی.

---

[٢] دەریای بەلتیك کە دەکەویتە رۆژهەلاتی دانمارك.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە کە *PKK* بە دەسەلاّتترین بەشە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی، بەلاّم ژمارەیەکی زۆریش کۆمەڵی جۆراوجۆر هەیە، لەگەڵ چەندەها بزووتنەوەی سیاسی کە هەوڵیان داوە وەك پارتی سیاسی بە شێوەیەکی یاسایی کاربکەن، لە پێناو هەمان ئەو ئامانجانەی *PKK* کاریان بۆ دەکا، بەلاّم ئەوان رێگای تر دەگرنە بەر، وەکو گفتوگۆ یاخود پێشنیاری گفتوگۆ و چوونە ناو پارتە سیاسیە تورکیەکان و ..هتد.

کوردی واش هەنە، کە بێ ئەوەی بیری سەربەخۆیی کوردیان هەبێ، لە نێو کۆمەڵگای تورکیدا گەیشتوونەتە پلەو پایەی زۆر بەرز. ئەم جۆرە کەسانە حەز ناکەن بە هیچ شێوەیەك مەسەلەی کورد بخەنە روو. باشترین نموونەش (حیکمەت چەتین) ە کە بوو بە وەزیری دەرەوە، لە دوای ئەوەی وازی لە (بلّند ئەجەوید) ی سەرەك وەزیرانی پێشوو[٣] هێنا.

(ئەجەوید) بەرپرسیاری شالاّوەکەی تورکیا بوو بۆ سەر قوبرس، وەك سۆسیالدیموکراتێکی بێخەوش و دڵسۆز ناسراوە، بۆ ماوەی چەندەها ساڵ دۆستی سۆسیالدیموکراتی دانمارك بووە.

من لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا وام بۆ رەخسا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە کوردەکان قسەو گفتوگۆ بکەم _ سەرەك حیزبەکان یاخود سکرتێرە گشتیەکان. بەلاّم تەنانەت یەك تاقە جاریشم لە هیچیەکیان نەبیست کە پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بکەن، نەك هەر لە تورکیا بەڵکو لە عێراقیش کە کوردەکان تیایدا لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو دەسەلاّتیان بەسەر گۆڕانکاریەکاندا شکا، هەرچەندە ئەنجامەکەیشی زۆر خراپ کەوتەوە.

هەر هەموویان باسی حوکمی زاتی و دامەزراندنی فیدرالی و ئۆتۆنۆمییان دەکرد. بەلاّم هەرگیز باسی سەربەخۆییان نەدەکرد.

---

[٣]( بلند ئەجەوید) لە دوای نووسینی ئەم کتێبە جارێکی تر بۆتەوە سەرەك وەزیرانی تورکیا.

ئەوان دەزانن مەسەلەکە زۆر پر مەترسیە. بەڵام بە شیوەیەکی تایبەتی تر -کە گرنگە- دەزانن مەسەلەکە زۆر نا واقیعیە. میژووش تاقیکردنەوەی تالی هەبووە لەگەڵ ئەم نەتەوە تەمەن ٤٠٠٠ سالە. هەر یەکسەر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان کە یارمەتی کوردەکان بدەن، لە پیناو دامەزراندنی شیوەیەك لە حوکمی زاتی، لە هەریمی سنوورەکانی نیوان تورکیا و سوریا و عیراق. بەلام گۆرانکاریەکانی سیاسەتی دەرەوە و دەسکردن بە هەلوەشاندنەوەی تەواوی ئیمپراتۆریای ئیسلامی عوسمانی بوونە کۆسپ لە ریگای جیبەجیکردنی ئەم پرۆژەیە.

(ئەتاتورك) کە لە سالی ١٨٨١ لە دایك بووە و لە سالی ١٩٣٨ مردووە، ناوی راستی (مستەفا کەمال پاشا) یە، بەلام لە سالی ١٩٣٤ ناوی لە خۆی نا (ئەتاتورك) کە بە مانای (باوکی تورکان) دیت.

بە رای خۆی ئەو شایانی ئەم ناوە پر شکۆمەندیەیە، چونکە لە سالی ١٩٠٨ بەشداری شۆرشی تورکیای _ لاوی کردووە و لە سالی ١٩١٣ بەشداری جەنگی بەلقانی کردووە و لە سالی ١٩١٩ هاوبەشی راپەرینی نیشتمانی تورکیای کردووە کە لە دواییدا پەرەی سەند و بوو بە جەنگی ئازادی دژ بە یۆنانیەکان.

بەرای میژوونوسەکان (ئەتاتورك) بەتەواوی لەگەل سولتانیەتی عوسمانی بریەوە.

لە سالی ١٩٢٠بەرزترین دەسەلاتی سیاسی و سەربازی پیدرا، لە لایەن ئەو کۆمەلە نیشتمانیەی[٤] لە ئەنقەرە دامەزرابوو. بە واتایەکی تر و بە زمانی ئەمرۆمان بە کورت و کرمانجی بوو بە دیکتاتۆر. ئەمە باریکی ئەوتۆی بۆ خولقاند کە تیایا بتوانی یۆنانیەکان راو بنی.

هەروەها توانی سولتان لە دەسەلات بخاتو لە سالی ١٩٢٣ بانگەشەی کۆماری بکات.

---

[٤] مەبەست پەرلەمانە.

بە ئاشکرا بڕیاریدا کەوا ئامانجی ئەوەیە تورکیا بگۆڕێت و بیکاتە وولاتێکی مۆدێرنی رۆژاوایی ئەوتۆ کە کەمە نەتەوایەتیەکی بچووکی تێدابێت. ئیتر کوردەکانی ئەم وولاتە بە تورك ژمێردران.

(تورکە چیاییەکان) وەکو لەوە پێشیش باسمان کرد، زاراوەیەك بوو زۆر بەکار دەهات.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کەوا کوردەکان وەکو گیروگرفتێك یاخود وەکو کێشەیەك تا رادەیەك لەبیرکران، هەروەك هەندێك لە مێژوونووسان بۆی دەچن. هەندێکی دی رایان وایە کەوا کوردەکان لەبەر ژمارەیەك لە هۆی سیاسی دیار پشت گوێ خران.

(ئەتاتورك) بەردەوام حوکمێکی توند و تیژی لە کۆماری تورکیادا دەگێڕا.

لەو کاتەی کۆنفرانسی ئاشتی لە شاری *Lausanne* (لۆزان) ی سویسرا لە ساڵی ۱۹۲۳ خەریك بوو بەڵگەنامە رەسمیەکانی خۆی دادەڕێشت، کوردەکان لە راستیدا لەم دارشتن و بڕیارانە بەدوورگیران.

لە کۆنفرانسی *Sevres* (سیڤەر) لە ساڵی ۱۹۲۰ نیمچە پەیمانێکی وا درابوو کە دەوڵەتێك لە گۆشەی رۆژهەڵاتی خوارووی تورکیا دابمەزرێ.

بەلای پیاوێکی وەك (ردوان بولوت)ی هاوڕێی لە سێدارە دراومان، ئەمە نیشانەیەك یاخود دووپاتکردنەوەیەك بوو کە کوردەکان بۆیان نەکرا ئازادی یان مافی سەربەخۆیی خۆیان وەرگرن.

ئەو زۆر لەوە گەنجتر بوو تا بتوانێ بە چاوی خۆی ئەم ئەنجامە نارٍاستەوخۆیانە ببینێ، بەلام زوو گەیشتە ئەو تەمەنەی ئەوە تێبگا کە دەوڵەتی (تورکەکان) لەوە خۆش نابن ئەو بە زمانی خۆی قسە بکا، یاخود هەڵبەستی گۆرانی و کتێبەکانی خۆی بە کوردی بنووسێ. یان بە گشتی ئەگەر بیەوێ ناسنامەی خۆی بسەلمێنێ.

هەروەها ئەو بە چاوی خۆی ئەوەی بینی چۆن هاووڵاتیەکانی کە وەکو تورکەکان لە هەمان وولات دەژین، زوو زوو دەکەونە بەندیخانە و پۆلیسخانەکان و لەژێر خاك

سەر دەنینەوە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی خۆیان بە کورد دادەنین. پیویستە ئەوەش بلیین تورکەکان ئەمرۆ نکولی لەوە ناکەن، کەوا مەسەلەکان ئیتر بەم جۆرەیان لیهاتووە و هەر بەم جۆرەش بەردەوام دەبن.

بەلام بەشیکی زۆری تورکەکان هەبوون درکیان بە کیشەکە نەدەکرد، کە هەستیشیان پی دەکرد، یان ئەوەتا خۆیان لی گیل دەکرد، یاخود پییان وابوو کە ئەوەی لە ئارادایە شتیکی راست و رەوایە و لە پیشتریش هەروا بووە.

ئایا ئەوە نەبوو (ئەتاتورك) کە باوکی تورکانە، بە یاسا و دەستوورەکانی هەموو کەسی یەکسان کرد؟ ئایا لە هەمان بۆنە نەبوو کە کوردەکان خرانە ژیر هەمان ئەو هەل و مەرجانەی بۆ تورکەکان دانراون؟

بەلام گیروگرفتەکە لەوەدا بوو کە بەشی زۆری کوردەکان هەستیان بەخۆیان نەدەکرد کە تورکن یان ئیرانین یان عیراقین یاخود سورین.

لە دوای کۆنفرانسی *Lausanne* پەیوەندی نیوان دەسەلات لە سوریا (سوریەکان) و کوردەکان تا رادەیەك گۆرانکاری بەخۆوە بینی، بەلام لە سالانی ١٩٦٠ ەکان پیکدادانی زۆر خویناوی روویدا. لە سالانی ١٩٧٠ کان مەسەلەکە دیسانەوە گۆرا، بەلام هەندی لە شارەزایان وای بۆ دەچن ئەمە تاکتیکیك بوو لە پیناو بەرژەوەندی حکومەتی سوریا و حیزبی بەعس. هەندیك لە کوردەکان زەوی و زاری خۆیان وەرگرتەوە، یەکیك لە هۆیەکانی ئەمەش ئەوە بوو، تاوەکو چەندەها گیروگرفتی کۆمەلایەتی لە کۆلی دەولەت بکریتەوە.

سوریا ماوەیەکی دوور و دریژە ریگای دامەزراندنی حیزبی کوردی نادا. رۆژنامەگەری کوردی قەدەغەیە. بەلام لەگەل هەندیش قەدەغە نەبووە *PKK* لە شەری دژ بە تورکیایدا، سوریا بکاتە بنکەیەك. دەلین گوایە بارەگای مەدەنی *PKK* چەند سالە لە دیمەشقە. جگە لە هەندیش دوور نیە ئەوە راست بی کە زۆر لە پیشمەرگەکانی *PKK* لە سوریا مەشقیان پی دەکری.

ئەم هەلویستە دەگەریتەوە بۆ چەند هۆیەکی سیاسی کـە سـەرۆکی سـوریا (حـافظ الاسـد)[5] لییـان بـەر پرسـیارە . "الاسـد" لـە ریگـای هاریکـاری کوردەکـان بـە سـنووریکی دیاریکراو، دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئـەم دانیشـتوانە بیگانانـەی نـاو وولاتەکـەی مسۆگەر دەکـات. بۆیـە "عـەبدوڵا ئۆجـەلان" سـەرۆکی *PKK* ریگـای پیـدراوە، خانووبـەرە و نووسینگە و جبەخانەکانی لە ناو سنووری سوریا دامەزرینێ.

لە هەمان کاتدا ئەم هاریکاریە هەولیکە بۆ پیشـاندان و خستنەرووی سـوریا وەك هـیزیکی سیاسـی پیشـەنگ لـە رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا، بـەلام بیگومـان زۆر لـە دەسەلاتدارەکانی تری ناوچەکە تەواو پیچەوانەی ئەم بۆچوونانە.

بـە یارمـەتیدانی کوردەکـان (الاسـد) هـەندی کـارتی بەدەسـتەوەیە، کـە دەتوانـی بەرامبـەر دراوسـیکانی وەك تورکیـا و عـیراق و ئـیران یاریـان پیبکـا، کـە کیشـەی کـورد تیایاندا تا رادەیەك شیوەیەکی تری هەیە.

ئـەو دەتوانـی _ ئەگـەر بیـەوی _ نەیـەلی ئـەوان بـە هەلویسـتی سـوریا بزانـن، لـە بارودۆخیکی ئەوتۆدا کە بۆی هەیـە کوردەکـان لـە یـەکی لـەو وولاتانـە بـە زەبـری هـیز بتوانـن مـافی سـەربەخۆیی بەدەسـت بینـن، یـاخود هەرنـەبی تـاقی کەنـەوە، کـە تـا ئەمرۆش ریگایان پینادری.

لـە ئـیران کوردەکـان وەك هـیزی سیاسـی لـەژیر چەوسـانەوەدان، بـەلام لەگـەل هەندیش چالاکیەکی سیاسی زۆر زیندوو هەیە لەو ناوچانـەی ئـیران کـە سـنووریان بـە تایبەتی لەگەل باکووری عیراق هەیە، کە ئیستا بە شیوەیەکی رەسمـی لـەژیر دەسـەلاتی کوردەکانە.

ئەمەش لە ئەنجامی جەنگی دووەمی کـەنداو هاتـە کایـەوە، تیـایدا ئەمەریکیـەکان دووبـارە دەسـەلاتی سیاسـی و عەسـکەریان بـۆ کویـت و عەرەبسـتانی سـعودی گیرایـەوە،

---

[5] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبەدا هیشتا لە ژیان مابوو، تا مردیش هەر سەرۆکی سوریا بوو.

بـەلام هـەولی ئـەوەیان نــەدا (صــدام حســین) ی دیکتــاتۆری عــیراق بروخینــن. وەکـو زۆربـەمان لەبیرمانـە، وازیـان لـەوە هینـا لەشـکری نیودەولـەتی وولاتــە هاوپەیمانــەکان بەرەو بەغدا هەلکشی و (صدام حسین) بگرن یاخود لەسەر تەخت دایگرن.

بەلام مافی سەربەخۆییەکی کاتی لە باکووری عیراق درایە کوردەکان، کە دیارە بـە هەندی ئەنجامی سەخت و پر مەترسی گەیشت.

# نموونەی عیراق

مرۆڤ دەتوانی بلی کوردەکانی عیراق لە سالانی ۱۹٦۰ ەکان و ۱۹۷۰ کان شیوە حوکمی زاتیەکی سنوورداریان وەرگرت. بەلام لەگەل گۆرانکاریەکانی جەنگی یەکەمی کەنداو لە سالانی ۱۹۸۰ – ۱۹۸۸ لە نیوان عیراق و ئیران بە هەزاران کورد لە ناوچەکانی سەر سنووری ئیران راگویزران. هەر بەم بۆنەوەش بوو (صدام حسین) چەکی کیمیاوی دژ بە کوردەکان بەکار هینا، بە تایبەتیش دژ بەوانەی بەوە تاوانبار کران کە گوایە هاریکاریان دەگەل ئیرانیەکان کردووە، بەو نیازەی ئەوانیش دەستیکیان هەبی لە رووخاندنی رژیم لە بەغدا.

لە سالی ۱۹۹۱ و لەدوای جەنگی دووەمی کەنداو، کوردەکان ویستیان شۆرشیکی راستەقینە لە دژی (صدام حسین) و دەسەلاتە دیکتاتۆریەکەی بەرپا بکەن. ئەمە بووە هۆی شەر و پیکدادانیکی خویناوی زۆر، هەمدیس هەزاران کورد کوژران. .کۆمەلانیکی یەکجار زۆری کوردەکان، کە تا ئەمرۆش بەراستی و بە دلنیایی نازانری ژمارەی راستیان چەند بوو، بەرەو تورکیا و _هەندیکیان بەرەو ئیران _ رایان کرد.

لە تەلەفزیۆن بینیمان لەژیر چ هەل و مەرجیکی سەختدا بوون. سەرمایەکی ئەوتۆ بوو کەس بەرگەی نەدەگرت و چەندەها کەس لە ریگادا مردن. ئەم گۆرانکاریە

بوو وایکرد ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا مۆلەت لە *UN* وەرگرن و بە هێزی سوپا بچنە ناو باکووری عیراق و یارمەتی کوردەکان بدەن*.

بەلام ئەم دەستپێشخەریە لە لایەن زلهێزە رۆژاواییەکان لەبەر ئەوە نەبوو کە ویژدانیان بزفت و هەستیان بە گوناح کرد سەبارەت بە تاوانەکانی پێشوویان و یارمەتی نەدانی نەتەوەی کورد لە کاتی خۆیدا، بەلکو بە پێچەوانەوە لە ترسی ئەوەبوو نەبادا ئەو دەسەلات دابەشکردنەی رۆژهەلاتی ناوەراست بکەویتە مەترسی گۆران، کە هەمیشە مەسەلەی بوونی پترۆل _ چ لە مەیدانەکانی جەنگ و چ لە ژوورەکانی ووتوویژ _ گرنگە و لەبەر چاو دەگیری.

لە دوای ئەوەی هێزە رۆژاواییەکان تا رادەیەك گۆرانکاریە عەسکەریەکانیان راگرت، قەدەغەیان خستە سەر فرینی فرۆکە جەنگیەکانی عیراق لە ناوچەی باکووری عیراق کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن.

ئەم قەدەغەکردنە لە لایەن فرۆکەکانی ئەو سی هێزە رۆژاواییەی ناومان بردن چاودێری دەکریت، کە رۆژانە چاویان لە بزووتنەوەکانی سەر زەویە.

ئەمانە بنکەی فرۆکەکانیان لە تورکیا دامەزراند، لە سەرەتادا بە دەست ماچکردنەوە قبولی بوو، چونکە پیی وابوو کەوا ئەم جۆرە چالاکیانە هەموو شیوەیەکی کۆچ و رەوکردنی شەرعی و ناشەرعی کوردەکان بۆ ناو تورکیا رادەگری، کە لەو کاتەدا بەلای ئەوانەوە زۆر بوو.

---

*ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا لە ژیر بریاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بریاریاندا ناوچەیەکی ئارام بۆ کورد دروست بکریت و لە دەست هەرەشەی سەدام حسەین بپاریزرین، ئەم سێ ولاتە بنکەیان لە ئەنچەرلیکی تورکیا دامەزراند، بەلام بی ئەوەی هیچ یەك لەم ولاتانە سوپا و هێزی سەربازیان بهێننە ناو خاکی عیراقەوە وەك نووسەر دەلیت. —سەردەم—

# کوردستانی عیراق

**لە باکووری عیراق کوردەکان، هەروەکو مافیکی ڕەوای خۆیانە، یەکسەر (کوردستان) یان ناودیر کرد. ناوی کوردستانیان لەسەر تەختەی گەورە نووسی و لە سەر سنووری هەموو وولاتە دراوسیکان دایاننا.**

**دوو تیرە لە باکووری عیراق هەبوونە[٦][*]، کە بەر لەوەی ناتەبا بن و لە دوای ئەوەی ناتەباییان کەوتۆتە نیوان و تەنانەت دوای ئەوەی ناتەبایییەکانیش براونەتەوە، هەر ئەو دوو لایەنە دەسەلاتی تەواویان بەسەر وینە و نەخشەی سیاسی ئەو ناوچەیەدا هەبووە.**

**سەرەتای دەست بەکارکردنی ئەمانە دەگەڕیتەوە بۆ دوادوایی سالانی ١٩٤٠.**

**یەکیك لەو گروپانە ناوی خۆی ناوە (یەکیتی نیشتمانی کوردستان) *PUK*، ئەوی تریان (پارتی دیموکراتی کوردستان) *KDP*. سەرۆکە زیرەك و شارەزاکانی ئەو دوو تیرەیە، کە هەلگیردرانەوە و کران بە دوو پارتی سیاسی یەکیکیان جەلال تالەبانی**

---

[٦] لیرەدا باسکردنی ڕاستی و ناڕاستی مەسەلەی ئەو دوو تیرەیە زۆر سەرنج هەلدەگری و مایەی گفتوگۆیە.

* چونکە ئەو دوو عەشیرەتە –نەك تیرە وەك نووسەر دەلیت– (تالەبانی و بارزانی) وەك عەشیرەت نەبوونەتە نوینەری کوردایەتی، بەلکوو لەبەر ئەوە ناویان دیت کە کەسانی سەر بەو دوو عەشیرەتە پیشەوایەتی بزوتنەوەیەکی کوردایەتیان کردووە کە پاشان .P..U.K و .K.D.P یان لێ کەوتۆتەوە. ڕووە دیارەکانی ئەو کەسانەیش "مەلا مستەفای بارزانی و جەلال تالەبانی"ین. کە .K..D.P سالی ١٩٤٦ و P.U.K سالی ١٩٧٦ دامەزراون. –*سەردەم*–

*PUK*، ئـەوی تریـان مەسـعود بـارزانی *PDK*ە. مەسـعود بـارزانی لــە دوای بــاوکیەوە سەرکردایەتی گرتە دەس.

ئەمانـە هـەردووکیان بـە خـۆو بـە جـەنگاوەرە دلسـۆز و نەبـەرد و ئازاکانیانــەوە شارەزاییەکی زۆریان هەیە لە بەریوەبردنی شەر لەناوچە شاخاویەکان. لە هەمان کـاتدا شـارەزایی سیاسیشـیان تـا رادەیـەك وەکو یەکە و لـە ئاسـتیکی نزیـك بـە یـەك پــەرەی سەندووە.

مرۆڤ زۆر بە هەلە ناچی ئەگەر بلی، سەرەرای دوژمنـی هاوبـەش لـەو وولاتانـەی کوردیـان لی دەژی، کـەچی ئـەم دووانـە هەمیشە ئارەزوویـان کـردووە بـەردەوام یـەکتر دەسخەرۆ بکەن.

چونکـە بـەلای هەریـەکیك لـەم دووانـەوە وایـە، کـە بەتەنـها دەبـی ئـەو دەسـەلاتی بەسەر هەموو باکووری عیراقدا هەبی.

بیگومـان تالـەبانی و بـارزانی هــەردووکیان دوا ئامــانج و ئاواتیــان کوردســتانیکی مەزن و ئازادە، کە هەموو ئەو هەریم و ناوچانەی ئەو پینج وولاتە دەگریتەوە کـە زۆر لە کوردەکان پیی دەلین کوردستان.

بـەلام لـە سـالی ۱۹۹۱ بەشیوەیەکی رەسمـی تـەواو داخوازیەکـەی خۆیـان گـۆری بــۆ حوکمـی زاتیـەکی راسـتەقینە بـۆ گشت ناوچـە کوردیـەکان. ئەمـە یەکسـەر بـووە هــۆی ئەوەی هەلویستی هاریکاری لەگەل تورکیادا باش بیت، بە کردەوەش ببیتە هۆی ئــەوەی سنوورەکان لەبەردەم ئوتومبیلە بارهەلگرەکان بکرینەوە کە کەلوپـەلیان بـۆ کوردسـتان دینا و بە ناو کوردستاندا رەت دەبوون تا دەگەیشتنە بەغدا. ئەمە لـەو کاتـە تەنگانـە و ناخۆشەدا داهاتیکی ئەستووری بۆ کوردەکان دابـین کـرد، چونکـە کەوتونەتـە شـوینیکی ئەوتۆ، گشت هاتوچۆیەکی سـەر سـنوور دەبوایـە بـەلای ئـەواندا تیپـەر بیـت، ئـەوانیش گومرگیان دەسەند.

به تایبەتیش *KDP* دەستی بەسەر سندوقەکەدا گرتبـوو. هـەر ئـەوەش بـوو دواتـر بووە هۆی شەری راستەوخۆ لە نیوان ئەم دوو پارتە کوردیەدا.

لە مانگی ئایار/ مای سالی ۱۹۹۲ کوردەکان هەلبژاردنیکیان لە کوردستان کرد، کە تا رادەیـەك شـیوەیەکی دیموکراتیانـەی هـەبوو، بیجگـە لـەو دوو لایەنـەی پیشـتر نـاومـان بردن، هەندی حیزبی تریش بەشداریان کرد. بـەلام *KDP* و *PUK* ٪۹٦ ی دەنگـەکانیان بردەوە، بۆیە هەلسان پەرلەمان و دەسەلاتیان لـە نیـوان خۆیـاندا دابـەش کـرد، پیـاویك بوو بە سەرۆکی پەرلەمان زمانی سویدی دەزانی، چونکە کاتی خۆی لە سوید کریکاری پۆست بووە.

شانده *NGO* دانمارکیه بچووکەکە کە من شەرەفی سەرۆکایەتیم هەبوو، سالی ۱۹۹۳ لە کوردستان سەردانی بارزانی و تالەبانی کرد. کاروباری پەرلەمان لە هەردوو لایـەنی سیاسـی و تـەکنیکی خـراپ بـەریوە دەچـوو، هاریکـاری نیـوان هـەردوو گروپـە گەورەکـە ئاشکرا دیار بوو رووی لە کیشەیەکی ترسناك بوو، و سەرنجامیشی بـووە شـەری نـاوخۆ، لـە سـەرەتادا بـە شـەریك دەسـتی پیکـرد لەسـەر چـەند پارچـە زەویـەکی بچـووك هـەتا مەسەلە گەیشتە سەر پارەی گومرگەکە.

بارزانی سەرۆکی *KDP* لە باریکی ئەوتۆدا بوو، رووی یارمـەتی لـە (صدام حسـین) نا و *PUK* لە ئیران و *PKK* نزیـك کەوتـەوە، کـە تـا ئـەم کاتـە بـە رەسمـی خـۆی تیکـەل نەکردبوو.

ئیمـە هـەندی گروپـی سیاسـی و مرۆڤایـەتی گـەورەتر چـەندین جـار هـەولماندا نیوانی بکەین. ئەوەی راستی بیت ئیمە کۆششیکی یەکجار زۆرمان کرد تاوەکو ئـەو دوو پارتـە کوردیـە و _ هـەندی گروپـی سیاسـی تریـش _ تیبگەیـەنین، کـە ئەگـەر ئـەو دوو حیزبـە گەورەیـە ئاشـتی نـەپاریزن، ئـەوا لـە توانـادا نیـە هیـچ یارمەتیـەکی سیاسـی راستەقینە و بە تایبەتیش یارمـەتی مرۆڤایـەتی لـە بـاکوری عـیراق جیبـەجی بکریـت. بارزانی بە شیوەیەکی رەسمـی بـەلینی ئـەوەی پیدایـن کـە لـە پینـاو هـەل و مـەرجیکی

سەقامگیر و ئاشتیانە تیبکۆشی. تالەبانیش، لە بارەگاکەی خۆی پیشوازی لیکردین، کە لەسەر شیوەی بنکەیەکی عەسکەری مۆدیرن بە رادار و شوورەی تەلی کارەبایی و چەندین پلەو پایەی عەسکەری چەکدار کرابوو، گفتیکی لە هەمان شیوەی داینی.

بەلام لەگەل هەندیش ئەو شەر و پیکدادانەی تا ئەو کاتە کەموزۆر لە ژیر کۆنترۆل بوو راگیرابوو، زۆر خیرا وەرچەرخا و بوو بە شەریکی راستەقینە.

لەو کاتەی ئیمە لە باکوری عیراق دەگەراین و دەسوراینەوە، لە ژیر چاوەدیری و پاریزگاریەکی سەربازی زۆر توند و سەرسورهینەر بووین، کە دەتوانم بلیم زیتر نارەحەتی دەکردین لەوەی ئارامیمان پی ببەخشی. سیاسەتمەدارە خۆجیییەکان کە لە شوینیکەوە بۆ شوینیکی تر دەگەلمان دەکەوتن، هەموو دەمانچەیان لەبەر پشتی بوو.

بارەکە بە شیوەیەکی گشتی لەو پەری ئالۆزیدا بوو. خۆ وەنەبوو هەر *KDP* و *PUK* لە دژی یەکدی شەریان دەکرد، بەلکو *PKK* و حکومەتی تورکیش دەستیان لە ناحەزایەتیەکە وەردابوو، بەو رادەیەی هەریەکە بەرژەوەندی خۆی تیدا دەدیت. ئەوەبوو دوایی بەدەرکەوت کەوا *CIA* بەلای کەم پینج تا شەش هەزار کوردی کردبوو بە پیاوی خۆی بۆ ئەوەی بتوانی چاوی لە گۆرانکاریەکان بیت. لە دوادوایی سالی ۱۹۹٦ لە پیناو پاریزگاریکردنیان، ئەو پیاوانەی *CIA* گوازرانەوە بۆ تورکیا. بەلام هۆی راستەقینە ئەوەبوو کەوا بارزانی لە دژی *PUK* داوای یارمەتی کرد، ئیتر سەربازەکانی (صدام حسین) بە پیر ئەو داوایەوە هاتن و هیزەکانی بەغدا جاریکی تر هاتنەوە ناو باکوری عیراق، کە تا ئەو کاتە لییان قەدەغە کرابوو.

بە نیودەولەتیکردنی ئەم شەرەی ناوخۆ _ کە هەرچەندە تا ئەو کاتە سەرنجیکی زۆری نیودەولەتی رانەکیشابوو _ بەلای واشنتۆنەوە بە قەیرانیك دەژمیردرا کە لەوانەبوو هەرەشە بیت لەسەر ولاتیکی ئەندامی ناتۆ *NATO* کە تورکیایە. بۆیە حکومەتی ئەمەریکا بریاریدا _ لەتەك ئەوەی بە راشکاوی رەخنەی لە تورکیا دەگرت لەمەر پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ _ جۆرەها شیوەی یارمەتی سەربازی بداتە تورکیا.

سنووری نیوان عیراق و تورکیا ٣٣٠ کیلۆمەتر دریژە، لەبەر ئەوەی ناوچەکە شاخاویە کۆنترۆلکردنی کاریکی زۆر سەختە. لە راستیدا کورد نەبیّ کەسی تر ناتوانیّ لەم ناوچەیەدا ریی خۆی بدۆزیتەوە. کوردەکان لە ماوەی چەندەها سالدا توانای خۆ حەشاردانیان لە نیو شاخەکاندا یەکجار زۆر پەرەی سەندووە، هەروەها زۆر سەرکەوتوانە دەتوانن ئەم ناوچە شاخاویانە بەکار بینن بۆ هیرش بردنە سەر هیزە عیراقیەکان و تورکەکان.

کە تورکەکان دەستیان لە شەروشۆر و ناتەباییەکە وەردا، لە ئەنجامی ئەوەی *PKK* وەکو بزووتنەوەی پیشمەرگایەتی و وەکو حیزبیکی سیاسیش پەریەوە بۆ ئەو دیوی سنوورەکان، حکومەتی ئەمەریکا یارمەتی پراکتیکی خستە روو.

بەر لە هەموو شتیك ئەمەریکیەکان دەیانویست یارمەتی تەکنیکی دژ بە *PKK* بدەن بە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئاسایشی تورکی بە دریژایی سنوورەکان بە پانایی ٢٠ کیلۆمەتر.

ئەمەش شتیك نەبوو بە دزی یاخود بە نهینی بیت. بە پیچەوانەوە، لە ١ ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٥ *Lynn Davis* ی یارمەتیدەری جیگری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری کۆنترۆلکردنی چەك و سیاسەتی ئاسایشی نیونەتەوەیی _ کە ئافرەتیکی زۆر بە دەسەلات و متمانەی پی دەکەن _ رایگەیاند هەر لەو کاتدا یەکسەر یارمەتی بۆ تورکیای ئەندامی *NATO* دەخریتەکار. نزیکترین کاربەدەستی سەرۆکی ئەرکانی سوپا ژەنەرال لیوفتنانت *Daniel Christman* بۆ زیتر دلنیایی کردن دریژەی بە قسەکاندا و گوتی کەوا یەکەم کۆبوونەوە بۆ ئەم مەبەستە لەگەل تورکەکان لە ماوەی ٢٤ سعاتدا دەبەستری. تورکەکانیش رایانگەیاند کە بە هیزیك بەشداری دەکەن کە لە ٣٥٠٠٠ چەکدار کەمتر نابی.

دەتوانین بلیین لە راستیدا *NATO* بەم کارە هەلنەستا، بەلکو تەنها کرداریکی سەربازی ئەمەریکی _ تورکی بوو.

بیگومـان ئـەم کـرداره لـه ئەنجوومـەنی سـەربازی *NATO* تـاووتوێ کرابـوو، دەبـی ئەندامانی لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی دانمارکیش له مەسەلەکه ئاگادار کرابـن. نـەدەکرا *NATO* وەکو ریکخراو کۆمەکی تورکیا بکات، بۆیه ئەمەریکا وەکو هاوپـەیمانیك و وەکو دۆستیك دەستی یارمەتی دریژ کرد.

گروپـه *NGO* بچووکه دانمارکیەکه کـه مەبەسـتی بـوو سـودیك بگەیـەنی، لەگـەل هەردوو پارته سیاسیه کوردیەکەی بـاکوری عـیراق لـه یـەك کـاتدا کۆبوونـەوەی بەسـت، هـەردوو لیژنـەکانی کاربەدەست بەشـیوەیەکی هاوبـەش بەشـداری گفتوگۆکانیـان کـرد لەگـەلاندا لەمـەر بـارو زروفەکـه و چۆنیـەتی دابـین کردنـی یارمەتیـه مادیـەکان، کۆکۆدنەوەی زانیاری زیتر لەمەر بارودۆخی کوردەکـان. ئـەو گروپـه بچووکـه لـه ریگـای گەرانەوەدا به ئەنقەره و ئەستەنبول و ئەسینا و عەممان و بەغدادا گەرا.

له بەغدا لەگەل کۆمەلیك له نوینەرانی حکومـەت گفتوگۆمـان کـرد، کـه ئیمـەیان تووشی سەرسامی کرد، چونکه ئەو نوینەرانەی حکومەت زۆر لەوه نزیك کەوتنەوه کـه بەلینی حوکمی زاتی به کوردەکانی عیراق بدەن. چالاکیەکانی گروپەکەمان لەم بـوارەدا له شـوینیکی تـری ئـەم کتیبـەدا روون دەکریتـەوه. گروپەکـەمان بـەردەوام بـوو لەسـەر کارەکانی خۆی و چەندەها سەردانی وولاتانی کرد، زۆرەها جار کۆبوونەوه و گفتوگۆی، سەرەرای ئەنقەره، له لەندەن و ئۆسلۆ و ستۆکهۆلم کرد.

لـه سـەردانی پاشـترمان بـۆ بـاکووری عـیراق، کـه کۆمیتەکـەی فراوانـتر کرابـوو بـه بەشـداری سـەرەك وەزیرانـی پیشـوو[٧]( ئەنکـه یۆرنسـن) و چـەند کەسـانیکی تـر، نەگەیشتینه گفتوگۆیەکی چاکتر، بەلام له لایەکی ترەوه بۆ مەسەلەی زیـتر شـارەزایوون و زانیاری پەیدا کردن سوودی هەبوو.

هـەر لەوسـاوه تورکیـا سـنووری بـاکووری عـیراقی بـه تـەواوی لـه رووی هـەموو سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووس و کارمەندانی ریکخراوه مرۆڤایەتیه بیگانـەکان داخست،

---

[٧] مەبەست له سەرەك وەزیرانی پیشووی دانمارکه.

نەك هەر ئەوەندە و بەس بەلکو گروپە بچووکە دانمارکیەکە لەم ئان و ساتەدا کـە ئـەم ووشانە دەنوسرین، تەنانەت ناو تورکیاشیان لێ قەدەغە کراوە.

هەرچەندە ئیستا شەر وەستاوە[8]، بەلام باری چەکداری و هەلویستی توند و تیـژی نیوان ئەوانەی دەوری سەرەکی دەگیرن لە باکوری عیراقدا، تا ئیستاش هەر ماوە.

ئەو هەولەی ئەمەریکیەکان لە واشنتۆن و دەبلن و ئەنقەرە دایان، لە پیناو نیوانی کردن لە باکوری عیراقدا، تا رادەیەك فراوان و گشتگر بوو. دەرفەتیکی بـەهیزی ئاشتی و سەقامگیری لەگەل ئەم هەولدانەدا بەرپا بـوو، بـەلام ئـەوەی هیـچ گومـانی تیـدا نیـە، حکومەتی ئەمەریکا کۆششیکی یەکجا زۆری کرد لە پیناو گەیشـتنە ئـەنجامیك، چونکـە ئـەوان ئارەزویـان لـە هـەل و مـەرجیکی ئاشـتیانە بـوو لەبـەر ئـەو هۆیانـەی لـە پیشــتر باسمـان کـردن. ئەمـە خـۆی بـە شـیوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی لـە بـەرژەوەندی ئەمــەریکا دەکەوتەوە.

---

[8] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبەدا.

# زۆنی پاریزراوی نیودەولەتی

کە شەری دووەمی کەنداو لە سالی ۱۹۹۱ هەلگیرسا، ریکەوتنیکی نیودەولەتی دەگمەن و نائاسایی لە نیوان دەولەتەکان (ئەگەر هەندیکیانی لی وەدەرخەین) لەسەر ئەوە هەبوو، کەوا بەکارهینانی چەك لە دژی عیراق و (صدام حسین) ی دەسەلاتدار شتیکی راست و رەوایە. نەدەکرا ئەوە قبول بکریت کە یەکیك لە بەهیزترین ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست ولاتیکی بچووکی دراوسیی قوت بدات بی ئەوەی سزا بدریت. ئەگەر کەس بە هانای ئەو ولاتە بچووکەوە نەهاتبا، ئەوا هەر زوو چارەنووسی کلۆلی یەکلا کرابۆوە.

وەك لە بیرمانە مەسەلەکە خیرا گەیاندرایە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەسەر بنچینەی زیتر لە ۱۲ بریار، شەرعیەتی سیاسی و مرۆڤایەتی درایە ئەوەی تەنانەت بە هیزی چەکیش بی، دەبی سەربەستی و سەربەخۆیی کویت بپاریزری.

ئەمەریکیەکان بۆ ئەم مەبەستە دەسپیشخەریان کرد و ئەو پشتگیریەی لە ئەنجومەنی ئاسایش لە لایەن بەریتانیا و فەرەنساوە لییان کرا، شتیك نەبوو جیگای سەرسورمان بیت. بەلام هیشتا دوو دەولەتی تری خاوەن مافی ڤیتۆ مابوون، کە لە توانایاندا بوو کۆسپ لە ریگەی بریارەکان دابنین، ئەو دوو دەولەتەش روسیا و چین بوون. هەرچی روسیا بوو نەك هەر لەسەر رۆخی پەرپوتبوون بوون، بەلکو لەسەر رۆخی هەلوەشاندنەوەش بوو، روسەکان لەم بارەیاندا بە ئاشکرا پیویستیان بە یارمەتی

ئەمەریکیەکان هەبوو، لە هەمان کاتدا پیویستیان بە باریکی سیاسی ئەوتۆ نەبوو کە ببیتە هۆی روبەروبوونەوە لە نیوان ئەم دوو وولاتەدا.

چینیش پیویستیەکی یەکجار زۆری بەوەبوو، کە ریکەوتننامەی سەبارەت بە ئیمتیازە گومرگیەکانی کەلوپەل ناردنی بۆ ئەمەریکا تازە بکاتەوە. بە واتایەکی تر، ئەمەریکا وەکو تاکە سوپەرهیز بە توانایەکی مەزنی سیاسی و عەسکەری لەم ناوەندە مایەوە. هەر ١٢ بریارەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش رەت بوون، بەلام وولاتی چین نە دەنگی بۆ دان و لە رووشیان راوەستا. بەم جۆرە بنەما بۆ کرداریکی عەسکەری لە رۆژهەلاتی ناوەراست دانرا، کە لە دوای شەری دووەمی جیهانیەوە، نموونەی وەك خۆی گەورە و سەرکەوتوو نەبووە. ئەمەریکا، کە تا ئەمرۆش تاکە سوپەرهیزی مەیدانە و تاکە دەولەتە کە بتوانی نیو ملیۆن سەرباز لەم سەری دونیاوە بگوازیتەوە ئەو سەری، ئەم ئەمەریکایە دەستپیشخەر و ریکخەر بوو، لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتی عەسکەریشی دەکرد. شەری کەنداو لە ژیر سەرکردایەتی *UN* نەبوو. ئەوەی لەم جەنگەدا شەری دەکرد *UN* نەبوو، بەلام *UN* ئەوەی قبول کرد کە شەر دەست پیبکات.

ئەگەر لە روانگەی عەسکەریەوە سەیر بکەین دەبینین، دامەزراندنی هیزیکی نیو ملیۆن کەسی کاریکی سەرکەوتوو بوو، بەلام ئەوەی زیتر جیگای سەرنج بوو لیرەدا، ئەوەبوو کە هیزەکە زۆر بە خیرایی پیك هینرا و رەوانەی ناوچەکە کرا، بە تایبەتیش ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بی کە ژمارەیەکی زۆر لە دەولەتان بەشداریان تیدا کردبوو.

ژمارەی ئەمەریکیەکان لە هەمووان زۆرتر بوو. فەرەنسیەکان و بەریتانیەکان هیزیکی زۆریان خستەکار، میسریەکان و سوریەکان هەمان شتیان کرد. کەچی عەرەبستانی سعودی و وولاتە بچووکەکانی کەنداو و ژمارەیەکی زۆری وولاتانی جیهان بە ژمارەی کەمترەوە بەشداریان کرد.

بەلام ئەوەی لە لایەنی سیاسیەوە کرا، تا رادەیەك لە هەمووی سەرنجراکیشتر بوو.

ئەو هاریکاریە نیودەولەتیە لە بەریوەبردنی هاوبەشی ئەم شەرە لە ناوەراستی ئەو بەشە دژوارەی دنیا کە پیی دەوتری رۆژهەلاتی ناوەراست، وای لە (جۆرج بۆش)ی سەرەکی ئەمەریکا کرد، دەنگی ئەوەندە لە تیری بیت، باس لە سیستەمی جیهانی نوی بکات

_ وولاتان مافی ئەوەیان هەیە بە هاوبەشی بینە دەنگ، کاتی مافە دیارو ئاشکراکانی یەکی لە وولاتان پیشیل دەکری _.

وەك رۆژانی دوای شەری کەنداو پیشانیاندا، بەدیار کەوت کە بە هیچ شیوەیەك شەرەکە نەبوو سیستەمی جیهانی نویی دروست کرد، بەلکو سیستەمی جیهانی نوی ئەو هەلومەرجە بوو کە هاتە کایەوە، لە دوای ئەوەی هەموو حکومەتە کۆمۆنیستەکان، لە پیش هەمووشیان دیکتاتۆری رووسی، رووخان. بەلام ئەمەیان چیرۆکیکی ترە.

ئەگەر لە ئاوینەی میژووەوە سەیری بکەین، لەوانەیە مرۆڤ سەری لە دوو شت سوربمینی، یەکەمیان لە کۆکردنەوەی ئەم هەموو هیزە تا لە (صدام حسین) بدەن و کویت رزگار بکەن، دووەمیشیان کە کویت ئەوەندە گرنگە تا ئەو هەموو هیزەی بۆ کۆبکریتەوە.

مرۆڤ دەتوانی بەو پەری هەقیانەت ئەوە دەستنیشان بکا، کەوا کویت وولاتیکی دەسکردە، و دەسەلاتیکی دەرەبەگ و دیکتاتۆر بەریوەی دەبا، فەساد هەموو لایەکی وولاتەکەی تەنیوەتەوە. هیچیەك لەم سی خالەی باسمان کردن نکولیان لی ناکری.

بەلام مەسەلەکە بە گشتی لە دەوری یەك پرینسیپ کۆبوبوەوە. ئەویش ئەوە بوو کە جیهان و ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان قبولیان نەبوو دەولەتیك دەولەتیکی دی بگری. ئەم جۆرە سیاسەتی توند و تیژیە لە کاروباری دەرەوە ئیتر کاتی بەسەر چووە و باوی نەماوە.

لەوانەیە مرۆڤ گومان لەوە بکات کە هەر ١٨٥ وولاتی ئەندام لە *UN* بە پیی ئەم پرینسیپە کار دەکەن.

تــۆ بلیــی وولاتــانی خــاوەن مــافی ڤیتــۆ ئامــادەبن بــۆ جیبــەجیکردنی بریــارە پیویستەکان؟ ئایا ئەم وولاتانە ئامادەن واز لە مافی ڤیتۆ بینن؟ ئایا مەسـەلەکان چیـان بەسەر دی ئەگەر ئەنجومـەنی ئاسایش فـراوان کـرا _ و دوور نیـە هـەندی لـە ئەندامـە تازەکانیش مافی ڤیتۆیان بدریتی؟

# ئایا کویت وولاتە یاخود هەریمە

کویت تا سالی ١٩٦١ کۆلۆنیەکی (ژیردەستەیەکی) پر داهاتی بەریتانیا بوو، بەریتانیەکان لە راستیدا دەیانویست _ بیگومان _ لەبەر پیترۆل هەر لەبەر دەستی خۆیان بی. بەلام لە ئەنجامی گفتوگۆ کویت گەیشتە سەربەخۆیی تەواو، بی ئەوەی هیچ هەلبژاردنیکی دیموکراتی بۆ شیوەی حوکمرانی یاخود سەرکردەی وولاتەکە ئەنجام بدری. میرنشینیك لە ژیر سەرکردایەتی بنەمالەی (الصباح )دامەزرا. عیراق کەوتە وورینە و وای دەردەخست کە کویت لە راستیدا دەبی سەر بە عیراق بیت، چونکە لە کاتی خۆیدا بەشیك بووە لە هەریمی بەسرە. بەسرا دەکەویتە ناو سنووری عیراقی ئەمرۆ، لە کاتی شەری جیهانی دووەم شاریکی ستراتیژی و پر بایەخ بوو. کویت هەر زوو بوو بە ئەندام لە کۆمەلەی وولاتانی عەرەب و خیرا خیراش بوو بە ئەندامی *UN*. بەلام هەرەشە و گورەشەی عیراق کویتی ناچار کرد داوا لە بەریتانیا بکات تا بیپاریزی. لە سەرەتادا کۆمەلەی وولاتانی عەرەب یەکسەر هیزیکی بچووکی لە وولاتەکە جیگیر کرد. ئەم هیزە تا سالی ١٩٦٣ لەم وولاتە بچووکەدا مایەوە. لە هەمان سالدا کۆدیتایەکی سەربازی لە عیراق روویدا، و حکومەتە تازەکە دانی بە سەربەخۆیی کویت نا. بەلام ئەم دان پیانانە نەتەبایی نیوان ئەم دوو وولاتەی نەبزاندەوە، دەودەوانی هەر بەردەوام بوو بە تایبەت لەسەر دوو دوورگەی بچووك کە لە لایەنی سەربازی و سامانی پیترۆلەوە گرنگ و پر بایەخن. میری کویت هەمیشە کەوتبووە بەر رەخنەی ئەوەی دیموکراتیەت ناخاتە کار، ئیتر ناچار ئەویش ریگای بۆ هەلبژاردنیك

کردەوە کە بەشداریکردنی تیدا سنووردار بیت. بۆ نمونە تەنها پیاوان مافی دەنگدانیـان هەبوو.

لـە کـاتی شـەری نیـوان عـیراق و ئـیران، کویـت زیـتر لەبـەر هـۆی تـەکتیکی نـــەك مەعنەوی پشتی عیراقی دەگـرت، بـەلام دووریـش نیـە دانیشـتوانی کویـت باوەریـان بـە بۆچوونەکەی (صدام حسین) هەبووبی کە دەیگوت ئیران هەرەشە و مەترسیە بۆ گشت ولاتانی ناوچەکە.

( صدام حسین) لە پیش شەری دووەمی کەنداو و لەکاتی شەرەکە و لە دوای تەواو بوونیشی هەر دەیگوت کویت هەریمیکی عیراقە، دەبی ئەم ولاتـە بچووکـە بگەریتـەوە ژیر حوکمی بـەغدا. بـەلام ئاشـکرایە ئامـانجی راسـتەقینەی دەسـت بەسـەراگرتنی بـیرە نەوتە دەولەمەندەکانی کویت بوو. لەویوەشرا بیرەکانی عەرەبستانی سعودی زۆر دوور نـین، ئەگـەر (صـدام حسـین) دەسـتی بگاتـــە یـاخود ببیتـــە خـاوەنی گشـت سـەرچاوە نەوتیەکانی عیراق و کویت و عەرەبستانی سعودی، ئەوا بریاری هەموو گۆرانکاریەك لە بواری پیترۆل لەسەر ئاستی تەواوی جیهان پر بـە مانـای ووشـە دەکەویتـە بـەر دەسـتی حوکمرانی بەغدا.

بیگومان وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەمە قبول ناکا، لەبەر هیچ نـەبی لەبـەر ئـەوەی بەشـیکی زۆری بەرهەمـهینانی نـەوتی کویـت و عەرەبسـتانی سـعودی لـە دەسـت ئەمەریکیەکانـە، یـاخود لـە ژیـر چاودیری ئـەوان دەردەهیـنری. بیجگـە لـــە هـەندیش ژمارەیـەکی زۆری شـەریك و دۆسـتە نزیکـەکانی ئەمــەریکا لــە بـواری پیترۆلـەوە بـە تەواوی پابەندی پەیوەندیەکانیانن بە رۆژهـەلاتی ناوەراسـتەوە. دیـارە ئـەم مەسـەلەیە لـە پیـش هـەمووان وولاتـی ژاپـۆن دەگریتـەوە، بــەلام ویدەچـی خەریکـە وورده وورده (چـین) یـش دەگریتـەوە، کــەوا لــە میـانی ئابووریــەوە خەریکـە دەبیتـە یـەکیك لـە هاوبەشانی ئەمەریکا. هەمووومان دەزانین ئەنجامی شەری دووەمی کەنداو گەیشتە چی.

کویـت ئـازاد کـرا، بـەلام عـیراق کـە هەلگیرسـینەری شـەر بـوو داگـیر نـەکرا، (صدام حسین) یش لانەبرا. کەچی لە لایەکی ترەوە عـیراق بـە ناچاری بـە شـیوەیەکی کـاتی لـە بـواری بەریوەبردنـەوە کـرا بـە سـی بەشـەوە، ئیـتر بـەم شـیوە کوردەکـان لـە باکووری عیراق نیمچە مـافیکی سـەربەخۆیان وەرگـرت، بـەلام لـە ژیـر هـەل و مـەرجی دەسـتکورتی و قاتوقریـەکی زۆر تونـد، چونکـە بـاکووری عـیراقیش دەکەویتـە بـەر ئابلوقەی ئابووری.

# ئاژاوە لە باكووری عیراق

مـرۆڤ نـاتوانی بـە هیــچ شـیوەیەك خـۆی لـەو راسـتیە لابـدا، كـەوا كوردەكـان لەسەر ریگای داخوازیە دوور و دریژەكانیان سەبارەت بـە مـافی سـەربەخۆیی ئـازاد، تـا رادەیـەك حوكمــی زاتیــەكیان وەرگــرت. كوردەكــان خۆیــان، بــەر لــە هــەموو شــتیك، تیگەیشتن و دانیان بەوەدا نا كەوا ئەمجارەش دەولـەتی بچووكی خۆیـان دەسـتنەكەوت، تەنانەت ئەگەر ئەو دەولەتە لە نیو سـنوور و قـەوارەی بـاكووری عـیراقیش بـی. دووەم شـتیش ئـەوە بـوو، ئـەوان بـاش تیگەیشـتن كـە كۆمـاریكی فیـدرالی خودموختـاری لـە بـاكووری عـیراق وا دەكـا *PKK* بـیر بكاتـەوە كـە هـەمان شیوە حوكمرانـی لـە خـوارووی رۆژهەلاتی توركیا دامەزرینی، كە كوردەكان تیایدا بە دریژایـی چـەندەها سـال زۆربـەی دانیشـتوانی ناوچەكـە پیـك دینـن. حوكمـی زاتیـەك، نـەك ئـازادی تـەواو، لــە بــاكووری عـیراق بـۆی هەیــە تەشــەنە بكـات و كـار بكاتــە سـەر گورانكاریــەكانی نیــو وولاتــە دراوسیكان. ئەمەریكیەكان بە هیچ شیوەیەك ئەمـەیان نـاوی. هـەمان شیوە گۆرانكـاری لەوانەیـە لـە ئـیرانیش بسـەپیندری، بـەلام بـە هیـچ شیوەیەك دیـار نیـە سـەرەنجامی بـەچی دەگا و لـە سـەراپای ئـەم ناوچـە دژوار و پـر كیشــەیە چــۆن كۆنــترۆلی پیــترۆل دەكـری. خـالی دوایــی و ســییەم ئەوەیــە، ئەمەریكیــەكان بــەرژەوەندیان لــەوەدا بــوو (صدام حسین) لاواز بكـەن، بـەلام نەیاندەویست ئـەوەندەی لاواز بكـەن كـە ئـیران لــە بەرامبـەریدا بـەهیز بــی. دەســەلاتی زۆری بەســەر رۆژهــەلاتی ناوەراســت و ناوچــەی كـەنداودا بكەویتـە دەسـت. ئیـتر مەسـەلەكە خـۆی لـەوەدا دەنوانـد كـە بـارودۆخیكی وا

دروست بکریت عیراقی تیدا بیهیز بی و ئیران دەستی ئەوندە نەروات، لە هەمان کاتیشدا تورکیای تیدا بە هیز بکریت.

ئەمە لە راستیدا ئەوە دەگەیەنی کە هەرچی بیری یارمەتی کوردەکان هەیە _ ئەگەر رۆژی لە رۆژان ئەو بیرە هەبووبی _ بەلاوە نری. ئەمەریکیەکان لە چەندین بۆنەی جیاجیا ئاشکرایان کردووە کەوا، ترسناکترین دەولەت لە رۆژهەلاتی ناوەراست بە چاوی وولاتانی رۆژاوا، ئیرانە. باشترین چارەسەر کە بە چاویلکەی ئەمەریکیەکان دەبینری، ئەوەیە (صدام حسین) بروخیندری، بەلام بەدەستی هیزی ئەوتۆ کە بتوانی وولاتەکە بە یەکگرتوویی بهیلیتەوە، نەبادا ئیران ببیتە خاوەن دەسەلات.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوو نەیهیشت هیزەکانی ئەمەریکا بەرەو ناو بەغدا بەردەوام بن، کە بەلای زۆر لە شارەزایان کاریکی فرە ئاسان بوو.

نەتەوەی کورد وەکو باسمان کرد لە دوای شەری کەنداو ئەزموونی راپەرینی خۆی کرد، بەلام ئەوەی وەدەستی هینا تەنها دەربەدەری بوو بۆ ناو خاکی تورکیا و ئیران. دامەزراندنی ناوچەیەکی دەسەلاتی حوکمی زاتی کوردی لە باکووری عیراق مایەی خۆشحالی هەندیك لە کوردەکانە. دەتوانین بلیین ئەم کوردانە ماوەی پشوودانیکی سیاسیان وەرگرت، یاخود با بلیین هەر نەبێ گەشبینەکانیان وا تیگەیشتن کە ئەم پشووە وەردەگرن.

ناکۆکیەکانی نیوان خۆیان و شەر و پیکدادانەکانیان هەر خیرا بوونە کۆسپ لە بەردەم بەرپا بوونی ئارامی و نیزام، کە مەرجن بۆ ناوچەیەکی حوکمی زاتی راستەقینە. پەیوەندیەکان لەگەل تورکیا لە سەرەتادا بەرەو باشی دەرۆیشت، هەتا ئەو حەلەی تورکەکان هەستیان کرد و گەیشتنە ئەو باوەرەی کە مەسەلەی (وولاتۆکە) یەکی کوردی سەربەخۆ، یاخود شتیکی لەمەش خراپتر، لە ئارادا نیە. مەبەست لە (لەمەش خراپتر) کوردستانیکی راستەقینەیە کە لە پارچەکانی ئەو وولاتانە دابمەزری ژمارەی زۆریان کوردە و زۆر جارانیش کورد وەکو زۆرایەتی بە

دریژایی میـژوو تییـاندا نیشـتەجی بووینـە. دوور نیـە ئەمـەی دووەمیـان خـەونی نیـو ناخی هەموو کوردیك بی.

بـە دلنیاییـەوە هـاوریی کـوردی لـە سـیدارەدراومان (ردوان بولــوت) خــەونی لـەم بابەتەی بینیوە، هیچ کەسیك لە چاودیریکەران ئەم خەوبینینەی لی بە خەوش ناگری، چونکە ئەو خۆی و هاوری و هاوخەباتەکانی دەیانزانی کە خەونەکانیان ریالیستی نـین و دوورەدەســتن، بــەلکو لەوانەیــە هــەر تەنــها حوکمـی زاتیــەکی ســنووردار یــاخود فیدرالیەتیك بە هاوبەشی کوردەکان لە ئایندەیەکی دور لە توانادا بی.

# پیشمەرگە کوردەکان

بـەلام *PKK*، پـارتی کریکـارانی کوردسـتان، لەسـەرەتای حەفتاکانـەوە ئامـانجی دیـار و ئاشـکرای هـەبوو، کـە بـە ریگـای خـەبات و کـاری سیاسـی بنەمایـەك بـۆ کوردستانیکی ئازاد لـەژیر هـەر بـارودۆخیك لـە تورکیا بخولقینـی و بـە ئـاواتی هـەمان شت لـە تـەواوی ئـەو هەریمانـەی وولاتـە دراوسیکانیش کـە بـە هـەزاران و ملیۆنـەها کوردیان لی دەژین.

گۆرانکاریـەکانی نـاو تورکیـا، شـەری چـەکداری بـەردەوام و بیکۆتـایی، کـارتیکردنی وولاتـانی دەرەوە _ داواکاریـە نیودەولەتیـەکان، تەنانـەت لەلایـەن ئەو کۆمەلانـەی پشتگیری کوردەکانیش دەکەن _ بارودۆخیکی ئـەوتۆیان هینا ئـاراوە، کـە *PKK* خۆیشـی چیـتر داوای دەولـەتیکی سـەربەخۆی کـوردی نـەکات، بـەلکو بـە خودموختاریەك یاخود حوکمی زاتیـەك رازی بـی سـەرەتاکەی بـە مەسـەلەی مافـەکانی مرۆڤ دەست پیبکات.

لـە راسـتیدا نـاکری ئەمـە بـە داوایـەکی ناپەسـەند دابـنری. ئـەوەی لەوانەیـە پەسەند نەکری تەنیا هەندیك لەو ریگایانەیە کە *PKK* لە ریـرەوی خۆیا گرتنیـە بـەر، ئەو درندایەتی و ئەو شیوازەیە کە دەولەتی تورك لـە شـەری دژ بـە کوردەکان بـەکاری دینا. تیرۆریزمیەکی ئەوتۆ گەشەی سەند، لـە تونـد و تیژیا بـاس نـاکری، بـەلکو تەنـها دەبیتـە مایـەی مـەحکومکردنی شـەر هەلگیرسـان لەلایـەن کوردەکـان و وەلامدانـەوەی تورکەکان. بەلام لەو کاتەی کە تورکەکان ژمارەیان یـەکجار زۆرتـر بـووە، ئـەوا شـەرەکە

یەکسەر بۆتە مارشیکی تراژیدی _ یاخود بۆتە جۆرە سەنگەرە شەریك لە ناوجەرگەی شەریکی پارتیزانی کلاسیکی، کە هەموومان بە باشی لە شەری ڤیتنام وەبیرمان دیتەوە. کیشەی کورد لە راستیدا وەك چەشنە قەیرانیکی ڤیتنامی لیهاتووە، بەلام تا ئیستا نەگەیشتۆتە مەوداکانی ئەو.

گەر مرۆڤ ئارەزووی کۆتایی هینانیکی خیرا بکات _ لیرەدا ژمارەی ئەو تورکانەی ئەو ئارەزووە دەکەن لە زیادبووندایە، لەوانەش نوینەرانی سەرمایەدارە مەزنەکان _ پیویستە دەسپیشخەری تازە و چاونەترسیەکی تازە و مرۆڤپەروەریەکی تازە بهیندریتە ئاراوە.

ئەو پیاوەی ئەمرۆ سەرۆکی *PKK* یە، هەر خۆیشی دامەزرینەری راستەقینەی ئەم بزووتنەوەیە.

(عبدالله ئوجەلان) لە کاتی خۆیدا سەر بە بزووتنەوەیەکی چەپرەوی لاوان بوو و لە *AYOD* یشدا بەشداری هەبوو *(Ankara Higher Education Association)*. لە سەرەتای حەفتاکانەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەرکی راستەقینەی ئەو ئەوە نیە، بۆ ریکخراوە تورکیەکانی خویندکاران یاخود بزووتنەوە پیشەییەکانیان کار بکات، بەلکو رۆلی کەسیتی ئەو لە نیو کۆمەلگای تورکیادا، پیویستە بەرگریکردن بیت لە کوردەکان و هەولدان بیت لە پیناو دابینکردنی مافەکانیان. (ئۆجەلان) لە دوای ئەوەی حەوت مانگان خرایە زیندان بە تۆمەتی (چالاکی نایاسایی خویندکاران)- سوپا بە کورت و کرمانجی پیی وابوو کە خویندکاران نابی خۆیان تیکەلی کاری سیاسی بکەن _ پەیوەندی لەگەل کۆمەلانی خویندکاران لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا پەیدا کرد، لەویدا کوردەکان هیزیان زیترە، دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوە (لەشکری رزگاری نیشتمانی) ووردە ووردە هاتە دامەزراندن. بەلام ئەمجارەیان وەکو ئەوەکەی *PKK* بە شیوەیەکی ئۆتۆماتیکی نەبوو.

شتیکی ئاسایی دەبوو ئەگەر بهاتبایە *PKK* لە دانیشتن و کۆبوونەوەکانی ناوچە شاخاویە عاسیکانی نزیك سنووری عیراق دابمەزرابایە، یاخود لە بنکەو ئۆردوگاکانی پیشمەرگە کە خەریك بوون وورده وورده بونیات دەنران.

بەلام *PKK* رۆژیك لە رۆژانی سالی ۱۹۷٤ لە ناوەراستی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا دامەزرا. لەسەرەتادا هەندیك کۆمەلەی چەپرەو لە دامەزراندنەکە بەشدار بوون، بەلام مەسەلەی کورد تەنها یەکیك بوو لە نیو ژمارەیەکی زۆری بوارەکانی تری کارکردندا.

# کۆدیتای عەسکەری لەودیوی کالیۆسەکانەوە

لە سالی ١٩٧٤، سی سال لە دوای یەکیك لەو سی کۆدیتا سەربازیەی تورکیا، ژەنەرالەکان لیبوردنیکی گشتی تەواویان دەرکرد، کە بەرای خۆیان لەسەر ری و بۆچوونی ( کەمال ئەتاتورك) کاریان دەکرد، کارکردنیکی ئەوتۆ کە بی نکولی هیچ پەیوەندیەکی بە دیموکراتیەتەوە نەبوو. لەم کاتەدا کۆمەلە و بزووتنەوەی سیاسی سەرلەنوی دەستیان کردەوە بە سەرهەلدان، لەوانەش چەپرەوەکان و خەلکانیکی تر کە مرۆڤ لە تورکیاش دەتوانی بە فۆندەمەنتالیست ناویان بەری. ئەمانە کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبوو، هەرچەندە زۆریان لەمانە پشتگیریەکی فراوان و بەهیزیان لە لایەن رووناکبیران و ئەهلی فیکرەوە لیکرا. بەلام حکومەت کەم تیکەلیان دەبوو. هۆی ئەمەش بەرای هەندێ کەس دەگەریتەوە بۆ ئەوەی حکومەت دەیویست لەسەر فەرمانرەوایی بمینیتەوە، کەچی هەندیکی کە دەلین حکومەت فەرمانی لە ژەنەرالە دەسرۆیشتوەکانەوە پیکرابوو کە تۆزیك نەرم بجوولیتەوە.

ئەوەی لیرەدا سەرنج راکیشە ئەوەیە کە حکومەتی ئەوسا حکومەتیکی فرەلایەنی هاوپەیمان[٩] بوو، لە ژیر سەرۆکایەتی (بلند ئەجەوید) ی سۆسیالدیموکرات و (نەجمەدین ئەربەکان) ی سەرکردەی سیاسی فۆندەمەنتالیستی (ئیسلامی).

(ئەربەکان) لە سەروبنی سالی ١٩٩٦_ ١٩٩٧ بە هاوبەشی لەگەل (تانسۆ چیلەر) ی کۆنسەرڤاتیف، سەرەك وەزیرانی تورکیا بوو. بە مەبەستی تیگەیشتن گرنگە ئەوە بلیین، کە زۆربەی تورکەکان و کوردەکان کە باس لە کاریگەری ئیسلامی و هیزی پارتی

---

[٩] ئیئتلافی.

رەفاهی ئیسلامی دەکەن، ووشەی فۆندەمەنتالیزم بەکار دینن، بەلام ووشەکە هەمان هیز و هەرەشە هەلناگری، وەك ئەوەی بۆ نموونە ئیمەمانان لە سکەندناڤیا بەکاری دینین. هەروەها فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامی لە تورکیا هەر لە سالی ١٩٧٤ وە وەك بزووتنەوەیەکی روو لە گەشەکردن قبول کراوە و لەوساوەشەوە شتیکی ئەوتۆ رووی نەداوە. بەلام سەرەرای هەندیش ئەگەر مرۆڤ هەلبژاردنیك لە تورکیا بینیتە بەرچاوی خۆی، کە خەلکیکی زۆر یاخود زۆربەی خەلك دەخاتە دوای فۆندەمەنتالیستەکان، ئەوا مومکین نیە سەرکردایەتی سوپای تورك ئەوە قبول بکات.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە سوپا کۆدیتای ژمارە چوار ئەنجام دەدات و وای رادەگەیەنی کە ئەمە تەواو لەگەل کەمالیزمی کلاسیکی دەگونجی ( کەمالیزم، بەناوی کەمال ئەتاتورك کراوە، کە تورکیای کردە دەولەتیکی عیلمانی).

بەلام با بگەرییەنەوە سالی ١٩٧٤، چونکە لەم سالەدا گۆرانکاریەکی یەکجار گرنگ و یەکلاکەرەوە روویدا.

لە کاتیکدا لە توانادا بیت ریکخراوی چەپرەو قبول بکریت، نەك هەر بەتەنها بەوەی مافی دەربرینی داواکاریەکانی خۆیان بدریتی، بەلکو کتیبیشیان لەسەر بنووسری، کەواتە (چەپی تورکی) بوونی هەبوو. بەلام کە بوونی (چەپیکی تورکی) لە توانادا بیت، دەبوایە بوونی (چەپیکی کوردیش) لە توانادا بوایە.

ئەمە لە راستیدا پاشخانی ئەو ریگایەیە کە *PKK* ی پی دروست بوو. لیرەدا جیگای سەرنجە ئەوە دووپات بکریتەوە، کەوا ئەوان نەیانویست لەگەل (چەپی تورکی) تیکەل بکرین، لە لایەك لەبەر ئەوەی دلنیا نەبوون لەوەی (چەپی تورکی) جیگای باوەر بی ئەگەر پرس گەیشتە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی، لە لایەکی دیش کوردەکان زۆر ئاسایی خولیا و سەرنجی خۆیان دابووە ئەو چالاکیانەی بەشی خوارووی رۆژهەلات، کە زۆربەیان لە راستیدا خەلکی ئەم ناوچەیە بوون.

ئیتر لە کۆمەلیك لە شارە بچووکەکان دەست بەکار کرا، بەلام لە دەوروبـەری ١٩٧٨-١٩٧٩ شـاری دیاربـەکر، کـە بەندیخانەیـەکی زۆر گـەورە و پیسـی لییـە، بـوو بـە شـوین و بارەگای ئەو بەشەی *PKK*، کە تا ئەمرۆش لە سەر شەرکردن بەردەوامە کە خۆیان ناوی دەنیـن شـەری رزگـاری لـە نـاو وولات. کـەچی شـەری راسـتەقینە لـە سـالی ١٩٨٤ دەسـتی پیکـرد، بـە پیـی زۆر سـەرچاوەی جیاجیا ژیـانی نزیکـەی ٢١٠٠٠ مرۆڤـی تیـدا فـەوتاوە. خەلکی مەدەنی تورك لـە سـەرەتادا دژایـەتی کوردەکانیـان دەکـرد، چونکـە گـەلیك جـار باوەری تەواو و پتەویان وابوو کە ئەمە بزووتنەوەیەکی ستالینی _ لینینی _ مارکسیە، _ بـەرای زۆر کەسـان _ ئامـانجی بزووتنەوەکـە ئـەوەبوو دەسـەلات لـە سـەراپای تورکیـا بگریتەدەس. بەلام ئەم ئامانجە لە هیچ کاتیکدا مەبەست نەبووە، گومان لەوەدا نیە کە ئامانجەکە دامەزرانی دەولەتیکی کوردی بووە، یاخود ناوچەیەکی حوکمی زاتـی کـوردی، دوای ئەوەی بەدەرکەوت کە ئیستا لە تواناد نیە مەسەلەی دەولەت جیبەجی بکری.

هەندی کەس رایان وایە کەوا ئەو کوردانەی لـەژیر ئـالای *PKK* ریکخـراون، کـە لـە راستیدا بەشیکی بچووکی سەرجەمی کوردەکانی تورکیان، ئەوانـەن بوونەتـە هـۆی ئـەو بارە ناهەموارەی کە تورکیا بە گشتی تیی کـەوتوە. بـەلام لـیرەدا ئـەم بۆچوونـە بـەبی دوودلی رۆلیکی زۆر کاریگەر دەداتە کوردەکان.

لە لایەنی سیاسیەوە میللەتی تورك دابەش بونەتە سەر چەند حیزبیکی جیاجیـا، کە کۆنسەرڤاتیڤەکان[١٠] زیتر لە هەموویان زالن.

بەلام ئەم حیزبانــە توانـای ئـەوەیان نیـە کـە پیشکەوتن و سـەقامگیریەکی ئـەوتۆ بەرپاکـەن کـە رۆژی لـە رۆژان وولاتەکـە بـەرەو چوونـە نـاو یـەکییتی ئـەورووپا ببـات، هـەروەکو زۆرەهـا کـەس بـە ئاواتەوەیـە. ئــەم شــتانە و شــەری دژ بــە کوردەکــان بەسەر یەکەوە، ژمارەیەکی زۆر گیروگرفتی ئابووری بۆ وولاتەکە ناوەتـەوە، بەرادەیـەك وای لیکردووە لە قەیرانیکی بەردەوامدا بژی.

---

[١٠] پاریزگاران، محافزین

سەرچاوە باوەرپێکراوە کـوردی و تورکیـەکان _ کـە لـیرەدا تورکیـەکان گرنگـترن _ دەلین نیوەی یاخود نزیکەی ٥٠٪ بودجەی دەولەت بۆ سوپا دەروا. بـەلام سـوپا لـە دوای ماوە دیکتاتۆریەکەی (کەمال ئەتاتورك) بە هیچ جۆریك و لـە هیـچ کـاتیکدا دلـی بـەوە خۆش نـەبووە کـە وولات لەلایـەن پارتـە سیاسـیە مەدەنیەکانـەوە بـەریوە بـبریت. هـەر بۆیەشە ژەنەرالەکان لەسەردەمی تازەدا سی جار کۆدیتایان ئەنجامداوە و دەسەلاتیان بە هیزی سەربازی لـە سـالانی ١٩٦٠، و ١٩٧١، و ١٩٨٠زەوت کـردووە. زۆر کـەس سـەریان لـەوە سوردەمینی چۆن لە سـالانی نـەوەدەکان کۆدیتـای سـەربازی چـوارەم روونـەداوە، بـەلام ئەگەر ژەنەرالەکان بەم کارە هەلسن ئەوە جیگای سەرسـورمانی کـەس نیـە، بـە تایبـەت ئەگـەر بیتـو ئـەو هاوپەیمانیـە سـەیرە لەگــەڵ دەســەڵاتی ئیســلامیەکان چـەند ووردە ئەنجامیکی باش ئەدات بە دەستەوە.

بەشیکی زۆری شەرەچەقەی هەردوو پارتی حوکمبەدەس: "پـارتی ریگای راسـت و پارتی رەفای ئیسلامی "لە کاتی هەلبژاردنەکان، لەسەر ئەوەبوو کە هیرشـیان دەبـردە سەر یەکتر.

کۆنسەرڤاتیڤەکان ئیسلامیەکانیان بەوە خەتابار دەکرد، کـە گوایـە پلانیـان دانـاوە تـا تورکیـا بکەنـە کۆمەلگایـەکی ئیسلامی، کـە سـەرەنجام دەبیتـە هـۆی خـراپ بوونـی پەیوەندیـــەکان لەگـــەل هیزەکـــانی رۆژاوا. هـــەرچی پـــارتی رەفـــاه بـــوو، دەیگـــوت کۆنسەرڤاتیڤەکان دەیانەوی تورکیا لە رۆژاوا بە دوژمنـان ببەسـتنەوە، بۆیـە دەرچـوون لە *NATO* و تەنانــەت لـە یـەکیتی گومرگـی ئـەوروپاش رەنگـە باشـترین ریگـا بیـت کـە تورکیـا بیگریتـە بـەر. ئیسـتاش لەگـەل سـەرەتای سـالی ١٩٩٧، لـە کــاتی نووســینی ئــەم باسـەدا، پیویسـتە ئـەوە دووپـات بکریتـەوە، کـە تـا ئـەمرۆ هـەموو شـتیك وەکـو جـاری جارانە. ئەگەر کۆدیتایەکی تازە روویدات، ئەوا حەتمەن دەبیتە هـۆی تونـد و تیژیـەکی ترسـناك لـە رۆژهـەلاتی ناوەراست. تورکیـــا بـــەردەوام دەبـــی لەســـەر ئـــەوەی خـــاوەنی گەورەترین هیزی سەربازی بیت لـە ئـەوروپا کـە ژمـارەی سـەربازەکانی ٥٠٧٨٠٠ کەسـە،

لەوانە ٤١٥٠٠٠ یان بیگارگرتەنە،[11] کە بۆ خزمەتیکی زۆر نابەدل بانگ دەکرین، چونکە هەردەم لە مەترسیدان. ماوەی خزمەتی سەربازی لە تورکیا ١٨ مانگە، ئیحتیاتەکانیش خۆیان لەقەرەی ٣٨٠٠٠٠ کەس دەدەن.

گەورەترین سەرچاوەی چەکی تورکیا، ئەمەریکایە. وولاتیکی تری سەرەکیش کە چەك دەداتە تورکیا، ئەلمانیایە کە لە سالی ١٩٩٥ لەبەر چەند گۆرانکاریەکی سیاسی، چەك ناردنی بۆ تورکیا راگرت. دۆستیکی نزیك و هاوبەشیکی بازرگانی تری تورکیا لە مەیدانی چەکدا، ئیسرائیلە. ئەم دۆستایەتیە لەبەر دوو هۆ جیگای سەرنجە : یەکەمیان ئەوەیە کە تورکیا یەکیکە لەو وولاتە ئەوروپیانەی هەر لە زووەوە هاریکاری لەگەل *PLO* [12] دەسپیکرد و ریگای بە ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین دا کە نوینەرایەتی دیپلۆماسی خۆی لە ئەنقەرە بکاتەوە. سەرەرای هەندیش ئیستا تورکیا سەرەك حکومەتیکی ئیسلامی هەیە، بەلام ئەمە بە هیچ کلۆجیك نەبۆتە کۆسپ لە ریگای هاریکاری نیوان هەردوو وولاتدا، (هەرچەندە سەرەك حکومەتی ئیسرایل سەر بە بالی راستڕەوەکانە[13]).

فەرمانرەوایانی ئەمەریکا لە هەموو ئان و زەمانیکدا تورکیایان بە دۆستی نزیکی خۆیان لەقەلەم داوە. کە (تانسۆ چیلەر) لە مانگی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەری سالی ١٩٩٣ وەکو سەرەك وەزیران سەردانیکی رەسمی واشنتۆنی کرد، سەرەك (بیل کلینتۆن) بە ووتاریکی ئەوەندە پر گفت و لفت پیشوازی لیکرد کە لیی گەرمتر نەبی.

بۆ نموونە سەرەکی ئەمەریکا، بە پیی ئەو سیناریۆیەی ئامادە کرابوو (کە دیاربوو لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە ئامادە کرابوو) گووتی: " لە کاتیکدا پەیوەندیەکانمان لەگەل تورکیا خەریکە پەرە دەسینی و دەبیتە هاوشانیەکی بەهیز، شایانی پیزانینە کە

---

[11] ئیجبارین

[12] ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین.

[13] ئاماژەیە بۆ (بنیامین ناتانیاهۆ) ی پارتی لیکود، کە ئەوسا سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل بوو.

فەرمانرواییەکی ئەوتۆ تورکیا بەریوە دەبا  کە لە داخوازی و خەون و ئاواتی خەلکە ئاساییەکە دەگات، سیاسەتیکی وەها دەگریتەبەر دەرفەت بۆ ئەم خەلکە دەرەخسینی  تا خەونەکانیان بیننە دی".

ئاخۆ دەبی رای خەلك لە دیهاتەکان، لە هەریمی پەنابەرە کوردەکان، لەلای ئەوانەی بە زۆر  لە شوینی خۆیان راگویزراون، لە بەندیخانە پرەکان لە بارەی ئەم ووشانەوە چی بیت؟

ووشەکانی سەرەك (کلینتۆن)  دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کەوا سیاسەتی ئەمنیەت و سیاسەتی یەکگرتوی دابینکردنی پیترۆل لە زۆرەها هەلویستدا دەکەویتە پیش مافەکانی مرۆڤەوە. ئەوەش لەبەر ئەوە نیە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاگای لە بارو زروفی راستەقینەی ناو تورکیا نیە. چونکە هەموو  سالیك لیکدانەوەیەکی ووردی پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئامادە دەکری و تورکیاش لەم لیکدانەوەیە بەدەر نیە.

ئەمەریکیەکان بە پیی داب و نەریت هیچ  شتیك ناشارنەوە سەبارەت بە ئاشکرا کردنی کاروباری فەرمانرەوایی و سەرچاوە و ئەرشیفەکان، ئیتر خەلك دەتوانی  دەستی بگاتە دوکۆمەنتەکان[١٤]. مرۆڤ هەر دەتوانی لە بالویزخانەی ئەمەریکا لە کۆپنهاگن دانیشی و راپۆرتە ئەمەریکیە رەسمیەکان لەبارەی مافی مرۆڤ لە تورکیا بخوینیتەوە.

---

[١٤]بەلگەنامەکان.

# توركیا وەك پەرژینێك لەبەردەم وولاتە دراوسێكان

ئەگەر مرۆڤ بۆ ماوەیەكی زۆر شارەزای رەقەكاری و دووروویی نەبێ لە كاروباری سیاسەتی دەرەوە، سەری لە پەیوەندی نێوان توركیا و وولاتە دراوسێ نزیكەكانی سور دەمێنی.

توركیا پەیوەندیەكی زۆر چاكی بە عێراق و سوریا و ئێرانەوە هەیە_ هەرسێ وولاتیش بە ئۆتۆماتیكی لەلایەن ئەمەریكاوە خراونەتە نێو لیستەی ئەو وولاتانەی پشتگیری تیرۆریزم دەكەن. لە سالی ١٩٩٦ ناوی سوریا لە لیستەكە بزر بوو. هۆی ئەم بزربوونە بوە مایەی تیوردبوونەوەی زۆر كەس. بێگومان سوریا تێكەل بەو هەولانە كراوە _ كە لە راستیدا جێگەی نرخ و بایەخن _ بۆ وەدیهێنانی ئاشتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بە تایبەتیش لە نێوان ئیسرائیل و وولاتە عەرەبە نزیكەكانی. یەكی لە هۆیەكانیش ئەوەیە، كە ئیسرائیل تا ئێستا دەستی لە داگیركردنی بەرزاییەكانی جۆلان نەكیشاوەتەوە، و ئەگەر پەیمانیكی ئاشتی سوری _ ئیسرایلی بێتە ئاراوە، ئەوا ئەو پەیمانە تەنها بەو مەرجە دەبی كە ئیسرائیل ئەم بەرزاییانە بەجی بیلی، كە لەگەل پەرەسەندنی چەكسازی گرنگیەكی ئەوەندە مەزنیان نەماوە، بە هەمان شێوەش لەو ناوچانە بكشیتەوە كە ناویان ناوە زۆنی ئاسایشی ئیسرایلی لە خوارووی لوبنان[١٥] (**حافظ الاسد**) ی تاكە دەسەلات بە دەستی سوریا بە درێژایی گفتوگۆكان پیی لەسەر

[١٥]لە كاتی نووسینی ئەم كتێبەدا ئیسرائیل هێشتا لە خوارووی لوبنان نەكشابۆوە.

ئەوە داگرتووە كە مەرجی سوریا بۆ ئەوەی هەر تەنها بیر لە مۆركردنی پەیماننامەی ئاشتی بكاتەوە، ئەوەیە كە ئیسرائیلیەكان ئەم ناوچانە بەجێبێلن.

بەلای زۆربەی خەلكەوە، ئەمریكا پشتگیری مەعنەوی و سیاسی داوە بە سوریا، بەلام نەك زۆر بە شێوەیەكی رەسمی.

هەرچی ئیسرائیلە ئەمەی پی خۆش نیە، لەگەل وەرچەرخانی سالی ١٩٩٦ _ ١٩٩٧ ئاسۆی چارەسەر زۆر روون نیە، بە تایبەت دوای ئەوەی راستڕەوەكان فەرمانرەواییان گرتەدەس.

ئەگەر هاتو ئەمەریكای نیوانیكەر، كە چەندەها سالە توانایەكی زۆری بۆ ئەم مەبەستە سەرف كردوە _ لە هەمان كاتدا بۆ بەرژەوەندی خۆیشیەتی _ ناوی سوریای بخستایەتە لیستەی ئەو ولاتانەی پشتیوانی بزوتنەوەی تیرۆریزمی دەكەن، ئەوا ئاسۆكە هیشتا لەوەش تاریكتر دەبوو.

بەلام كە (نجم الدین ئەربەكان) ی سەرەك وەزیرانی توركیا داوەتی (هاشمی رەفسەنجانی) سەرۆكی ئیرانی كرد تا سەردانیكی رەسمی توركیا بكات، ئەمەریكیەكان لە واشنتۆن نیوچەوانیان گرژ بوو.

ئەتۆ بلیی توركیای نزیكە دۆست _ ئەو ولاتەی بە قسەی (كلینتۆن) هەموو كەسیك تیایدا دەرفەتی ئەوەی هەیە خەونەكانی خۆی بینیتە دی. بەراستی بەلایەوە ئاسایی بیت كە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەل مەلاكانی ئیران دامەزرینی، ئەو ئیرانەی بەلای ئەمەریكاوە یەكەمین دوژمنی باوكە كوژەیە؟

بەلی ، بەراستی بەلای توركیاوە ئاساییە.

(ئەربەكان) زۆر بە گەرمی پیشوازی سەرەكی ئیرانی (هاشمی رەفسەنجانی) كرد، یەكسەر لە تەكیا كەوتە گفتوگۆ لە بارەی فراوانكردنی هاریكاری و دۆستایەتی. هەروەها گەیشتنە ریككەوتننامەیەك كە لە سالی ١٩٩٧ دەست بكری بەوەی ئیران بایی ٢٣ ملیار دۆلار گازی سروشتی بە بۆری بگوازیتەوە توركیا. هەروەها توركیا دایناوە، ئەو

پیترۆلەی عیراقیش کە لە لایەن *UN* ەوە بۆ ئامانجی مرۆڤایەتی ریگای فرۆشتنی دراوە، ئەویش بە ریگای بۆری ترەوە بەخاکی ئەواندا تیپەر بیت.

ئیتر بەم شیوەیە تورکیا کە چەندەها سالە ناوی لینراوە (کابرا نەخۆشەکەی ئەوروپا) دەبیتە هاوبەشیکی نزیك لە هاریکاری لەگەل دووان لە گەورەترین دوژمنەکانی ئەمەریکا.

بە پیی رۆژنامەکانی ئەمەریکا، حکومەتی واشنتۆن خۆبەدوورگرتنیکی _ تەحەففوز _ توندی بەرامبەر ئەم ریکەوتننامە نیوان خۆشکەرەی تورکیای هاوپەیمانی ئەمەریکا لە *NATO* و ئیران دەربریوە، بەراشکاویەوە تورکیا گوناهبار دەکا، کەوا ئەم کارە پشتگیریکردن و پارەوپول بەخشینە بە تیرۆریزم، کە راستەوخۆ ئاراستەی *NATO* و وولاتانی رۆژاوا دەکری.

قسەکەری رەسمی لە وایت هاوس (نیکولاس بیرنز)[١٦] ئاشکرای کرد کەوا ئەمەریکا بە توندترین شیوە تورکیای ووریا کردۆتەوە کە ریککەوتننامە لەگەل ئیران نەبەستی. بەلام ئەوەشی گوت ئەمەریکا لەگەل هەندیش ئەوەندە خۆی بە سەردانەکەی (رەفسەنجانی) خەریك نەکردووە. سەرباری ئەمەش تورکیا و ئیران لەسەر ئەوە ریککەوتن بەربەستە گومرگیەکانی نیوان هەردوو ولات لەبەرامبەر یەکدا کەمکەنەوە و پارە خستنەکار لەمبەرولەوبەر فراوان و پتەوتر بکەن، هاریکاری لە بواری دەریاوانی زیاتربکەن، ریگا بدەن کەشتی و پاپۆرەکانیان بە نیو هەریمە ئاوی یەکتردا بسورینەوە، ژووریکی بازرگانی هاوبەش دامەزرینن. هەندیك رۆژنامەنووس کە ئەمەیان بینی، بەخۆیان نەوەستان و کەوتنە پرسیار و گوتیان ئاخۆ ئەم گۆرانکاریانە دژی ئەم فشار و ئەمبارگۆیانە نین کە ئەمەریکا بە تایبەت دژ بە ئیران داینـاون، دەبی کار نەکاتە ئەوەی سزای ئەو کۆمپانیایانە بدری کە فشارەکە دەشکینن، لەوانەش کۆمپانیا تورکیەکان کە زیتر لە ٤٠ ملیۆن دۆلار دەخەنەکار لە بواری وزە لە ئیران.

---

[١٦]واتیبگەم ئەم پیاوە قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بوو، نەك ئەوەی وایت هاوس.

(هاشمی رەفسەنجانی) لەوەلامدا ووتی: دوور نیە ئەمەریکیەکان لەو ریککەوتننامەی ئیمە تورە بن، بەلام ئەوە گیروگرفتی خۆیانە. ئەمەریکا دژی هەموو وولاتیکی بەهیز و هاریکاریەکانیەتی لە ناوچەکەدا.

هەروەها گوتی: جگە لەوەش ئیمە ریگای هیچ وولاتیك نادەین خۆی تیکەلی پەیوەندیەکانی نیوانمان بکات. وەلامی ئەنقەرە لەوەش روون و پاراوتر بوو. قسەکەری حکومەتی تورکیا گوتی: فشاری ئەمەریکا لەم بوارەوە لەدژی دەزگا تورکیەکان ناکری، چونکە تورکیا بۆریەکانی لەسەر خاکی خۆی راکیشاوە.

سەرەك وەزیرانی تورکیا (نەجمەدین ئەربەکان) دەیویست زنجیرەی ریککەوتنەکان لەگەل ئیران فراوانتر بکات و بەرهەمهینانی هاوبەش لە مەیدانی چەکسازی دامەزرینن. بەلام (چیلەر) بەمە قایل نەبوو. قسەکەریك بەناوی ئەوەوە گوتی: هاریکاری لەگەل ئیران لەبواری بەرهەمهینانی چەك لە نیو خالەکانی باس و گفتوگۆدا نیە، هیچ نەخشە و پلانیکی هاریکاری لەگەل ئیران لەم بوارەدا لە گۆری نیە. ئەم مەسەلەیە لەگەل نوینەرانی ئیران هەر باسیش نەکراوە.

لە کاتیکدا ئەگەر بەراستی هەول درابی بۆ هینانەدی بەرهەمهینانی چەکسازی هاوبەش، ئەوا جیگای سەرنجە بیر لە ریاکسیۆنی[١٧] ئەمەریکا بکەینەوە.

لەوانەیە (ئەربەکان) و (رەفسەنجانی) تا رادەیەکی زۆر حەزیان لیبوو پرۆژەیەکی لەم بابەتە بە ئەنجامدراوی ببینن.

هەلویست و ئاواتەکانی (ئەربەکان) _ کە هەندی کەس بە خەونی دادەنین _ ئەو کاتە پەردەی لەسەر هەلمالرا، کە لە سالی ١٩٩٦ سەردانیکی لیبیای کرد. لەراستیدا ئەمە جویندان و سوکایەتیەك بوو بە ئەمەریکای کرد، کە هەموو سالیك یارمەتیەکی ئابووری زۆر گرنگ دەداتە تورکیا، بە تایبەت تاوەکو تورکیا بتوانی سوپا زل و زەبەلاحەکەی بە کەرەستە و تفاقی تازەی لەبارەوە رابگری.

---

[١٧] کاردانەوە

# هەلبژاردن لە تورکیا

کە پارتەکەی (ئەربەکان) لە سالی ١٩٩٥ پەرەی سەند و بوو بە گەورەترین و بەدەسەلاتترین پارت لەم سەرو ئەو سەری تورکیا، ئەوا یەکیك لە هۆیەکانی دەگەریتەوە بۆ ئەوەی دەنگی زۆربەی کوردەکانی وەرگرت.

لە راستیدا لە کاتی هەلمەتی هەلبژاردنەکاندا (ئەربەکان) بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە گفتوگۆیەکی تازە لەگەل کوردەکان لە توانادایە. بەلام لە هەمان کاتیشدا زۆر لە کوردەکان، بۆ نموونە ئەوانەی بە زۆر لە شوینی خۆیان راگویزراون، لە رقی پارتەکانی تر کە لە دژی خواستەکانیان بوون، دەنگیان بە (ئەربەکان) دا.

تورکیا هەتا سالی ١٩٤٦ هەر سیستەمی تاکە پارتی هەبووە. ئینجا پاشتر دیموکراتی پەرلەمانی هاتەکایەوە، ئەمەش هەندی دەرفەتی دیموکراتی تازەی لەبەردەم کوردەکان کردەوە. کوردەکان لە لایەنی تیۆریەوە توانیان پارتی ئەوتۆ دامەزرینن، کە کەم و زۆر وەکو پارتی کوردی راگەیانرابوون، بەلام وادیار بوو سەرەنجامیان بە خراپ گەیشت. کەچی لەگەل هەندیش کوردەکان دەیانتوانی ببن بە ئەندام یاخود لە ریزی پارتە تورکیەکان کاربکەن. بیجگە لەمەش هەندیك لەو پارتانە زۆریان پی خۆش بوو نوینەری کوردیان هەبی، بەلام بەو مەرجەی ئەو نوینەرانە دان بە هاوولاتیەتی تورکی خۆیان بینن و نەبنە دەمراستی ئەوانەی پییان دەگوتن (جوداییخواز).

(مەمەد ئومید نەجەف) کە بروانامەی ماجستیری هەیە لە بواری کۆمەلناسی و لە مەلبەندی خویندنکاری رۆژهەلاتی ناوەراست لە زانکۆی ئۆإینسە[18] کاردەکات، لە ژمارە ٤ ی سالی ١٩٩٦ ی گۆڤاری (دەرەوە) کە لە لایەن (دەزگای سیاسەتی دەرەوە) دەردەچی، لیکۆلینەوەیەکی زۆر تیر و تەسەلی سەبارەت بە رۆلی کوردەکان لە سیاسەتی ناوخۆی تورکیا لەم سالانەی دواییدا، کردوە. بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە سیاسەتناسی تورکی _ کوردی (حەمید بۆزئەرسەلان) وەرگرتوە، وەك سەرەتا لە هەلبژاردنەکانی سالی ١٩٩٥ وە دەست پیدەکا. ئەو لە زمانی (بۆز ئەرسەلان) دەگیریتەوە کەوا هەلبژاردنەکان _ ئەگەر ناوچە کوردنشینەکانی لیدەرکەین _ تا رادەیەك بە ئازادی دەکران.

پارتی ***HADEP*** (پارتی گەلی دیموکراتی) بەشداری هەلبژاردنەکانی کرد. ئەم پارتە جیگرەوەی دوو پارتی کوردی تر بوو، ***HEP*** (پارتی کارکەرانی گەل) و ***DEP*** ( پارتی دیموکراتی)، کە هەردووکیان لە لایەن حکومەتەوە لە سالانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ قەدەغە کران و سەرکردەکانیشیان گیران و خرانە بەندیخانەوە.

بەر لە هەلبژاردنەکانی سالی ١٩٩٥ ***HADEP*** شتیکی دامەزراند کە پیی دەگوترا بەرەی یەکگرتوو، کە بە تایبەتی لە چەپرەوەکان پیکهاتبوو. هەرچەندە ئەو بەرەیە لە دوای کوشتنی ٢٠ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی ***HEP*** و ***DEP*** پیك هاتبوو، بەلام لەگەل هەندیش هاریکاری نیوانیان لە راستیدا بە چاکی بەریوە دەچوو. لە کاتی هەلبژاردندا ***HADEP*** ٤,٢٪ ی دەنگەکانی هینا، بەلام دەبوایە لەسەرەوەی ١٠٪ ی دەنگەکانی بهینابا، تاوەکو بیتوانیبایە بەشداری پەرلەمانی بکردبایە.

بەلام ***HADEP*** لە راستیدا توانی وزە و توانایەکی بەهیز بخاتە گەر. لە دیاربەکر ***HADEP*** ٤٦,٧٪ ی دەنگەکانی وەرگرت، لە شارەکانی شیرناخ و سیرت گەیشتە ٢٢٪، لە ڤان ٢٧,٧٪، لە باتمان ٣٧,٤٪، لە هەکاری ٥٤,٣٪ ی دەنگەکانیان وەرگرت، دەبی ئەوەش

---

[18] زانکۆیەکی دانمارکیە.

بوتری کەوا لە هەندی ناوچە کوردیەکانی تر ئەنجامی هەلبژاردنەکان زۆر نزمتر بوو، تەنانەت لەو شارانەش کە دانیشتوانیان بە خۆیان دەلین کوردن.

کەچی پارتی رەفاە لەم شارانە بەرزترین ژمارە دەنگی هینا _ لە شوینیك گەیشتە سەرەوەی ٥٠٪، لە هەندی شوینی دی گەیشتە دەوروبەری ٣٠٪.

بەرای (بۆز ئەرسەلان) هۆی ئەنجامە خراپەکانی هەلبژاردن (جیاوازیە نەژادیەکانی ناوخۆی کوردەکان خۆیانە)، بە پیی گیرانەوەی (مەمەد ئومید نەجەف)

( بۆز ئەرسەلان) رای وایە بەرەوپیشچوونی پارتی رەفاە لە کوردستان زۆر جیاوازە _ هۆیەکی تەواو جیاوازی هەیە _ لەو بەرفراوانیەی وا جاریکی تر ئیسلامەتی دووبارە لە بەشەکانی تری تورکیا بەخۆیەوە دەبینی. زۆربەی زۆری گەلی کورد، تا رادەیەکی زۆر ئەو پارتە بە جیاواز دادەنین بە بەراوورد لەگەل پارتە نەتەوەییەکانی دی، کە بە ( بەرپرسیاریان دەزانن لە سیاسەتی توند و تیژی دەولەت لە ناوچە کوردیەکان لە لایەکەوە، کەچی لە لایەکی ترەوە، لە لایەنی (نیشتمانی) ەوە، توانای ئەوەیان هەیە خەلك بەو رادەیە بگەیەننە یەك، کە پەیوەندی لە نیوان کوردستان و بەشەکانی تری تورکیا دروست ببیت. ئەو قسانەی (مەمەد ئومید نەجەف) دەیانگیریتەوە، دووپاتی هەمان گۆشەنیگا دەکەنەوە کە سەرچاوەکانی تر بۆی دەچن سەبارەت بە هۆیەکانی بەرەوپیشچوونی پارتی ئیسلامی، ئارەزووی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بۆ سزادانی پارتە ترادیسیۆنەکانی دی.

# زیندانیکردنی ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان

لە مانگی مارس/ ئاداری سالی ١٩٩٤ بوو کە بەشی زۆری کۆمەلەی نیشتمانی تورکیا (پەرلەمان) بریاریدا ئیمونیتیتی[١٩] شەش کەس لە ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان هەلگری، کە بە تەواوەتی بە پیی دەستوور و یاسا هەلبژاردرابوون، دوابەدوای ئەمەش زیندانیان بکەن. بەم جۆرە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی تورکی پەردەیان لەسەر هەلویستی خۆیان سەبارەت بە دیموکراتی و مافی مرۆڤ هەلمالی. ئەندامانی *DEP* هەر ئەوەبوو تەنها تۆزی بە کوردی قسەیان کردبوو. کوردیش زمانیکی قەدەغە بوو. بیجگە لەم شەش کەسە، ئەندامیکی بیلایەن و ئەندامیکی تریش لە نوینەرانی پارتی رەفاه، کە ئیستا سەرۆکایەتی حکومەتیان بە دەستە[٢٠]، ئەوانیش گیران. پاشان ویستیان ئەوەی دواییان بیست سال زیندانی بکەن، چونکە رەخنەی لەوە گرتبوو بۆچی ئیسلام ناکەنە ئایینی رەسمی دەولەتی تورك، بەمەش راستەوخۆ لە دژی (باوکی تورکان) -کەمال ئەتاتورك- وەستابوو. یەکی لە ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان کە زیندانی کران، (خەتیب دجلە) ی سەرۆکی *DEP* بوو، پاشتریش ئافرەتی سیاسەتمەداری بە ناوبانگی کورد( لەیلا زانا) ش خرایە زیندانەوە. ئەمانە هەموویان دەیانزانی کە بە پیی بەندی ژمارە ١٢٥ بە تاوانی خیانەتکاری وولات تاوانبار دەکرین، دوای ئەوەی وایان بۆ هەلبەستان کە گوایە سیاسەتیکی ئەوتۆیان پەیرەو کردووە، کە ئامانجی تیکدانی

---

[١٩] حصانە، پاریزگاری

[٢٠] لەکاتی نووسینی ئەم کتیبەدا.

یەکبوونی دەولەتی تورکیایە. ئیتر هەر هەمان ئەم شتە لە سەدان هەل و مەرجی تـر و بۆنەی تردا، ناویان لینا جوداییخوازی. هەمووشیان دەیانزانی کە سزاکەیان یـان ئـەوەتا مەرگە، یاخود سالانیکی دوورودریژە لە زیندان. ئیتر هەر یەکسەر نارەزایی دەربرین لە دەرەوەرا بـە لیشاو بـەرەو تورکیـا دەسـتی پیکـرد، بـەلام زۆر سـەیرە کـە ئـەم نـارەزایی دەربرینە بەردەوام نەبوو. سەیرەکەشی لەوەدایە، پیشیلکردن لەوسـاوە بـە درندەتریـن شـیوە بەردەوامـە، ئەمـە راسـتیەکە لـە لایـەن حکومـەتی ئەمـەریکا و ئەمنسـتی ئینتەرناشینال دووپات کراوەتەوە.

پەرلـەمانی ئـەوروپا لـە برۆکسل، کـە تورکیـا گەرەکیـەتی ببیتـە ئـەندام تیـایدا، نارەزاییەکی توندی نارد، و لەمەش زیتر داوای کرد کە حوکمی زاتی بدریتە کوردەکان. وەزارەتی دەرەوە لە ئەنقەرە بە راشکاوی رایگەیاند، بە پیی یاسای تورکی هەر ئەوەندە دەکریت، سەرتاپای مەسەلەکە بۆ دادگا بەجی بهیلدری. سەرۆك (سلیمان دیمیریل) کـە تا رادەیکی زۆر نوینەری بیری کۆنە، بە توندی لە دژی کورد بـووە، رایگـەیاند کـە هـۆی ئەم مەسەلەیە بە سوك و سانایی دەگەریتەوە بـۆ ئـەوەی *DEP* پـەیوەندی توندیـان بـە *PKK* وە هەیە.

بە پیی کتیبی (شەهیدان، ناپاکان، وەلاتپاریزان _ *Martyres, Traitors and Patriots*) کـە لـە نووسـینی (میکـایل ئیگنـاتیف)یـە، *DEP* بریـاری دابـوو واز لـە هەلبژاردنـە خۆجییەکان بینی، کـە نیـاز وابـوو لـە ٢٧ی مـارس/ ئـاداری سـالی ١٩٩٦ بکریـت، چونکـە کاندید[٢١] و لایەنگرەکانی لە کاتی هەلمەتی هەلبژاردن لـە لایـەن سـوپاوە زۆر نارەحـەت کرابوون.

هـەر لـە زووەوە وا دانرابـوو ١٨ کـەس لـە ئەندامـە کوردەکـانی نـاو پەرلـەمان دەکری ببنە پەیوەندیەك لە نیوان حکومەت و *PKK*. یەکیك لە ئەندامەکانی کۆمەلی

---

[٢١] پالیوراو، مرشح

*DEP* لە نیو پەرلەماندا هەر زوو لە سالی ١٩٩٣ کوژرا، ٥٤ کەس لە کارمەندانی تری پارتەکە کوژران. زیتر لە ٧٠ کەس لە ئەندامانی *DEP* و پاشتریش *HADEP* (شوینگرەوەی) بە پیی کتیبی ناوبراو هاتنە کوشتن، دەوروبەری ٣٢٠ کاندیدی هەلبژاردنە خۆجییەکان تووشی گیران بوون. ٢٠ بارەگا و نووسینگەی *DEP* تەقیندرایەوە.

ئازاد مەولود

## شەر لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا

جیگای سەرسورمان نیە کە ئەم رووداوانە هاندەرن بۆ ئـەوەی چالاکیـەکانی *PKK*، تەنانـەت چالاکی تیرۆریستیش، پەرەبستینن. لەگـەل ئـەوەی لـە لایـەنی پرینسـیپەوە قبولیش ناکرین. بەلام مرۆڤ کاتێ سەفەریك بۆ ناوچەکە دەکات و لەگـەل نوینـەرانی چەندین پـارتی جیاجیـا دیتـە دوان، لەوانـە بەشـیك لـە کۆنـە پارتـە ترادیسـیۆنیە تورکیەکان، بەشیکی دیش لە پارتە تازە کوردیەکان، کە مەودای کاریگەریـەتی و خـەلك وەدووکەوتنیان سنووردارن، ئیتر مـرۆڤ تیدەگا و دەزانـی کـە بـەبی *PKK* نـاکری هیـچ ریککەوتنیك ئەنجام بدریت، تاوەکو تورکیا و هـەریمی کوردسـتان و هـەردوو نەتەوەکـە بە هیمنی بەرەو ئاشتی ببات. چەکدارانی *PKK* هیرش بـەدوای هیرشـیان دەبـردە سـەر سەربازەکان و کەرستە و تفاقیان، نەیان دەهیشت خویندنگاکان بە ئاسایی بەریوە بچن، چونکە ریزی زمانی کوردی نەدەگیرا. ژیانی مامۆستایان بیژمار تیکچوو. ئەمـە وایکـرد دیسان راوە پیشمەرگە و راگویزانـی خـەلك و رەشـکردنەوەی گوندەکـان دەسـپیبکاتەوە. هەندی کەس دەلین ٢٠٠٠ گوند تەقاندراوەتـەوە. بـە پیـی هـەندی سـەرچاوەی تـر ٣٠٠٠ ژمارەیەکی راسترە.

(مەمەد ئومید نەجەف) کە لەوەپیش شتمان لەزاری گیرایەوە، لـە ووتارەکـەی لـە (دەرەوە) نووسیویەتی کەوا بەلگەی هەیە بۆ ئەوەی کە شەری چەکداری *PKK*، شەریکی ناشـەرعیە. دیـارە هـەر ئـەو بـە تەنـها نیـە ئـەم بۆچوونـەی هەیـە، بـەلکو زۆر کـورد و

تورکی دیــش و ملیۆنــەهای تریــش بــە تایبــەتی لــە وولاتــانی رۆژاوا هەنــە، هــەمان بۆچوونیان هەیە.

بەلام ناشکری دوو قسەی باشی بی پیچوپەنا لەمەر ئەو شیوازە نەگوتری کە *PKK* بەکاری دینی. چونکە دەبی مرۆڤ ئەوە لـەبیر نـەکا، کـە چـەندەها نەتـەوەی دی هەیـە، کـە تـا رادەیـەك هـەمان نموونـە شـیوازیان بـەکارهیناوە لـە خـەباتی خۆیـان لـەپیناو ئــازادیدا. هــەر لــە نزیکــەوە دەتوانـــین نموونـــەی میللـــەتی خــوارووی ئــەفریقیا و ئەنگۆلیەکان و فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان بینینەوە. ئیمە کە باسی بـەکارهینانی شیوازی تیرۆریستی ئەو نەتەوانە دەکەین، لە میـانی جـەنگی رزگـاری خۆیـان، بیگومـان بۆ ئەوە نیە بەهانە بۆ *PKK* بینینەوە، بەلام شتیکی بەجییە ئەگەر وینەکە لە هـەموو لایەنەکانەوە ببینری.

ئایا *PKK* دەتوانـی بـە ریگای تـر بگاتـە هـەمان ئـەنجام، بـۆ نموونـە بــە ریگــای گفتوگۆ؟ بـە هــەر حـال نـاکری بوونــی ئـەم توانایــە رەت بکریتــەوە، *PKK* خۆیشـی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە لیدوان لەسەر باسی ئەم شیوازە بکات.

(مەمـەد ئومیـد نەجـەف) نووسـیویەتی، شـەری نیـوان *PKK* و دەولـەتی تـورك زیانی لە لایەك بەو خەباتە گەیاندووە کە کوردەکان لـە پینـاو مافـە دیموکراتیـەکانیان دەیکەن، لە لایەکی تریشەوە زیانی بـەو خەباتـە گـەیاندووە کـە گـەلی تـورك دەیکا لـە پیناو دیموکراتیەتیکی فراوانـتر. شـەری *PKK* کۆمـەلگای تورکـی کردۆتـە کۆمـەلگایـەکی عەسکەری، هیزە دژە دیموکراتیەکانی بـەتین کـردووە و دوژمنکاری لـە نیـوان هـەردوو نەتـەوە پـەیدا کـردووە. ئەگـەر مـرۆڤ ئـەم هەلویسـتەی بـە دلـیش نـەبی، پیویسـتە هەول بدا تیی بگات. ئەمە بناغەیەکە زۆربەی ریکخراوە نیودەولەتیـەکان کـاری لەسـەر دەکـەن، بـۆ گەیشـتن بـە خاوکردنـەوەی بارودۆخـە تونـد و تیژەکــان و لــە پینــاو بـەرپاکردنی ئاشـتی لـە جیـهاندا لـە ریگـای ووتوویـژ _ ووتوویـژی قـورس و بــەردەوام-

بـەلام دەبـی دانیـش بـەوە بـنری، مـرۆڤ زۆر بـە دەگمـەن گەیشـتۆتە ئـەم قۆناغـە بـەر لەوەی شەرە خویناویەکان کۆتاییان هاتبی. تا ئیستاش هـەندی لـە هەریمـەکانی تورکیـا لەژیر باری نائاساییدان، بارودۆخەکەیان تیـدا بەجۆریکە، کـە ووتوویـژ ریگایـەك نیـە بۆ گەیشتن بە ئاشتی.

لە تورکیا دوو ریکخراوی تورکی هەیە، لە ژیر هەلومەرجیکی یـەکجار سـەخت لـە پینـاو مافـەکانی مـرۆڤ کاردەکـەن، و هــەردوو ریکخراوەکـەش تـەواو بـە شـیوەیەکی رەسمی کاری خۆیان دەکەن. هەندیك لە کوردەکان و تورکە گومراکـان دەلیـن ئـەم دوو نووسینگە ئیسك سـوکەی مافـەکانی مـرۆڤ، ریگایـان پیـدراوە بوونیـان هـەبی و لەسـەر کاری خۆیـان بـەردەوام بـن، چونکـە ئەمانـە جـۆرە پـەریز پاگژیـەك لەبـەردەم جیـهانی دەرەوە پیشان دەدەن، گوایـە تورکیـا مەسـەلەی مافـەکانی مـرۆڤ بەهـەند هـەلدەگری و گرنگـی پیـدەدا. تورکـەکان خۆیـان وەکـو دەولـەتیکی سـەربەخۆ، ئـەو ئاگانامانـــەی مافەکانی مرۆڤیان مۆر کردووە، کە لەلایەن *UN* و ئەنجومەنی ئەوروپاوە دەرکراون.

یـەکیك لـەم دوو ریکخـراوە نـاوی *IHD* یـە، کـە بـەردەوام لیسـتە و خشـتەکان دادەریژی لەمەر ئەو فەزاعەتانەی لە بواری پیشیلکردنی مافەکانی مـرۆڤ لـە تورکیـادا روودەدەن. سـەرەرای ئەمـەش ریکخـراوە نیودەولەتیـەکانی وەك بـۆ نموونـە ئەمنسـتی راپۆرت سەبارەت بە باری ناو تورکیا دەردەکەن. لە سالی ١٩٩٤ ئەمنستی راپۆرتی لەمـەر پـەنجا حالـەتی (شـوینبزر کـردن) داوە، لـە سـالی ١٩٩٥ ژمارەکـە بـەلای کـەم ٣٥ حالـەت دەگریتەوە. ئەمنستی ئەوەش لەبیر ناکات کە باسی ئـەو دەسـدریژیانە بکـات کـە گوایـە بەرای خۆیان دەتوانن بیسەلمینن لەلایەن *PKK* وە کراون. لـە نیـوان سـالانی ١٩٩٣ – ١٩٩٥ نزیکەی ٤٠٠ کەس لە گیراو و مەدەنی بەدەسـتی *PKK* کـوژراون، زۆربـەیان لەبـەر ئـەوە بووە بوونەتە جاشـی حکومـەت، کـە ناویـان لینـاون (پاسـەوانی گوندەکـان). زۆر کـەس لەوانە ناچاری ئەو جاشاتیە کراون.

بە پیی راپۆرتەکانی ئەمنستی، ژمارەی ئەو کەسانەی لە لایەن *PKK* وە بە شیوەی ئەلـەکی[٢٢] لـە مـانگی ئـاب/ ئۆگوسـتی سـالی ١٩٩٤ وە لـە سـیدارە دراون، ژمارەیـان کەمبۆتـەوە. بـەلام لەگـەل هـەندیش لـە سـالی ١٩٩٥ پـەنجا کـەس لـە لایـەن *PKK* وە لـە سیدارە دراون، لە نیوەی یەکەمی سالی ١٩٩٦یش ١٦ کەسی تر لە سیدارە دراون. هەروەها ئەمنستی رونیکردۆتـەوە، بـە رای زۆربـەی تورکـەکان، دەولـەت لـە ژیـر فـەرمانرەوایی سـوپادایە، یـاخود ئـەوەتا سـوپا و سیاسـەتمەدارەکان بـە هاوبەشـی بـەریوەی دەبـەن. زۆربەیەکی ئەوتۆ لـە دانیشتوانی تورکیـا، کـە نکولـی لینـاکری، بـاوەر و متمانـەیان بـە سوپایە. دوور نیە هەر بۆیەشە تورکەکان، بە پیی رۆژنامەی (گاردیان) ی بـەریتانی لـە ژمارەیەکی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەری سالی ١٩٩٦، لەگەل ئەو نەخشەو پلانەدا بـن کـە بـۆ فراوانکردنـی سـوپا دانـراوە، لـە مـاوەی ئـەو ٣٠ سـالەی داهـاتوو ١٠٠٠ مليـار کرۆنـی دانمارکی [٢٣] لە سامانی کۆمەلگای تورکیا، تیدەچی. ئەمە مانای ئەوەیە مەسـرەفی سـوپا لەسەر دەولەت دەبیتە دووقات هیندەی ئەوەی ئەمرۆ.

پرۆژەکە بـەم شـیوەیە داریـژراوە کـە هـیزی ئاسمـانی و دەریـایی و هیزەکـانی سـەرخاك لـە سـالی ٢٠٣٠ بـە تـەواوی دەکرینـە هـیزی مۆدیـرن. گومـان لـەوەدا نیـە کـە بازرگانەکانی چەك، ئینجا چ دەولەت بن و چ کەرتی تایبەت، لەبەردەم مـامرەتیکی ئـاوا مەزندا ناولەپی خۆیان دەخورینن. هەروەها مرۆڤ دەتوانی ئەوە ببینی، ئەگەر دۆزەکە بە تەواوی بۆ نموونە بەلای ئیسلامیەکاندا وەرنەگەری، ئەوا بەشـیکی هـەرە زۆری ئـەو پارەیـە لـە لایـەن بـاجدەرە ئەمەریکیەکانـەوە دەدری، کـە بەلایانـەوە شـوینی سـتراتیژی تورکیا، بۆ بەرژەوەندیەکانی وولاتانی رۆژاوا یەکجار گرنگە.

---

[٢٢] عەشوایی

[٢٣] کە دەکاتە نزیکەی ١٢٥ ملیار دۆلار.

# مەترسی ئیسلامی

که ئەم چەشنە پلانانە ئامادە دەکرین و لەوانەیە جیبەجیش بکرین، ئەوا بەر لە هەموو شتیك دەگەریتەوە بۆ بوونی (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)، کە لە سەرکردە بالاکانی سوپا و سەرەك کۆمار (سلیمان دیمیریل)[24] و ژمارەیەکی کەم لە وەزیرەکان، لەوانە سەرەك وەزیران و وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری پیکدیت. لە راستیدا هەر ئەم لیژنەیەیە هەموو بریاریکی بەدەستە و لە گشت مەسەلە پر گیرمە و کیشەکاندا خاوەنی قسەیە. هەر لیرەشەوە بریاری رادەی تیکەلبوونی سوپا دەدری، لەو کاتانەی بۆ نموونە بیروباوەری ئیسلامەتی بە هەرەشە دەزانری لەرووی ئەو شیوەیەی دەولەتدا، کە (کەمال ئەتاتورك) بروای پی هەبوو.

لە رۆژی ١٠ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەری سالی ١٩٩٦سوپای تورك، بە پیی ئاژانسی رۆیتەر، رایگەیاند نزیکەی ٧٠ ئەفسەر و جیگری ئەفسەر لەبەر چەند هۆیەکی دیسپلینی کاربەدەر کراون، لەم حالەتەدا مانای ئەوەیە ئەمانە پەیوەندیان لەگەل ئەلقەی ئیسلامیەکاندا پەیدا کردووە. بۆ نموونە لەو راگەیاندنە رەسمیەی سوپادا هاتووە:

" لە دوای لیپرسینەوەی تایبەت بە نەبوونی دیسپلین و باری مۆرالی _ مەعنەوی _ لای ٣٣ ئەفسەر و ٣٨ جیگری ئەفسەر، بریار درا کەوا خزمەتەکەیان لە ریزی هیزە چەکدارەکانی تورکیا کۆتایی پی بهیندریت." ئەمە مەسەلەیەك بوو ریگای پیدرا

---

[24] ئیستا لە سەرۆکایەتی نەماوە.

بکەویتە سەر لاپەرەی رۆژنامەکان. لێرەدا ئەوەی دانەپۆشرا ئەوە بوو، ئەمانە هەموویان گومانیان لێدەکرا مەیلی ئیسلامییان هەبێ. کەچی مەترسی (بە ئیسلامکردن) یاخود ئەوەی پێی دەڵێن گۆرانکاری فۆندەمەنتالیستی لە ریزی هێزە چەکدارەکانەوە، بە بڕوای من زۆر کەمە، چونکە بەشێك لە پاشخانی دەوڵەتەکە لەوەدایە کە سنووریك بۆ رۆڵی ئیسلام هەبێ.

ئەگەر بێتو ئیسلام گەشە بکات _ ئەمەریکیەکان و هەندی لە کۆمەڵە سیاسیە ئەوروپیەکان زۆری پی نارەحەتن _ ئەوا بۆی هەیە دەوری سوپاش بە هەمان خێرایی و قەوارە کورژبێتەوە. لە لایەکی تریشەوە زیاد بوونی دەستڕۆیشتنی ئیسلامیەکان بۆ ماوەیەك، دەرفەتی سەربەخۆیی کوردەکان بەهێز دەکات، ئەمەش وەکو لەمەوپێش خستمانە روو، سوپا بە ئاشکرا لە دژیەتی.

# توركیا و ئەوروپا

تـوره و تونـدی لـه بەرامبـەر پیشـیلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ لـه تورکیــا بــه بــەردەوامی لــه لایــەن وولاتــانی رۆژاواوه دیتــه دەربریــن. دیــاره دیتــەوه بیرمــان پەرلەمانی ئەوروپی دوو بریاری توندوتیژی دەرکرد سـەبارەت بـه ئەندامیـەتی تورکیا لـه یـەکییتی گومـرگ و بـەپیرەوه نـەهاتنی ئـەو داخوازیانـەی بـۆ چاککردنی وەزعەکـه کرانــه پاشـکۆی بریــاری وەرگرتنــی تورکیــا. ســەرۆکی گروپــی سوسیالیســتەکان، و سوسیالدیموکراتەکان (پاولینا گرین) که خـەلکی بەریتانیایـە، زۆر بـه تونـدی نـارەزایی خـۆی دەربـری. ئـەم نارەزاییــه ووتوویژەکـانی تورکیـای سـەبارەت بــه گــیروگرفتی قوبرسـیش دەگرتـەوه. (پاولینـا گریـن) چاوپیکـەوتنیکی دریـژ و کـراوەی لەگـەل یـەکی لـه رۆژنامـه گرنگـەکانی تورکیـا *Turkish Daily News* کـرد، هـەندیك لـەو شـتانەی لەویدا گوتی:

” ئایا من دەبینم پارته سیاسیەکانی تورکیا بی پیچ و پەنا نیـازی خۆیـان ئاشـکرا بکەن، تاوەکو هەلویستی سیاسی خۆیـان بگـۆرن لەمـەر بـۆ نموونـه، مافـەکانی مـرۆڤ و دیموکراتی یاخود لەمەر مەسەلەی گۆرینی دەستوور؟.. نەخیر.

ئەگـەر ئەمـەم ببینیبایــه، لەوانــەبوو بهاتبامایــه سـەر ئــەو بـاوەرەی کــه ئــەوان بەلینـەکانیان بــه مەبەسـتی راسـت داوه، ئـەگینا خۆیـان دەخەنـه هەلویسـتیکی پـر مەترسی. بەلام من هیچم نەدی. هەر تەنها گویم له بەلینی تازه دەبی.“

ریکخراویکی ئەمەریکی _ بەریتانی هەیە بە ناوی *Peace in Kurdistan*، کە چوار کەسی بەناوبانگ سەرکردایەتی دەکەن: لۆرد ئاڤەری و ئەدیبان و نووسەران هارۆلد پینتەر و نوان چۆمسکی و ئارسەر میلەر.

شەش کەس لە ئەندامە ئافرەتەکانی ئەم ریکخراوە، وەکو نوینەر لە رۆژی ٦ ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەری سالی ١٩٩٦ سەردانیکی ئەنقەرەیان کرد تاوەکو دەسپیشخەری (رۆژیك بۆ لەیلا زانا) بخەنە بەردەم هەندی لە وەزیرەکانی حکومەتی تورکیا.

(لەیلا زانا) لە بری تیکۆشانی نەسرەوتووی، ژمارەیەکی زۆر پلە و پایەی شکۆمەندی و ریزلینانی وەرگرتوە، تەنانەت لەو ماوەیەش کە لە نیو چوار دیواری بەندیخانە دایە لە پیناو ئازادی و سەربەستی کورددا. لەوانەش (خەلاتی ئاشتی زاخانۆڤ) و (خەلاتی گولەباخی زیوین) لە لایەن (دیداری نیونەتەوەیی بزووتنەوەی کریکاران) لە دانمارك.

داواکاریەکەی ئەو گروپە ئافرەتەی باسمان کرد بۆ حکومەتی تورکیا، لە لایەن ٢٠٠٠ ئافرەتەوە ئیمزا کرابوو.

ناوونیشانی بەیاننامەکە (رۆژیك بۆ لەیلا زانا) بوو، تیایدا هاتبوو، کەوا (لەیلا زانا) بۆتە نیشانەیەك بۆ خەبات کردن لە پیناوی مافی کوردەکان و ناسنامەی کەلتوریان، بۆیە سەرجەمی ئەو ٢٠٠٠ ئافرەتە ئامادەن رۆژیك لە شوینی (لەیلا زانا) بچنە بەندیخانە، تاوەکو دەرفەتی ئەوەی پیبدەن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بی، بیتە دەرەوە و هەوای ئازادی هەلمژی. بەلام جیگای سەرسورمانی خوینەرانی ئەم کتیبە نیە، کەوا دەسپیشخەریەکە نەگەیشتە هیچ ئەنجامیك. تورکیا ئامادە نەبوو (لەیلا زانا) بەربدا، کە ١٥ سال فەرمانی زیندانی بەسەردا براوەتەوە، بەلکو دوو ئەندامی تری پەرلەمانی بەردا کە ئەوانیش (ئەحمەد تورك) و (سەدات یۆرتاش) ی ئەندامانی *DEP* بوون، کە لە کاتی خۆیدا لەگەل لەیلا حوکم درابوون.

بەلام حوكمەكەی ئەوان سووكتر بوو. دیارە ئەمە لە ئەنجامی زەختی ئەمەریكا بووە، لەو كاتەی جیگری وەزیری دەرەوەیان بۆ كاروباری مرۆڤایەتی دوو جاران سەری لە توركیا دا. هەروەها بەندی ژمارە ٨ لەمەر جودایخوازیەوە لە یاسای دژی تیرۆر كە لەوەپیش باسمان كرد، تۆزیك نەرم كرا، یەكسەر لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا دەسخۆش و ئافەرینی لیكرا.

(نیكولاس بیرنز) ی قسەكەر، پیرۆزبایی لە پەرلەمان و گەلی توركیا كرد، و ئەمەی ناونا _ هەنگاویكی پۆزەتیف بەرەو دیموكراتی و مافەكانی مرۆڤ _. لە راستیشدا هەروا بوو، بەلام هەنگاوەكە كورت بوو.

سەبارەت بە بەردانی هەردوو پەرلەمانتاری *DEP*، (بیرنز) گوتی، ئیستا مرۆڤ بە پەرۆشەوە چاوەروانی چارەسەری ئەو مەسەلانە دەكا، كە بۆ تیهەلچوونەوە[٢٥] خراونەتە بەردەم دادگاكانی توركیا و دادگای ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ مافەكانی مرۆڤ.

(بیرنز) ئەوەی وەبیر هانیەوە كەوا توركیا هەر لە پیشوەخت بەلینی داوە ریزی بریارەكانی ئەم دادگایانە بگریت.

لەم بوارەدا هیچ باسی (لەیلا زانا) نەكرا. بیگومان ئەگەر بهاتبا توركیا حوكمەكەی ئەوی سوك بكردبایە، دەسكەوتی سیاسی زۆری لە دەرەوە وەدەس دەهینا. لە توانادا بوو ئاماژە بۆ نمونە بۆ نالەباری تەندروستی بكریت، یاخود بە سەرنجدانیكی سوك و ساناهی ئەو بنەمایانەی حوكمەكەیان لەسەر وەستاوە. بەلام ئەمەیان لەبەر دوو هۆ نەكرد، یەكەمیان ئەوەبوو كە خۆیان توند بەوە بەستەوە (هەرچەندە راستیش نیە) گوایە هەر بریاریك پەیوەندی بە ماوەی زیندانیەكەوە هەبی، پیویستە لە لایەن دادگاكانەوە بە هاریكاری لەگەل داواكاری گشتی وەربگیری. ئەمان لەكاتیكا خۆیان بەمە بەستەوە، هەر كەسیك كەمیك ئاگادار و شارەزای توركیا بیت دەزانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەیتوانی فەرمانی بەردانی بدابایە، هەر نا ماوەیەك بۆ

[٢٥] ئیستیئناف، تەمییز

تاقیکردنەوە.[٢٦] هۆی دووەمی ئەوەی کە دەرگاکانی زیندانەکەی (لەیلا زانا) هەر بە داخراوی مانەوە ئەوەبوو، لە لایەنی سیاسییەوە، سووککردنی حوکمەکەی لە نیو دانیشتوانی تورکیاوە زۆر پەسەند نەبوو.

جگە لە هەندیش حکومەتی ئەمەریکا لە کاتی سەرنج و بیرورا گۆرینەوەدا، لە لایەن ئەو شاندەی بۆ مەسەلەی *DEP* هاتبوو، ئەوەی پیشاندا کە ئارەزوو دەکات تورکیا لە یەکییتی گومرگ بمینیتەوە، رۆژیك بیت ببیتە ئەندامی *EU*.

ئایا ئەمە لە بنەرەتدا مەسەلەیەکی ئەمەریکی بوو؟ بەلی، مرۆڤ پیویستە دانی پیدا بنی.

مرۆڤ بە رادەیەك لە دلنیاییەوە دەتوانی بیسەلمینی، کەوا ناهیلن تورکیا وەکو ئەندامیکی تەواو بیتە ناو ئەو کۆرە گەرمەی ئەوروپا کە پیی دەوتری (یەکییتی ئەوروپا) تا بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ بە رادەیەکی زۆر چاکتر نەکری.

بیگومان حکومەتی وا هەن لەناو *EU* دا، ئامادەن یەکسەر دەرگاکان ئاوەلا کەن، بەلام بەرهەلستی لە ناو پەرلەمانەکان، لەوانەش پەرلەمانی ئەوروپی خۆی، زۆر بەهیزە، تورکیاش لە بواری تر ئەوەندە بە کیشە و ژانەسەرە، کە هەر باسلیکردنی وەرگرتنەکەی چەندەها سال دەکیشی. جگە لەوەش یۆنان هەرچی لەدەستی بیت دەیکا تاوەکو تورکیا وەرنەگیری، چونکە یۆنانیش وەکو هەموو وولاتانی دی، لە مەسەلەی وەرگرتنی ئەندامان، مافی ڤیتۆی هەیە. لە هەمان کاتدا لەو لیدوان و گفتوگۆیەی لە ئارادایە سەبارەت بە فراونکردن و زیادکردنی ئەندامانی *EU*، تیبینی ئەوە دەکری کە بە هیچ شیوەیەك ناوی تورکیا نایەت.

دیارە ئەمەریکا بەرژەوەندی لە جۆرە گۆرانکارییەکە، هەلومەرجیکی باشتر بۆ مافەکانی مرۆڤ و سەقامگیریەکی سیاسی زیتر بۆ تورکیا لەگەل خۆی بینی. هۆیە

---

[٢٦] لە ئەوروپا زیندانیەکان ماوەیەك بۆ تاقیکردنەوە بەردەدرین، بۆ ئەوەی سەیری رەفتاریان بکریت، بە بەراورد لەگەل ئەو تاوانەی لەسەریان گیراون.

ستراتیژی و بەرژەوەندی ئامێرەکان هەر لە زووەوە راڤە کراون. بەلام ئەمەریکاش پێویستی بە تورکیای دۆستی هەیە، بۆ مەسەلەی کۆنترۆلکردنی گۆرانکاریەکانی باکووری عێراق، کە دیارە تا ئیستاش ئەرکێکی ئاسان نیە. لێرە، لە بنکە تورکیەکانەوە، فرۆکە کۆنترۆلکەرەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا ئەوا بۆ ماوەی شەش سال دەچێ[27]، کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، بێگومان جێگای سەرسورمانە لە دوادوایی سالی ١٩٩٦ فەرەنسیەکان رایانگەیاند خۆیان لەو هاریکاریە دەکێشنەوە. ئەمەریکیەکان و بەریتانیەکان زۆر دلیان لەمە شکا. لە لایەنی پرینسیپەوە، پاشخانی ئەم کۆنترۆلکردنە چاوەدێری کردنی سەربازەکانی عێراق و نیازەکانی (صدام حسین) بوو لە ناوچەکەدا. لەم بوارەش ئەمەریکیەکان رۆلی سەرەکییان گیرا. بەلام لەوساوەی (جاك شیراك) سەرۆکایەتی گرتۆتە دەست، فەرەنسیەکان چیتر ئەمەیان پێخۆش نیە. بەکورتی فەرەنسا حەز دەکا دەستێکی زۆرتری لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەبێ، ئەو ئارەزووەشی بە هیچ جۆرێك کەمتر نەبۆتەوە، لە دوای ئەوەی (صدام حسین) جارێکی تر رێگای پێدرا دەست بە نەوت فرۆشتن بکاتەوە، ئەگەرچی بە قەوارەیەکی سنووردارێش بێت. گومان لەوەدا نیە فەرەنسیەکان بەزۆر خۆیان دەکەنە خاوەن رۆلێکی مەزنتر، ئەویش لەبەر مەسەلەی پیترۆلە. خۆکێشانەوەیان لە لایەنی عەسکەریەوە ئەوەندە گرنگ نەبوو، چونکە دیارە ئەمەریکیەکان ئامادەن ئەو کەلێنە پرکەنەوە کە فەرەنسیەکان لەدوای خۆیان بەجێی دێلن. بەلام نکولی لەوە ناکری کە کۆنترۆلکردنەکە لە سەرەنجامدا بە جۆرێك لاواز دەبێ، کە دەرفەتی هێزەکانی (صدام) زیاد دەکا تاوەکو بتوانن خۆیان بخزیننە ناوەوە، قوربانیەکانیش هەمدیس کوردەکان دەبن. بە هەمان شێوە کوردەکان دەبنە قوربانی سیاسەتەکەی (ئەربەکان) ی سەرەك وەزیرانی تورکیا، کە لە هەلویستە ئاینیەکەی پارتی رەفاهەوە سەرچاوە دەگری و دەیەوی پەیوەندیەکانی لەگەل وولاتە

---

[27] لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا.

عەرەبەکان باش بکات. ئەمە لە بەرژەوەندی واشنتۆندا نیە. ئەوان حەز بە (بەئەوروپا کردنی) تورکیا دەکەن.

گەلیك لە ئەمەریکیەکان وای بۆ دەچن کە روو خۆشی و لوتف نواندن بەرامبەر تورکیا (سەرەرای پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤیش) بە ئاسانتر دەبیتە هۆی وەدیهینانی (بەئەوروپاکردن) یکی ئاوا، کە سەقامگیریش لەگەل خۆی دینی، لەوەی هەرەشەی وەدوور گرتنیان لیبکریت، لەبەر پەسەند نەکردنی ماف و خواست و ویستە سروشتیەکانی کوردەکان. بەلام وەکو دەزانین، گرتنی دوو ئەسپ بەجاریك زەحمەتە[28]. مرۆڤ دەتوانی ئەم هەلویستەی ئەمەریکا ناو بنی دوو _ پیوانەیی، یاخود (دوو _ روویی).

(ئەربەکان) لەم ماوەیەدا هەر راست و دروست ئەمەریکای بە دوو روویی گوناهبار کرد _ بەهەر حال بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ.

(ئەربەکان) پیی وابوو ناهەقییە ئەمەریکا تا ئیستا ئیران و عیراق و لیبیای دابریوە و جودای کردوونەتەوە. دەسنیشانی ئەوەی کرد کەوا ئیسرائیل چەندین جار بە بریاری *UN* مەحکوم کراوە، بەلام کەسیك هەولی نەداوە بەزۆر بریارەکانی بەسەردا بسەپینی. کەچی کە عیراق یەك بریاری بەزاند، بە سەدان تۆن بۆمبای بەسەردا هەلدرایە خوارەوە، ئەمەش بەرای (ئەربەکان) مامەلەیەکی دوو _ پیوانەییە. هەمان شیوە رەفتار، بەرای (ئەربەکان) لە بۆسنیا و کەشمیر و چیچانستان کرا.

بیگومان ئەم جۆرە قسانە حکومەتیان لە واشنتۆن پەست کرد، بەلام دیسانەوە لەبەر هۆی ستراتیژی و بەرژەوەند ئامیر زۆر کەم بەرپەرچیان دایەوە، ئەمەش بە شیوەیەك لە شیوەکان گوناهبارکردنەکەی (ئەربەکان) ی پتەوتر کرد، کە دەلی ئەمەریکا دوو _ پیوانەییە.

---

[28]پەندیکی دانمارکیە و ماناکەی لەخۆیەوە ئاشکرایە.

نەخشــە و پلانــەکانی (ئەربــەکان) بــۆ ســەردانی لیبیــا و ئــیران بوونــە هــۆی نارەحەتیـەك، بـەلام نەبوونـە هـۆی ئـەوەی ئەمـەریکا گوشـار بخاتـە سـەر تورکیـا. بـە پیچەوانەوە، بریار درا کەوا یـەکیك لـە نزیکـترین راویژکـارە تایبەتیـەکانی (ئەربـەکان) بانگی ئەمەریکا بکریت بۆ ووتوویژ لەمەر باری ئابووری. (ئەربەکان) لە بەرامبەر ئـەم بانگکردنە، ئەوپەری خۆشحالی خـۆی دەربـری، لـەوەش زیـتر گوتـی ئـەم سـەردانە بـۆی هەیە کۆمەلی تیك نەگەیشتن ساغ کاتەوە و نەهیلی.

# کلکلەی۲۹ وۆتەرگیتی تورکیا

ژمارەیـەکی زۆر خـراپ لەیەکگەیشـتن هـەبوو، هـەرچۆنیك بوایـە دەبوایـە روون بکرینەوە.

له سەرەتای مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ۱۹۹٦ کارەساتیکی ئوتومبیـل له نزیك شاری (سورسورلوك) روویدا. لۆریەکی گـەورە و ئوتومبیلیکی ئاسـایی تایبـەت لیکدەدەن، ئەم کەسانەی خوارەوە لەناو ئوتومبیله ئاساییەکەدا دەبن:

* ئەندامیکی پەرلەمانی سەر بە (پارتی ریگای راست) بە ناوی (سەدات بوجاك) .

★بەریوەبەری پۆلیس (حوسین کوجاداغ) خەلکی شاری ئەستەنبول دەبی.

*سەرۆکی مافیا (عەبدللا جاتلی).

هەروەها قسەی ئـەوتۆش هـەبوو، دەلیـن گوایـە ئافرەتیکیشـیان لەگـەلدا بـووە کـە جاران شاژنی جوانی بووە.

لەوانە تەنها (سەدات بوجاك) رزگاری بوو، ئەوانی تر مردن. ئەوەی لیرەدا جیگای سـەرنجە، بوونـی (عـەبدوللا جـاتلی) بـوو لـەناو ئوتومبیلەکـەدا، چونکـە ئەنتـــەرپۆل و پولیسـی تورکی لـەدوای ئــەم کابرایــە دەگــەران، لەبــەر ئــەوەی خــەلکانی چــەپرەوی کوشتووە و دەستی له هەولی کوشتنی (پاپا) له رۆما هەبووە. لەسەرەتادا زۆر زەحمـەت بـوو دەسـەلاتداران بتوانـــن ئــەوە روون بکەنــەوە، چــۆن ئــەندامیکی پەرلــەمان و بەریوەبەریکی پۆلیس و سـەرەك مافیایـەك لـەناو یـەك ئـەتومبیلدا بـوون. لـەو کاتـەدا

[29] فەزیحەت

بەدەرکەوت کەوا (جاتلی) هەر لە کاتی کۆدیتاکەی سالی ۱۹۸۰ وە لە دەزگای موخابەراتی تورکی دامەزراوە.

کە مەسەلەکە لە رۆژی ۲۷ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەر کەوتە بەر لیکۆلینەوەی پەرلەمان، نوینەریکی دەزگای موخابەراتی تورکی بە ناوی (مەمەد ئەیمور) دانی پیانا کەوا ئەو (جاتلی) یەی ماوەیەکی دوور و دریژە لە لایەنی رەسمیەوە پۆلیس بەدوایدا دەگەری و خۆی نەداوەتە دەست، لە لایەن دەولەتەوە بەکار هینراوە بۆ جیبەجیکردن و ئەنجامدانی چەندین ئەرك و فەرمان لە ناوەوە و لە دەرەوەی تورکیا.

(جاتلی) لە کاتی خۆیدا سەرەکی ریکخراویکی نهینی راستڕەوەی تیرۆریستی بوو بە ناوی (گورگە بۆرەکان)، هەر لە ریگای ئەم ریکخراوەش بوو چەك و پاسپۆرتی ساختەی لە دەسەلاتدارانەوە بۆ دەهات. هەر ئەو (جاتلی) یەش بوو یارمەتی (مەمەد عەلی ئاقچا) یدا کە لە سالی ۱۹۸۱ ویستی (پاپا یۆحەنناى دووەم) بکوژی.

نوینەری دەزگای موخابەرات (مەمەد ئەیمور) لەبەردەم لیژنەی لیکۆلینەوەدا گوتی، کەوا ئەمان (جاتلی) یان لە دەرەوە بەکارهیناوە، لەبەر ئەوەی (ناچار بووین)، بەلام هەرکە زانیمان بازرگانی نارکۆ _ مخدرات _ دەکات، ئیتر کارکردنمان لە گەلیدا راگرت.

جاری یەکەم مەسەلەکە بەوە کۆتایی پی هینرا، وەزیری ناوخۆ (مەمەد ئاغار) کە پیشتر بەریوەبەری پۆلیسی سەرانسەری تورکیا بوو، کاربەدەر کرا.

بەلام کاردانەوەی (نەجمەدین ئەربەکان) سەبارەت بەم مەسەلەیە چی بوو، ئەوە تا ئەمرۆش دیار نیە. ئەو دەیویست خۆی وەك پیاویکی رەوشت بەرز پیشان بدات، بەلام هەر چۆنی بیت، مرۆڤ دەتوانی ئەو وەك ناسیونالیستیکی نموونەیی بژمیریت.

ئەو ناسیونالیزمە[30] بەهیزەی لە تورکیا هەیە، چەندین سالە شانی کەسانی وەکو (ئەجەوید) و ( تانسۆ چیلەر) ی گرتوە، کە چەندین سالی لە ئەمەریکا بەسەر بردووە،

[30] نەتەوەپەرستی.

ئەو ناسـونالیزمە دوور نیـە یـەکیك بـی لـەو هۆیانـەی ئـەو بارودۆخـەیان لـە وولاتەکـە خولقـاندووە. لـەژێر هـەر بـارودۆخیکدا بیـت، تورکیـا پیویسـتی بـە رادەیــەك لــە ئینتەرناسیونالیزمی هەیـە تـاوەکو بتوانـی ببیتـە ئـەندامیکی تـەواو و رەوای یـەکییتی ئـەوروپا، کـە دەمیکـە مەبەسـتیەتی. بـەرای (ئەرەبــەکان) وولاتــانی رۆژاوا پالیــان بــە تورکیـاوە نـاوە و دووریـان خسـتۆتەوە، بـەلام ئامـاژە بـۆ هـۆی یـاخود هۆیــەکانی ئــەم دوورخستنەوەیە ناکات. چونکە هۆیەکان زۆرن.

ئەلبەتە دەبیتە ریایی ئەگەر نکولی لەوە بکریت، کە ئەندامانی ئیستای یـەکییتی ئـەوروپا تۆقیـون لەترسـی ئـەو بیکاریـە زۆرەی لـە تورکیـادا هەیـە، چونکـە هیـزی کـار هەرنەبی لە لایەنی تیۆریەوە دەتوانی بە ئـازادی لـە سـنوورەکانی نـاو ئـەم یەکییتیـەدا بپەریتەوە.

هەندیك سەرچاوەی تورکی وا دەردەخەن، کـەوا ئەندامیـەتی تورکیـا لـە یـەکییتی گومرگ چەندەها ملیار دۆلاری زەرەر پی گەیاندووە، لەبەر ئەوەی ئەو داهاتەی لـە بـاج وەرگرتن دیتە دەستی هەمووی لەکیس چووە.

پەرلـەمانی ئـەوروپی تـا ئیستاشـی لەگـەلدا بیت قاسـەی پارەکـەی داخسـتووە، کـە قەول بوو ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری لی بدریتە تورکیا، بە مـەرجی تورکیـا دەسـت بکاتـە کـاری پەیوەسـت بـە مافـەکانی مـرۆڤ و ریزیـان لیبگریـت. بـەلام تورکیـا ئـەوەی نـەکرد. زۆر دوریش نیە تورکیا لەبەردەم دادگای (ستراسـبۆرگ) لەسـەر کۆمـەلیك مەسـەلە تاوانبـار بکریت.

(ئەربـەکان) بـە شـیوە و روخسـار لـە باپیرەیـەکی بەتەمــەنی روخـۆش دەچـی، کە دەیەوی باشترین شت بۆ مندالەکانی خۆی بکات. هـەروەها لـە هەلسوکەوتی لەگـەل بیگانانیشـدا پیـاویکی بـە لوتفـە. بـەلام وەکـو لیـی بـاس دەکـەن، دەلیـن لـە کۆبوونــەوە داخراوەکانی ناو پارتەکەی خۆی زۆر تونـد و تیـژ و رەقـەکارە. گـەورەترین گیـروگرفت

لەبەردەمی ئەو چاککردنی ئابووری تورکیایە. ئەگەر بەراستی بتوانی ئەمە بکات، ئەوا خەلکیکی زیتر دینیتە سەر کار و دەتوانی ئاستی گوزەران بەرز بکاتەوە، گەشەکردن سەقامگیر بکات، وولاتەکە بگەیەنیتە ئاستیکی باشتر بە بەراورد لەگەل باقی ئەوروپا، کەوا چەند سالە بە ملیارەها پارەی لە تورکیا خستۆتە کار، بە تایبەت ئەلمانەکان.

چارەسەری تورکیا لە خۆبەدوورگرتن و خۆدابریندا نیە، بەلکو لە هەولیکی دلسۆزانەدایە بۆ لابردن و نەهیشتنی هەندی لەو هۆیانەی وولاتەکەیان بەراستی دابریوە. خوایە بمان پاریزی _ تورکیا ئەندامە لە *NATO* و ئەنجومەنی ئەوروپا و *OSCE* و هاریکاری ئیسلامی و زۆرانی تر. بەلام خۆیان قەدری ئەمە نازانن کە وولاتیکی دلگیریان هەیە، جیگای یەکجار خۆشی تیایە و خەلکەکەی زۆر زۆر بە لوتف و روخۆشن و تا بلیی میوانراگرن. من بیست جارم تورکیا بینیوە و خۆم دەزانم باسی چی دەکەم.

# مەسەلەی کورد

بیگومان زۆر گرنگە ئەگەر ئەو حکومەتەی ئیستا یان حکومەتی داهاتوی تورکیا زات بکات و تەکانیك بداتە خۆی، یاخود دەسپیشخەریەك بکات بۆ گفتوگۆ، یەکەم جار لە بارەی کوردەکان و پاشتریش لەگەل کوردەکان. ئەوەی راستی بی نکولی لەوە ناکری کە گفتوگۆ تا چ رادەیەك پیویستە، هەرچەندە هەندی کەس هەنە ئەو نکولیە دەکەن. (ئەربەکان) یش دەزانی لە سالی ١٩٩٦، بەپیی نووسینگەی رۆژنامەگەری نیودەولەتی ئەلمانی *DPA*، ٣٥٠٠ کەس لە تورکیا کوژراون. لەوانە ٢٧٨٢یان لەو کەسانەن ناویان ناون (تیرۆریستە جوداییخوازەکان) _ مەبەست کوردەکانە- کە بەشی سەرەکیان دەبی پیشمەرگەکانی *PKK* بووبن. ٥٣١ کەس لەوانە بوونە کە پییان دەلین پاسەوانی گوندەکان[٣١] کە بەدەستی *PKK* کوژراون، هیرشەکانی *PKK* بوونەتە هۆی مردنی ١٤٢ کەسی دی. لە راستیدا *DPA* ئەم ژمارانەی لە یەکی لە نووسینگە رۆژنامەگەریەکانی تورکیاوە وەرگرتووە، ئەگەر لە راستی نزیك نەبانایە ئەوا هەرگیز بلاوی نەدەکرنەوە.

ئایا ئەم ژمارانە راگەیاندنە بەردەوامەکانی حکومەت دەسەلمینن، کە دەلین خەریکە مەسەلەی کورد بە زەبری هیزی سەربازی چارەسەر دەکەن، لە ژیر هەر هەلومەرجیکدا بیت بەردەوام سوپا لە دژی کوردەکان دەخەنە کار تا ئەو رۆژەی تورکیا دەسەلاتی تەواوی دەبی؟

---

[٣١] مەبەست جاشەکانە.

لەوانەیە مەبەست و ئامانجەکە روون و ئاشکرا بێت، بەلام ئەوەی راستی بێت سوپای تورکی بە هەموو حیسابێك ناتوانی پێشمەرگەکانی *PKK* رابگری، چونکە ئەوان پشتیوانیەکی دیار و ئاشکرایان لە ناوچە کوردیەکان هەیە _ بە هەمان شێوەی پێشمەرگە ڤیتنامیەکان کە بە رادەیەکی بەرفراوان یارمەتیان لە خەلکە مەدەنیەکەی دانیشتوانی وولاتی خۆیان وەردەگرت- مرۆڤ دەبێ ئەوەشی لەبیر نەچی کەوا کوردەکان بەشەری ناوچە شاخاویەکان راهاتوون.

ئەو هەلەی لە دەست (ئەربەکان)ە لەوانەیە لەوەدا بێت، پێ لە راستیەکە بنێت و بە جۆرێك بەرەو کوردەکان بکرێتەوە، وەك ئەوەی خۆی لەکاتی هەلمەتی هەلبژاردنەکان جاری بۆ دەدا.

مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێودەولەتیە، نەك هەر لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری کوردەکان بە لایەنی کەمەوە لە پێنج هەریمی جیاواز، لە پێنج وولاتی جیاوازی سنوور بەسەر یەکەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراست دەژین. بەلکو زۆر لە کوردەکان ناچار بوونە لەو وولاتانە رابکەن و لە چەندین شوێنی تری ئەم دونیایە سەر هەلبدەنەوە، لەپێش هەموو ئەو شوێنانەش لە ئەوروپا. لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی و مرۆڤایەتیەوە، ئیمەمانان تا رادەیەك ناچارین خۆمان بە چارەنووسی کوردەکانەوە خەریك بکەین.

ئەم هەلویستە لە دانمارك بووە هۆی دامەزراندنی کۆمیتەیەکی دۆستایەتی دانمارکی _ کوردی و کۆمیتەیەکی دانمارکی بۆ مافەکانی مرۆڤی کورد. ئەمانە هەریەکەو لەلای خۆیەوە هاریکاری لەگەل ئەم *NGO*[٣٢] ی خوارەوە کردووە:

١) دیداری نێودەولەتی بزووتنەوەی کرێکاران.

٢) رێکخراوی یارمەتیدانی پەنابەران لە دانمارك.

٣) مەلبەندی دانمارکی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

---

[٣٢] Non Government Organisations، ئەو رێکخراوانەی سەر بە حکومەتەکان نین.

٤) کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان.

لە ئەنجامی کەم و زۆر هاریکاریەکی ریك و پیك شاندیك پیکهیندرا لە (ڤیللۆ سیگوەردسن _ وەك نوینەری کۆمەڵەی دۆستایەتی) و (کلاوس سلاڤنسکی _ وەك نوینەری مەلبەندی مافەکانی مرۆڤ) و(منیش) و (لاسە بودتز _ وەك نوینەری سۆسیالدیموکراتەکان).

ئەم شاندە کۆمەڵیك سەردانی بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست ئەنجامدا، تاوەکو لە کیشەی کوردەکان بکۆلیتەوە و بە ئەندازەیەکی دیاریکراویش پیشنیاری چارەسەر کردن بخاتە روو، بە تایبەت سەبارەت بە ووتوویژیکی تازە. کاری شاندەکە بە شیوەی سەرەکی لە دەوری تورکیا و عیراق چەقی دەبەست، بەلام وولاتانی تریشی دەگرتەوە و نوینەری ئەوانیش ئامادە دەبوون.

لە یەکیك لەو جارانەی لە تورکیا ماینەوە، بە تایبەتی لە ئەنجامی هەولی بالویزخانەی دانمارك، دەرفەتمان پیدرا لە بەندیخانە سەردانی (لەیلا زانا) بکەین.

چەندەها خەلکی دیپلۆماسی دانمارکی، بە شیوەیەکی تایبەت ئەوانەی ئەنقەرە، زۆر بە دەنگ شاندەکەوە هاتن و یارمەتیەکی زۆریان دا. لە هەمان ئەو سەردانەی کە دەرفەتی ئەوەمان وەرگرت بە دوور و دریژی لەگەل (لەیلا زانا) دا بدویین، سەرەك وەزیرانی پیشوو[٣٣] (ئەنکە یۆرنسن) و نووسەر و رووناکبیر (نیلز بارفۆید) یشمان لەگەل بوو..

لەسەردانیکی پیشووتر توانیمان بە ئازادی یان نیمچە ئازادیەك چاومان بە (لەیلا زانا) بکەوی، چونکە هیچ گومان لەوەدا نەبوو ئەو گفتوگۆیانەی لەگەل نوینەرە سیاسیە رەسمیەکانی لی بترازی، ئەوانی تر هەمووی لە ژیر سۆراخ و تاقیبی پیاوەکانی موخابەرات بوون. ئەمەش تا رادەیەك بەلای ئیمەوە گرنگ نەبوو، چونکە ئیمە شتیکی ئەوتۆمان نەبوو بیشارینەوە، کە لە سەفەرەکەشمان گەراینەوە، زۆر بە

[٣٣]( ئەنکە یۆرنسن) بۆ ماوەیەکی زۆر لە سالانی حەفتاکان سەرەك وەزیرانی دانمارك بوو.

تیر و تەسەلی لە رۆژنامە و گۆڤارەكان باسی ئەو ئەزموون و دیمانە سیاسـیانەمان كـرد، ووتارمان لەبارەی كیشەكان و لایەنە سەرەكیەكان نووسی. قسـەمان لەگـەل ژمارەیـەكی زۆر لـە سیاسـەتمەداران كـرد، بـە تایبـەتی لەگـەل سۆسـیالدیموكراتەكان، بـەلام ئـەوەی راستی بی لەگەل زۆر لە پارتـەكانی دیـش و لەگـەل هـەندی لـە وەزیرەكـانیش قسـەمان كرد. بە شیوەیەكی گشتی روویكی خۆشیان پیشان دەداین و گوییـان لـە پرسـیارەكانمان رادەگرت، كە ئیمە بە مەبەستی روونكردنـەوە دەمانپرسـین، هەرچـەندە هـەموو جـاری لە مەبەستی پرسیارەكانمان نەدەگەیشتن.

_ كوردەكان هیچ گیروگرفتیك نانوینن. من خۆم كوردم.... (حیكمـەت چـەتین) ی وەزیـری دەرەوەی ئـەوسـای سۆسـیالدیموكراتەكان چـەندین جار ئـەم قسـەیەی دووبـارە كردەوە.

من زیتر وای بۆ دەچـم و پیـم وایـە ئـەو روخۆشـیە لەگـەل گرنگی و جیددیـەتی كیشەكە نەدەگونجا. بەلام دەشبی توركەكان هەر خۆیان وابن، جگـە لەمـەش سـی كـەس لە ئیمە لە لایەن حكومـەتی توركیـاوە خراینـە (لیسـتی رەش) دوە و ریگـای سـەفەرمان بۆ توركیا لی قەدەغە كرا ( كە هیوادارم ئەمە كـاتی بـی )، لـە دوای ئـەوەش مـن چـاوم بە هەندی سیاسەتمەداری تـورك كـەوتوە، لـەو كەسـانەی مـرۆڤ دەتوانـی بـە هیمنـی و بە ئەندازەیەكی چاك لە لوتف و روخۆشی گفتوگۆیان لەسەر مەسـەلەی كوردا لەگـەلدا بكـات، بـەلام هـەر وەك جـاران، بـی ئـەوەی هیـچ رەزامەندیـەك بنوینـن. یـەكی لەوانـە وەزیری دەرەوەی پیشوو (مومتاز سۆیسال) بووو كـە لـە سـەرەتادا وەك *SF* یـك دەسـتی پیكـرد، پاشـتر بـووە سۆسـیالدیموكرات و ئیسـتاش سـەر بـە سـوپەر نەتەوەپەرسـتەكەی (بلند ئەجەوید) ە، بەلام پارتەكە لە رووی كۆمەلایەتیەوە پارتیكی هوشیارە.

# (لەیلا زانا ) وەك نیشانەیەك

ئیمە سەرەرای سیاسەتمەداران و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان، چاومان بە ژمارەیەکی زۆریش لە نوینەرانی ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نووسەران و سینەماکاران کەوت. بەلام دوور نیە ئەوەی لە هەمووان زیتر کاری لە ئیمە کرد (لەیلا زانا) بوو.

هەرچەندە پانزە سالی بەندیخانەی لەپیش بوو، کەچی باوەری بەراست و رەوایی مەسەلەی کورد، هەرگیز یەك تۆزقال لەق نەبووبو. بەوپەری ئازادیەوە باسی کیشەکانی دەکرد، بۆ یەك چاوتروکانیش گویی نەدەدایە ئەوەی ئەو قسانەی لەگەل یەکدی دەمانکردن لە ریگای وەرگیریکەوە کە ئیمە لەگەل خۆمان هینابوومان، بەبی هیچ گومانیکەوە هەمووی گویی لی رادەگیرا و لەسەر شریت تۆمار دەکرا. من هیندیك لەو قسانەی (لەیلا زانا) دینمەوە، کە لە بەردەم دادگا کردیانی لە رۆژی ٨ ی کانوونی یەکەم / دیسەمبەری سالی ١٩٩٤، لەو کاتەی پانزە سال حوکم کرا، چونکە لەوانەیە ئەم قسانە خۆیان هەلویستەکەیمان باشتر بۆ وەدیار دەخات.

" من و حەوت ئەندامی تری پەرلەمانی تورکیا ئەمرۆ مەترسی ئەوەمان هەیە حوکمی لە سیدارەدانمان بدریت ( ... ) ئەو تاوانەی کردومانە چیە کە حوکمیکی ئاوا توندمان پی رەوا ببینری لە لایەن دادگایەك کە دیکتاتۆری عەسکەری لە سالی ١٩٨٠ دایمەزراندووە ؟

ئیمە تەنها دەتوانین یەك شت بسەلمینین، ئەویش مەرگەساتی نەتەوەی کوردە لە تورکیا.

ماوەی ٧٠ سالە هەرەشە لە بوونی کورد دەکری، زمان و ناسنامە و کەلتوریان خراوەتە ژیر قەدەغە. کوشتنی پلانریژکراوی کەلتوری لەم سالانەی دواییدا لەوە دیارە، کە چەندەها ناوچە لە دانیشتوان چۆلکراون و ویرانکردن و تیکدانی گوندە کوردیەکان و دارستانەکان و کۆمەلگا ئاساییەکە هەموویان شایەدی ئەوەمان بۆ دەدەن. تەنانەت وەزیری مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا خۆی پیی لەوە ناوە، لەم دوو سالەی دواییدا، سوپا ١٣٩٠ گوندی کوردی راگویزاوە و ویرانی کردوون.

نزیکەی دوو ملیۆن کورد دوورخراونەتەوە و دە دوانزە شار چۆل کراون و پینج شەش ملیۆن کورد ناچار کراون بەرەو رۆژاوای تورکیا کۆچ بکەن، جا ئەمە چ بە تیرۆری دەولەت بی و چ لە ئەنجامی لە باریەکچوونی ئابووری بی، کە هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ یانزە سال شەر. (...)

قسەکردن بە ئازادی لە وولاتیك کە دەستووریکی دژ بە دیموکراتی هەبی و رژیمە دیکتاتۆریە عەسکەریەکان یاساکانیان دانابی، مەسەلەیەکی بە ترسە، تەنانەت بۆ ئەوانەی لە لایەن میللەتیشەوە هەلبژیردرابن. دەوریەکانی مەرگ زیتر لە ٢٠٠٠ کەسی کارا و چالاکی سیاسی و تیکۆشەرانی مافەکانی مرۆڤیان کوشتوە، بی ئەوەی ئەو کەسانە لەناو شەرەکاندا بووبن. لەوانە ٨٢ کەسی کارا لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی ئیمە و ٣٤ رۆژنامەنووس و بلاوکەرەوەی رۆژنامە. ئەوە نرخی ئەوەیە دەیدەن، کە روداو و بەسەرهاتەکانیان بەشیوەیەکی تر خستۆتە روو، لەوەی دەزگا رەسمی و عەسکەریەکان دەیکەن. ١٠٦ رۆژنامەنووس و ئەکادیمیك[٣٤] و نووسەر بە هەمان تاوان خراونەتە زیندان.

---

[٣٤] دەرچووانی زانکۆکان

پیاوەکەم، (مەهدی زانا) کە جاران بەریوەبەری شارەوانی[35] دیاربەکر بوو، کە گەورەترین شاری کوردستانە، ١٥ سالی لە زیندان بەسەر برد، هەر لەبەر ئەوەی بە ئازادی قسەی کرد، ئەوا ئیستاش جاریکی تر خراوەتەوە بەندیخانە تا چوار سالی تریش سزا بخوا، لەبەر ئەوەی لەبەردەم پەرلەمانی ئەورووپی شایەدی داوە.

من خۆم دوو جاران بە حالەحال لە کوشتن رزگارم بووە. من ئەوەتا لە ٥ی ئادار/ مارسەوە لە زیندانم، بە (تاوان)ی ئەوەی شایەدیم داوە لە بەردەم کۆمیتەی هیلسنکی سەر بە کۆنگریسی ئەمەریکی و ریکخراوی ئاشتی نیو دەولەتی "کارنیگیا" و بە (تاوان)ی ئەوەی لیدوانم داوە بە تەلەفزیۆنیکی ئەورووپی، تەنها یەك رستەی کوردیم بەکار هیناوە، لەو کاتەی پەرلەمانی کوردی ئاهەنگی دۆستایەتی کوردی _ تورکی دەگیرا. ( .... )

(تانسۆ چیلەر) ی سەرەك وەزیرانی تورکیا وای دەردەخا، کوردەکان میشکی حکومەتە ئەورووپیەکانیان شوشتۆتەوە. کاربەدەستان گومان لە ریکخراوەکان دەکەن کەوا لەژیرەوە بە نهینی تیرۆریست بن. تا گەیشتە ئەو رادەیەی تەنانەت (ئەمنستی ئینتەرناسیونال) یشیان قەدەغە کرد. دەسەلاتداران کەوتونەتە داوی نەتەوەپەرستیەکی بیئایندەی کاتبەسەرچوو، بوونەتە پارانۆید[36] لە رووی ( کوردە جودایيخوازەکان ).

ئیمەی ئەندامانی هەلبژیردراوی کورد، راست و دروست بوینەتە قۆچی قوربانی قەیرانە خەتەرناکە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و مەعنەویەکانی تورکیای نوی. ئەو شەرە بیمانایە بۆتە هۆی تیچوونی ژیانی زیتر لە ١٥٠٠٠ کەس و نزیکەی نیوەی بودجەی دەولەت هەلدەلوشی. ( ... ) من تەمەنم ٣٣ سالە. ئەوا ١٤ سالە من راودەنریم.

---

[35] بە سیستەمی رۆژاوایی دەکاتە سەرۆکی شارەکە

[36] پارانۆید ئەو کەسەیە تووشی پارانۆیا دەبی ، پارانۆیاش جۆرە شیتیەکی خەیالیە، کەسەکە لە خەیالدا خەلکی تر دەخاتە ژیر رکیف و دەسەلاتی خۆی و پیی وایە ئەوان لایەقی سزا و ئازارن.

من زۆرم لە هاوەڵەکانی خۆم بینی ئەشکەنجە دران و کوژران، چونکە دەیانویست بە ئاشتی و دیموکراتی شانبەشانی تورکەکان بژین. تاکە مەرجیك ئیمە هەمانبی ئەوەیە، ریزی ناسنامە و کەلتوری کورد بگرن. من دوو منال و میردیك و کۆمەلی دۆست و برادەرم هەیە. من ژیانم خۆش دەویت. بەلام خۆشەویستیم بەرامبەر گەلەکەم، کە لە پیناو وەدەسهینانی شکۆمەندی و ئازادیدا ئازار دەچیژی، مەزنترە. ژیان بە کۆیلەتی و سەرشۆری چ نرخ و بایەخیکی هەیە، لە کاتیکا ئەوەی تۆ بە بەرز و پیرۆزی دەزانیت، لە لایەن ئەوانی ترەوە بە چاوی سوك سەیر دەکری _ دیارە مەبەستم ناسنامەیە- من رازی نیم و ریگا بەخۆم نادەم لە ژیر لیپرسینەوەی تورك بچەمیمەوە".

(لەیلا زانا) لە کۆتایی ووتارە هەست بزوینەکەیدا گوتی ئیستا کاتی ئەوە هاتووە وولاتانی رۆژاوا چیتر بەو چاوە نەروانن تورکیا وەك تەنها ناوچەیەك کە بنکە سەربازی و ئامیرە ئەلکترۆنیەکانی دزەگویگرتنی لەسەر دامەزرینن. ئیرە وولاتیکی پر هەستی بەتین و ناتەباییەکی زۆرە، کە بۆی هەیە وەك ئیرانەکەی شا لە سنوور دەرچی و بگاتە رادەیەکی بی مانا و نابەجی.

ئیمە لیرەدا ئەم دەقە وەرگیراوەی ووتارەکەمان لە کتیبی (تورکیا، بەرژەوەندیە کۆنەکان _ گیروگرفتە نوییەکان) وەرگرتووە، کە لە نووسینی (ئەنەس جیریکۆ) یە و لە لایەن دەزگای سیاسەتی دەرەوە لە سالی ١٩٩٥ دەرچووە.

کە (لەیلا زانا) ئەم ووتارەی دا، نەیدەزانی بە ١٥ سال زیندانی (رزگاری) دەبی، بەلکو بە تەواوی ئامادە بوو ئەو نرخە بدا کە عەسکەرتاریەتی تورك بۆی دەخواست : سزای مەرگ. بەلام کە سزاکە بەو قورسیە نەبوو، دیارە بیگومان لەبەر ئەوەبوو، ژەنەرالەکان و دەسەلاتداران بە گشتی دەیانزانی وولاتانی رۆژاوا چۆن لە بەرامبەر ئەمەدا رەفتار دەکەن، چۆن تورکیا بۆ ماوەی چەند سالیك دوور رادەگرن و نایەلن ئەو ئاواتەی بیتە دی و ببیتە ئەندام لە دام و دەزگاکانیان، هەرچەندە هەندی وولاتیش پییان خۆشە کە تورکیا وەربگیری.

پێویستە ئەوە بلێین کەوا (لەیلا زانا) نەك هەر بە تەنها لەبەر ئەم ووتارەی لیرەدا وەرمان گرتووە، بەلکو بەرەوش و ئاکاری خۆی، بەر لە حوکمدانی و لە دوای حوکمدانەکەشی، دیارە چەند خودان باوەر و دلنیا و ریکوپیکە. لەگەل ئەوەی ئافرەتیکی نەرم و نیان و میهرەبانە، لە هەمان کاتدا سەرسەختە لە مەسەلەی راستی و رەوایی مەسەلەی کورد.

دیداری ئەم ئافرەتە باریکەلەیە، کە خاوەن کەسیتیەکی سیاسی ئاوایە، لە نیو ئەو بەندیخانەیەی پانزە سال حوکمی لە پیناو بیروباوەری خۆی تیدا بەسەر دەبا، خۆی لە خۆیدا ئەزموونیکی گەشبینییە.

جیگای سەرسورمان نیە ئەگەر زووتر لە زیندان ئازاد بکریت، چونکە حکومەتی ئەمرۆی تورکیا[٣٧] بە سەرۆکایەتی حیزبیکی ئیسلامیە. راستە ئەوان ناسیۆنالیزمی توندرۆن، بەلام بای ئەوە جورئەتیان تیایە و ئەو باکراوەندە میللییەشیان هەیە کە پیویستن بۆ دەرکردنی لیبوردنیکی خیرا بۆ (لەیلا زانا). دیارە لە ژیر حکومەتیکی وەك ئەوەی ئیستا دەرفەت زیترە.[٣٨]

بەلام پیویستە ئەوەش بووتری، لەو کاتەی (تورگوت ئوزال) دوا بە دوای کۆدیتاکەی ژەنەرال (کەنعان ئیڤەرن) سەرەکی وەزیران بوو، چەند هەولیکی غەیرە رەسمی لە ئارادا بوون بۆ ئارامکردنەوەی باری تورکی _ کوردی.

وا دەرخرا کەوا (ئوزال) کە خۆی پیاویکی ئابووریزان بوو و بەرپرسی ئابووری بوو، هەر یەکسەر لەدوای کۆدیتاکە توانی درك بەوە بکات کە تورکیا پیویستی بەوەیە بارەکە هیمن بکاتەوە، ئەگەر گۆرانکاریەکان هەلنەگەرینەوە. جگە لەمەش (ئوزال) موسلمانیکی بە باوەر بوو.

---

[٣٧] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبەدا.

[٣٨] دیارە ئەم خەونەی نووسەر نەهاتە دی، تا ئەو ماوەی ئیسلامیەکان لەسەر تەخت بوون.

ئازاد مەولود

# كۆبوونەوەكانی توركیا

بە بۆنەی نەورۆز، جەژنی سەری سالی كوردی، (ئوزال)، كە لەم ماوەیەدا پلەی بەرز ببۆوە و بووبو بە سەرەك كۆماری سەراپای وولات، واتا سەرۆكی دەولەت، لە مانگی نیسان/ ئەپریلی سالی ١٩٩١ پیشنیاری كرد كەوا كوردەكان پیویستە ریگایان پیبدری ئاهەنگی جەژنەكانی خۆیان بە شیوەیەكی ئاشتیانە بگیرن. هەروەها ئاشكرای كرد كەوا ئامادەیە لەگەل سەركردە كوردەكانی باكووری عیراق دابنیشی. ئەمە ریگای بۆ ئەوە خۆش كرد كە توركیا بە بریارەكانی *UN* رازی بیت سەبارەت بە پاراستنی باكووری عیراق لە ئاسمانەوە _ ئەو پرۆژەیەی بە *Operation Comfort* ناودیر كرا، تا ئیستاش هەر ئەو ناوەی لییە. پاشتر "تۆزال" لایەنگیری ئەوە بوو كەوا كوردەكان ریگایان هەبێ كتیب و گۆڤارەكانیان بە كوردی لە چاپ بدەن، ئەمەش لە راستیدا وەرچەرخانیكی سیاسی بوو. كەچی لە لایەكی ترەوە چاپەمەنی و بلاوكراوەكان هەر لەگەڵ دەرچوونیاندا، بە چەندەها بیانووی جیاجیا دەستیان بەسەردا دەگیرا.

(سۆسیالیزمی نیودەولەتی) ریكخراویكی هاریكاریە لە نیوان پارتە سۆسیالدیموكراتەكان و دیموكرات سۆسیالیزمەكان، لە دوادوایی ١٩٥٠ كانەوە دەستی بە چالاكی كردووە. راویژكاری كۆچكردووی ئەلمانیا (ڤیلی براندت) بۆ چەندین سال سەرۆكیكی سروشبەخش و چاپووكی ئەم ریكخراوە بوو. لە نیو ریكخراوەكەدا، كۆمیتەیەك بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست هەیە، كە تەمەنی یچی ئەوتۆ لە تەمەنی

ڕێکخراوەکـە خـۆی کـەمتر نیـە، یەکـەمین پـەیوەندی ڕاسـتەقینە لـە نیـوان ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکان لێرەوە دەستی پێ کردووە، بەلام بێ گومـان هەمیشـە لە دووری خەلکەوە.

ڕۆژێك لە ڕۆژانی بـەهاری سـالی ١٩٩٤ بـوو، کۆمیتەیـەکی بچووك پێکهێنرا تـا بـە ووردی خەریکی مەسەلەی کورد بێـت. سـەرۆکی ئـەم کۆمیتـە بچووکـە سـویدیەك بـوو، منیش تێیدا نوێنەری دانمارك بووم.

زۆر کـەسمان لـە خـەلکی تورکیـا و عـیراق بـۆ شـایەدی دان بـانگ کـرد و لـە زۆر شوێنان لە ئەوروپا لەگـەلیاندا و لەگـەل زۆر نوێنـەری پارتـە کوردیـە جۆراو جۆرەکان کۆبووینەوە.

یـەکێك لـە فراوانـترین کۆبوونـەوەکانمان لەگـەل ژمارەیـەکی زۆر لـە نوێنـەرە کوردەکان، لە ئوتێلێك بوو لە ئەنقەرە، کە لە بەیانی زووەوە دەستی پێکرد و تا ئێوارە بەردەوام بوو. بۆ زیتر دلنیایی و تا لە دواییدا بتوانری باسەکانی ناو کۆبوونەوەکە بـە ڕاسـت و دروسـتی بنووسـریتەوە، هـەمووی لەسـەر شـریت تۆمـار کـرا. ئێـوارە تەکنیکارەکان شریتەکەیان داینی، بینیمان کۆپیەکیان لێ داوە بە پۆلیسی تورکی. ئەوەی ڕاستی بێـت ئێمـە زۆر سـەرمان لـەم جۆرە تەفتیشکاریە سوورما، کـە بێگومـان هیچی بەسـەر دیموکراتیـەوە نیـە. هـەندێك لـە نوێنـەرانی سۆسـیالدیموکراتە میوانـەکان زۆر تووڕە بوون و تووڕە بوونەکەشیان نەشاردەوە. لەوانەی لە هەمووان زیتر شتەکەیان بـە هێمنی وەرگرت، کوردەکان بوون. یەکێکیان گوتی: ئێمە بەم شتانە ڕاهاتووین.

تـەکنیکارەکان ڕوونکردنەوەیـەکیان خستەڕوو، کـە لـەوەش هێمنیبەخشـتر بـوو، گوتیان:

بۆ چما ئەنگۆ نازانن پۆلیس لـە تورکیـا بـەدزی گوێ لـە هـەموو کۆبوونەوەیـەکی سیاسی دەگری ؟ هەروەها ئەگـەر خـەلکی دەرەوەی وەکو ئێوەی تێـدا بـێ، ئـەوا بـە دلنیاییەوە پۆلیس لەوێ ئامادەیە.

کۆمیتـە بچووکەکـەی تایبـەت بـە مەسـەلەی کورد بێگومـان لەسـەر کـاری خـۆی بەردەوام بوو، یەکێك لەو بابەتانـەی تاوتوومـان کـرد، توانـای دامـەزراندنی دەزگایـەکی راستەقینە بوو بۆ نێوانـی کـردن، تـاوەکو پێویست بـەوە نـەبێ تورکـەکان روو بـە روو لەگەڵ کوردەکان گفتوگۆ بکەن و (سۆسیالیزمی نێودەولـەتی) وەکـو پۆسـتەهەلگرێك کـار بکات، لەوانەیە چەند پێشنیاریکی تازە سروش ببەخشێتە هەردوو لایەن.

بـە هـەمان شـێوە بـیر لـەوە کرایـەوە گفتوگۆیـەك لـەنێوان کوردەکـان لـە بـاکووری عێراق و حکومەتی بەغدا بکرێتەوە.

لە سەرەتای سالی ١٩٩٥ سەرۆکە سویدیەکەی کۆمیتەکە دەستی کردە خستنەرووی مەسەلەی ئەوەی ئاخۆ تـا چ رادەیـەك لـە تواناداىـە، جـاری یەکـەم گفتوگۆیـەکی نـهێنی لەگەڵ سەرۆکی *PKK* (عبدالله ئۆجەلان) _ کە پێی دەلێن ئاپۆ _ ئەنجام بدرێ.

ئێمـە ئاسـایی دەمـانزانی پێشـنیارەکە هەسـتیارە، زۆر کـەس لـە دژی پـەیوەندی راستەوخۆ رادەوەستن. بەلام ئەگەر دەرفەت ببێ راستەوخۆ لەگەڵ سەرکردەی پێشمەرگەکان[٣٩] بکەوینـە گفتوگـۆ، ئـەوا هیـچ گومـان لـەوەدا نیـە کـە شـتێکی سوودبەخشە.

ئێمە لەم بۆنەیەدا باسی ئەوەمان کرد، کەوا (ئیسحاق رابین) ی سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل لەسەر هەق بوو کاتی گوتی:

لەگەڵ دوژمنی خۆی مرۆڤ دەبێ هەولی ئاشتی بدات.

بریارمـاندا لـە جیـاتی سـەراپای کۆمیتەکـە، شـاندێکی بچـووك بـەرەو رۆژهـەلاتی ناوەراسـت بـەری بکـەوێت. قـەوارەی شـاندەکە سـنوورێکی دیـاریکراوی هـەبوو، ئەمـەش دەگەرێتەوە بۆ ئـەوەی هـەندی کـەس لـە ئـەندامانی کۆمیتەکـە لەبـەر چـەند هۆیـەکی پرینسیپ ئامێز حەزیان نەدەکرد لەگەڵ سەرۆکی پێشمەرگەکان گفتوگۆ بکەن.

---

[٣٩] نووسەر زۆرجاری ئەم زاراوەیە دووبارە دەکاتەوە بێگومان لە هەموویاندا مەبەستی (عبدالله ئۆجەلان).

لە لایەن (ئۆجەلان) ەوە ڕاگەیانرا، کەوا زۆری پێخۆشە قسەمان لەگەڵدا بکات، ئیتر وەفدیکی گفتوگۆ بە سەرۆکایەتی نوینەری سوید پێکهات و نوینەری هەر یەکێك لەو سێ پارتە سۆسیالدیموکراتانە: فەرەنسی و نەمساوی و دانمارکی ئەندامی وەفدەکە بوون. من نوینەری پارتەکەی دانمارك بووم.

# گفتوگۆ لەگەل *PKK*

لە ناوەراستی مانگی شوبات/ فیبریوەر ئیمە بە سواری فرۆکە چوینە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا. لەو کات پەیمانمان دا ئەم نهینیە بپاریزین. ئیتر پیشوازییان لیکردین و شەوی یەکەم شوینی حەسانەوەیان لە مالیك لەو مالانە بۆ دانراین، کە پیی دەلین *safe house*. ئەو کەسانەی رۆمان و چیرۆکە سیخوریەکان دەخویننەوە ئەم زاراوەیەن زۆر بەرچاو دەکەوی.

رۆژی یەکەم (عبداللە ئۆجەلان) مان نەبینی، بەلام لە لایەن دوو ئافرەتی گەنجەوە خزمەت دەکراین. یەکیك لەو دووانە ئافرەتیکی زۆر هیمن و بە دیقەت و هۆشیار و بە جەخت و یەکجار چاپووك بوو، ویدەچوو هەم وەرگیر و هەم سکرتیری سەرۆکی پیشمەرگەکان بیت. رۆژی پاشتر (ئۆجەلان) هاتە مالەکە. هەر یەکسەر بەدەم نانوچای بەیانیەوە دەسکرا بە گۆرینەوەی بۆچوونەکان. زیدەرۆیی ناکەم ئەگەر بلیم ووتوویژەکان یەکجار کراوەبوون، ئەوەی بیگومان مەسەلەکانی سوك و ئاسانتر دەکرد ئەوە بوو، "ئاپۆ" زۆر ئاگاداری بارودۆخەکان بوو، نەك هەر بە تەنها لە وولاتانی ئیمە، بەلکو تەنانەت لە ناو سۆسیالیزمی نیو دەولەتیشدا. سەرۆکە سویدیەکەی وەفدەکەمان ئاشکرای کرد، لە کاتیکدا دەسەلاتدارانی تورك بریاریان داوە ئەو ئەندامە کوردانەی پەرلەمانی تورکی کە بەشیوەیەکی دیموکراتی هەلبژیردراون، بخەنە بەندیخانەوە، ئەوا ئیمە ئەو چوار ئەندامەی لقەکۆمیتەی

(سۆسیالیزمی نیودەوڵەتی) کە ئیستا لیرەین، بریارمان داوە، لە پیناو ئەوەی بتوانین بە شیوەیەکی ئۆبجەکتیف (مەوزوعیانە) باس لە کیشەکە بکەین، بەباشمان زانی لەگەل نوینەرە بەرپرسیارەکانی کوردەکان، لەوانەش *PKK* قسە بکەین.

ئیمە نەمانتوانی گفتوگۆی راستەقینە لەگەل سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردی لە تورکیا ئەنجام بدەین، لەو کاتەی تورکەکان ئەوانیان لە کونجی بەندیخانەکان قایم کردووە.

(ئۆجەلان) کە بە روخسار کەمیك بە (صدام حسین) دەچی، تەواو ئاشکرای کرد کەوا ئارەزووی لە دروستبوونی پەیوەندی تازەیە. وورده وورده لەگەل بەرەو پیشچوونی ووتوویژەکان، بۆچوون و بەلگەکانی خۆی بەدلنیاییەوە دەردەبرین.

ووتوویژەکان شەش سەعاتیان خایاند، ئیتر مرۆڤ دەتوانی هەلویستەکان لە کۆمەلیك خال کورتکاتەوە:

١. کیشەی نیوان کوردەکان و تورکەکان دەبی بە بۆچوونی دیموکراتیانە چارەسەر بکریت.

٢. پەرە سەندنی *PKK* دەگەریتەوە بۆ سالانی ١٩٧٠ ، بەلام خەباتی چەکداری بۆ جاری یەکەم لە سالی ١٩٨٤ دەستیپیکرد، لە دژی ئەوەی (ئۆجەلان) ناوی دەنی (داپلۆسین ).

٣. *PKK* و کوردەکان دەسدریژیکەر نین، بەلکو ئەوەی سەرکوت دەکریت *PKK* یە. ئەوانەی مافە دیموکراتیەکانیان زەوت کردووە، تورکەکانن.

٤. *PKK* دەخوازی کۆتایی بە شەری ناوخۆ بینی و پشتگیری راگەیاندنیکی هاوبەشی شەر راگرتن دەکات.

٥. مرۆڤ دەتوانی گفتوگۆیەك دەست پیبکات ئامانجی دامەزراندنی فیدرالیەت بی لە نیو سنووری تورکیادا، مافی کوردەکان دابین بکات.

٦. *PKK* هەر لەوەپیش لە ریگای حکومەتی سویسرا و خاچی سووری نیودەولەتی رایگەیاندووە، پەیرەوی پەیماننامەی (جنیڤ) ی ئاب/ ئۆگۆستی سالی ١٩٤٩ دەكات.

٧. *PKK* لە دژی توند و تیژییە لە ئەوروپا، دەخوازی خەریکی چالاکی سیاسی و کەلتوری بیت.

ئیمە داوامان لە (ئۆجەلان) کرد ئەم خالانە لە نامەیەکدا بنووسیتەوە، لە پیشدا خۆی و دواتریش ئیمە بتوانین بلاوی کەینەوە، ماوەیەکی دیاریکراویش بۆ تەواو کردنی نامەکە دابنری، تاوەکو دەقاودەق لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی دوواتری کۆمیتەکە کە لە (ڤیەننا) دەبەستری، بگاتە دەستمان.

لە میانی تاووتو کردنەکانی تردا، (ئۆجەلان) پیشبینی ئەوەی کرد کەوا تورکیا لە بەهاردا هیرش دەكات، پیشبینیەکەشی تەواو راست دەرچوو.

هەروەها (ئۆجەلان) گۆرانکاریەکانی باکووری عیراقی، کە کوردەکان تیایدا بە رەسمی، بەلام بە شیوەیەکی کاتی حوکمی زاتیان هەیە، بە کارەسات دادەنا. جگە لەوەش رای وابوو لەوانەیە لە توانادا بیت کۆمیسیۆنیکی نیودەولەتی دابنریت بۆ ئەوەی لە باری کوردەکان بکۆلیتەوە لە سەرانسەری رۆژهەلاتی ناوەراست. ئەم کارە دەتوانری بە گۆنگرەیەك کۆتایی پی بهینریت بە بەشداری *UN* و *EU* و (ئەنجوومەنی ئەوروپی) و (سۆسیالیزمی نیودەولەتی) ، بیگومان لەگەل بەشداری ئەو لایەنانەی راستەوخۆ لە کیشەکەدان.

بەلای ئیمەوە زۆر گرنگ بوو (ئۆجەلان) ئەوە بزانی، کە چەندی *PKK* کاری تیرۆر ئەنجام بدات، دەبی ئەوەندەش چاوەروانی تیرۆری دەولەتی تورکی بکات. جگە لەوەش ئیمە گوتمان راگرتنی دەسبەجیی کارە تیرۆریەکانی کورد لە ئەوروپا، بۆ نموونە لە ئەلمانیا کە لە هەموو وولاتانی تر زیتر بەری کەوتووە، پیداویستیەکی زۆر گرنگە، بۆ

ئەوەی مەسەلەی کورد دۆستایەتی و هاوخەمایەتی لەدەست نەدا، ئەو هەلە سیاسیانەی تا ئیستا هەن بۆ هینانەدی بارودۆخیکی گفتوگۆ بەتەواوی بزر نەبن.

کە بیر لە گفتوگۆ فراوانەکەمان دەکەمەوە، (ئۆجەلان) یکەم دیتەوە بیر کە لە سەرەتادا ئامادە نەبوو شتیك بە نووسراوی بدات بەدەستەوە. بەلام وورده وورده هاتە سەر ئەو باوەرەی، ئەگەر بیتو ئەو خالانەی سەرەوە لە نامەیەکدا دەربری، لەوانەیە ئەو نامەیە ببیتە تاکە دەرفەتیك بۆ گۆرانکاریەك کە لەسەرەتادا زۆر بە هیمنی دەست پیدەکات. بەهەرحال من وام بینی.

من دەزانم تورکی ئەوتۆ هەنە، رایان وایە من تەواو بە هەلە رۆیشتووم. بەلام من خۆم لەو رایەدا نیم. پیش ئەوەی ئیمە دیمەشق بەجی بیلین (ئیمە دوای گفتوگۆکان، گواستمانەوە ئوتیل).

(ئۆجەلان) نامەیەکی نووسی. ئیمە نامەکەمان لەگەل خۆمان هینا، بەلام هیچی لی بە ئەنجام نەهات. هۆی یەکەمی ئەو بیئەنجامیەش ئەوەبوو کە بلاوکرنەوەی نامەکە کاتیکی زۆری خایاند، لەوانەیە لەبەر ئەوەبیت، بەرەنگاریەك لە دژی بۆچوونەکانی (ئۆجەلان) لە ناوخۆیاندا هەبووبیت. هۆی دووەمیش ئەوە بوو، تورکەکان نەیانویست نامەکە بخویننەوە. نامەکە خالی ئەوتۆی تیابوو کە تورکەکان هەمیشە لە هەموو دەمیك وایان دەرخستووە ئەو بابەتانەی ئەم خالانە باسی لیوە دەکەن لە نیو دانیشتوانە کوردەکان هەر بوونیان نیە. سەرەرای ئەمانەش نامەکە هیچ داواکاریەکی تیدا نەبوو سەبارەت بە دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی لە نیو سنوورەکانی تورکیادا، کەچی تورکەکان هەمیشە وای دەردەخەن گوایە ئەمە بەردەوام داواکاری کوردەکانە.

هۆی سییەم کە نکولی لیناکری ئەوەبوو، حکومەتە رۆژاواییەکان مەبەستیان نەبوو نامەکە بەرادەی پیویست بە هەند هەلگرن، چونکە لە ریگای شاندەکەی ئیمەوە

هاتبووە کایەوە. ئەگەر ئەم شتە راست بێ، ئەوا هەڵەیەکی تراژیدیانەیان لە هەڵسەنگاندنەکەیاندا کردووە.

کە کۆمیتە – *NGO* بچووکە دانمارکیەکەمان دوو مانگان پاشتر گەیشتنە ئەنقەرە لەگەڵ وەزیری دەرەوە (ئەردال ئینونو) کۆبووینەوە.

باوکی (ئینونو) یەکێك بوو لە دۆست و هاوکارە هەرە نزیکەکانی (کەمال ئەتاتورك) و لەدوای (ئەتاتورك) یەکەمین سەرەك کۆماری تورکیا بوو. لە هەمان کاتدا سەرۆك و سکرتێری گشتی (پارتی کۆماری )بوو، کە خۆی بە پارتێکی سۆسیالدیموکرات دادەنا، لەدوای چەندین بەشبەشانێ و ناتەبایی، ئەوەتا ئەمڕۆش لە (سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی) ئەندامن. (ئینونو) ی پیرەمێرد لە کاتی خۆیدا بەدەستی (ئەجەوید) رووخێندرا.

(ئەجەوید) چەند ساڵێ دواتر سۆسیالدیموکراتەکانی بەجێهێشت، چونکە بە بۆچوونی ئەو، بەڕادەی پێویست سۆسیالدیموکرات وچالاك و کاریگەر نەبوون، پارتێکی نوێی بۆ خۆی دامەزراند بە ناوی (پارتی چەپی دیموکراتی).

(ئەردال ئینونو) بوە سەرۆکی سۆسیالدیموکراتەکان، هەر بۆیەش کورسی وەزیری دەرەوەی لە حکومەتی فرەحیزبی بەرکەوت.

(ئەردال ئینونو) پیاوێکی بەتەمەنی زۆر رووخۆش و بە لوتف و بەڕێز و ریکوپێکی ئەوتۆیە، هەردەم ئامادەیە گوێ شل بکات، تەنانەت بە تایبەتی بۆ ئەو دانمارکیانەی رایان وایە، کە پێویستە مافی کوردەکان رەچاو بکرێت.

بەڵام بە هیچ جۆرێك نەیویست نامەکەی (ئۆجەلان) بە شێوەیەکی رەسمی بخوێنێتەوە، کە لەسەردانەکەی دیمەشق لە رێگای ئێمەوە هاتبووە کایەوە. تەنانەت رازی نەبوو کۆپیەکیش لە نامەکە وەرگرێ، کە من لەگەڵ خۆم هێنابوومە تورکیا.

هیچ گومان لەوە نەبوو، لە رێگای ترەوە ئاگاداری ناوەڕۆکی نامەکە بوو.. بەڵام نامەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ داڕێژرابوو پشت گوێی خستنی ئاسان نەبوو.

لە کاتی گفتوگۆکاندا (ڤیللۆ سیگوەردسن) بە گوییدا چرپاندم لەدوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکەمان و لەوکاتەی ژوورەکەی وەزیری دەرەوە بەجی دیلین، من نامەکە لەسەر میزەکە بەجی بیلم وەك ئەوەی لەبیرم کردبی. ئیتر منیش وام کرد. بەلام لەو کاتەی ئیمە خەریك بووین لە بینا تازەکەی وەزارەتی دەرەوە، کە دەکەویتە دەوروبەری شاری ئەنقەرە، بچینە دەرەوە، فەرمانبەریك بەپەلە هات و نامەکەی بەدەستەوە بوو و بە ئینگلیزی بانگی دەکرد:

*Mr. Budtz… Mr.Budtz..* تیبینیەکانت لەبیر کرد.

ئەگەر هەلویستی تورك بەم جۆرە بیت، بیگومان دیارە دریژکردنی دەستی یارمەتی ئاسان نیە لە پیناو خولقاندنی ئەو پەیوەندیانەی زۆر پیویستن بۆ ئەوەی ئاشتی بۆ توركیا بیتەدی و کوردەکانیش مافەکانی خۆیان وەرگرن.

ئەمەریکیەکان بە نوینەریکی زۆرتر و کاریگەریەکی زۆر فراوانتر هەول دەدەن، بەلام ئەوان ئیستا تەنها خۆیان بەوە خەریك کردووە، ئاشتی لە نیوان هەردوو پارتی کوردی عیراق *PUK* و *KDP* بەرپا بکەن، هەلومەرجیکی لەبارتر لە نیوان ئەم پارتانە و توركیا بیننە ئاراوە.

*PKK* بە ئەنقەست دوور راگیراوە. تورکەکان تا ئیستا نایانەوی گفتوگۆ لەگەل *PKK* بکەن، ئەگەر هەر پەیوەندیەکی نهینی غەیرە رەسمیش کرابی، کە بیگومان دەبی بە نیوانیکردنی ئەمەریکیەکان بی، ئەوا گفتوگۆکان و ئەنجامەکانی (ئەگەر ئەنجامیان هەبووبی) تا ئیستا لەو پەری نهینیدا هەلگیراون.

# گفتوگۆ چارەسەرە

درەنگـــە وەختیـــك، رۆژی پیـــش جـــەژنی کریســـمس، ٢٤ی کـــانوونی یەکـــەم/ دیســـەمبەری ســـالی ١٩٩٦، دەزگـــا راگەیاندنـــە نیـــو دەولەتیـــەکان بلاویـــان کـردەوە کـەوا سـەرۆکی *PKK* (عبداللـە ئۆجـەلان) داوایـەکی ئاراسـتەی تورکـەکان کردووە بـۆ کۆتـایی بەشـەر هینـان و دەسـپیکردنی گفتوگۆ. (ئۆجەلان) گوتـی، ئیسـتا کـاتی چارەســەریکی ئاشــتیانەیە. وا دیــارە تورکــەکان ئــەم داواکاریــەیان بــە نیشـانەی بیـهیزی لەقەلـەم دا، سـەرەرای هـەندیش دوور نیـە ئەمـە بـە نیشـانەی ئـەوە تیگەیشتبن کـەوا تورکیا خەریکە لـە شـەری سـەربازیدا سـەرکەوتن وە دەسـت دینـی. بـە هـەرحال داواکاریەکـەی (ئۆجـەلان) هیـچ کاردانەوەیـەکی رەسمـی لی نەهاتە ئەنجام.

ئەو تەقە راگرتنـە یەکلاییـە و ئـەو هـەول و تەقەلایـەی لـە پینـاو ریککەوتنیکی ئاشتیانە کە *PKK* لـە سـالی ١٩٩٥ خستنیە روو، بـە تـەواوی لەلایـەن تورکیـاوە خـۆی لی لە گیلی درا. بەلام (ئۆجەلان) وای بۆ دەچی، کەوا سەرەنجام زەحمەت دەبـی تورکـەکان بتوانـن روو لـەو پیشنیارانە وەرگیرن کـە ئـەو دەیانخاتـە روو. لەوانەیـە ئـەو شـتیك بزانـی کـە ئیمـە نـایزانین، بۆیـەش ئـەو دەسپیشـخەریەکی تـازەی کـرد. بـەلام شـتیکی خەتەرناکە، ئەگەر بیتو وا بزانـری ئـەوەی ئـەو دەیکا لـە بیهیزییـەتی، چونکە ئەمـە دەبیتە کەمنرخاندنی هەلویست و هیزی کوردەکان. زۆربەی کوردەکان خەو و خولیا و

ئاواتی ئـەوەندە مـەزنیان هەیـە کـە دەسـتیان نایانگـاتی، بـەلام کوردەکـان گـەلیکی ئاشتیخوازن. لە هەمان کاتدا بەیەکەوە هیزیکی یەکجار مەزن پیك دینن.

دەتوانن لەمرۆوە تا چەندین سالی تر لە شەرکردندا بەردەوام بـن. شـەر لـە لایـان تـا رادەیـەك بۆتـە شـتیکی رۆژانـە. بـەلام لـە هـەمان کـاتدا شـەر دەبیتـە هـۆی تیکدانـی ئابووری تورکیا و لەناوبردنی قەدر و قیمەتی وولاتەکە.

پیویستە کۆمەلگای نیودەولـەتی ئـەوە وەبـیر ژەنـەرال و سیاسـەتمەدارە تورکـەکان بینیتەوە، مرۆڤ لەگەل دوژمنی خۆی هەولی ئاشتی دەدات.

لـە مـانگی تشـرینی دووەم/ نۆڤەمبـەری سـالی ١٩٩٦، (عبداللـە ئۆجـەلان) لیکدانەوەیـەکی سیاسی دوورودریـژی لەمـەر بارودۆخەکە نووسی، وەکو ئـەوەی خـۆی دەیبینی. لیرەدا باسی ئەوەی کردووە *PKK* بە تەواوی لـە خـۆ ئامادەکردن بۆتـەوە بـۆ هیرش بردنی پاشتر، تورکەکان ئاگادار دەکاتەوە کەوا *PKK* ئامادەیە هەر کەرەستەیەکی لەبەر دەستی بـێ، بـە کـاری بینیـت، بـەڵام لـە هـەمان کـاتدا دەنووسـی، کـە ئیمـە حـەز دەکەین حکومەت کراوە بیت، لە رووی گفتوگۆیەکی سیاسی و دیموکراتیدا. (..)

دەبـی دان بـە ناسنامەی رەوای گـەلی ئیمـە بـنری. مافـە سیاسـی و دیموکراتـی و کەلتوریەکانی دەبی دابین بکرین. سەربەستی دەربریـن و کۆبوونـەوە و ریکخـراو دانـان دەبـی بـە دەسـتوور مسـۆگەر بکـری، دامودەزگـای لیـهاتووی تـازە بـۆ ناوچـە خودموختاریـەکان دابمـەزری. ئەمـە تاقـە ریگایـە بـەرەو پیشـەوەمان دەبـا، بـۆ چارەسەرکردن لە نیو سنوورەکانی ئیستای تورکیادا.

پیناچی ئەمانە شتی نابەجی بن. لـە راسـتیدا ئـەم ئامانجانـە ئاشـکرا لەگـەل ئـەو مافانەی مرۆڤ یەکدەگرنەوە، کە ئیمە چەندەها سالە بـۆ نموونـە لـە دانمـارك ریزمـان گرتوون.